# وەقایعی کوردستان

رۆژنامەی رەسمی هەرێمی کوردستانە - وەزارەتی داد دەری دەکات

ژمارە (٢٥٨)ساڵی بیستەم ٢٢/ تشرینی یەکەم/٢٠٢٠/ زاینیی ٣٠/ رەزبەر/ ٢٧٢٠/ کوردی ٥/ ربیعی یەکەم/١٤٤٢ کۆچی

258


لەم ژمارەیەدا :


**رێنمایی گومرگی ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٢٠** — ل١

رێنمایی گشتی گومرگی هەرێمی کوردستان

**رێنمایی ژمارە (٢١)ی ساڵی ٢٠٢٠ وەزارەتی دارایی وئابووری** — ل٥٢

تایبەت بە شێواز و رێکاری مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو مەڕ وماڵاتەی

کە بەشێوەی نا یاسایی هاووردەی هەرێم دەکرێن

**رێنمایی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٠ وەزارەتی ناوخۆ** — ل٥٤

رێنمایی هاوردەکردنی ئۆتۆمبێل



ناونیشان: هەولێر - چوار ڕیانی فرنسۆ میتران باڵەخانەی وەزارەتی داد.

☎:(٢٢٤٥٥٠٨-٢٢٤٥٥٠٧-٢٦٤٨٩٨٩-٢٢٤٥٥١٤)

نرخی (١٥٠٠) دینارە

http//: www.moj.gov.krd

dad@moj.gov.krd

# وقائع كوردستان

الجريدة الرسمية لأقليم كوردستان - تصدر من قبل وزارة العدل

العدد (٢٥٨) السنة العشرون ٢٢/ تشرين الأول / ٢٠٢٠ ميلادي ٣٠/ رەزبەر/ ٢٧٢٠/كوردي ٥/ ربيع الاول /١٤٤٢ هجري

258

في هذا العدد:

فهرست المواضيع باللغة الكوردية فقط

تعليمات كمركى رقم(٧)لسنة ٢٠٢٠ وزارة المالية و الاقتصاد ص ١

تعليمات رقم(٢١)لسنة ٢٠٢٠ وزارة المالية و الاقتصاد ص ٥٢

تعليمات رقم(٤)لسنة ٢٠٢٠ وزارة الداخلية ص ٥٤

No. 258 Date: October, 22 , 2020 Vol.: 20

The Weekly Formal Newspaper of Kurdistan Region, Publishing by Ministry of Justice

چاپخانەی شەهاب هەولێر

العنوان : اربيل- تقاطع فرنسو ميتران - بناية وزارة العدل

☎ :(٢٢٤٥٥١٤-٢٢٤٥٥٠٧-٢٢٤٥٥٠٧-٢٦٤٨٩٨٩-٢٢٤٥٥٠٨)

http//: www.moj.gov.krd

dad@moj.gov.krd

سعر (١٥٠٠) دينار

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**

**ژمارە : ١٠٩٣٤ لە ٢٠٢٠/١٠/١٣**

پاڵپشت بەمادەدەی هەشتەم لە یاسای پێناسەی گومرگی هەرێمی کوردستان ژمارە (٢١)ی ساڵی ١٩٩٣، ماددەی دەیەم لە یاسای پێناسەی گومرگی سیستەمی هەماهەنگی جیهانی ژمارە (٢٢) ساڵی ٢٠١٠ی هەموارکراو، ماددەی ٢٧٠/ سێیەم لە یاسای گومرگی ژمارە (٢٣)ی ساڵی ١٩٨٤ی هەموارکراو، بڕیاری ئەنجومەنی وەزیرانی عیراقی فیدراڵ ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠١٩، بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە و لە پێناوی ئاسانکاری بۆ کاروباری گومرگی بڕیارماندا بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییە کە لە (١٢) دوانزە بەش پێکهاتووە :-

## ڕێنمایی ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٢٠
## ڕێنمایی گشتی گومرگی هەرێمی کوردستان

### بەشی یەکەم
### ڕێسای گشتی

١- هەموو کاڵاو بابەتەکان لە کاتی هاووردەکردنیان بۆ ناو هەرێم بەو ڕێژەو بەهایانەی ناو خشتەی پێناسەی گومرگی ڕەسمی گومرگیان لێ وەردەگیرێت ، هەر کاڵاو بابەتێک لە ناو پێناسەی گومرگیدا نەبوو بە پشت بەستن بە ماددەی ( ٣٤) لە یاسای گومرگی ژمارە ( ٢٣)ی ساڵی١٩٨٤ ی هەموارکراو دەبێت لە لایەن لیژنەیەکەوە بەهاکەی دیاری بکرێت و بۆ چەسپاندنی و زیاد کردنی لەناو پێناسەی گومرگی بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگ لێ ئاگادار بکرێتەوە.

٢- هەموو کاڵاو کەل وپەلێك کە هاوردەو هەنارده دەکرێت پێویستە لە لایەن بازرگان یان خاوەن بار یان دەرهێنەری گومرگی ڕاگەیاندنی گومرگی (التصریحة الکمرکیة) پێشکەش بە گومرگ بکات و بڕ وجۆر و خەسڵەتەکانی کاڵاکەی بە تەواوی و بە ووردی تێدا دیاری بکات .

٣- هەموو کاڵاو کەل وپەلێك لە کاتی هەناردەکردنیان بەم شێوەیەی خوارەوە هەڵسوکەوتی لە گەڵدا دەکرێت:

أ- ڕێژەی (١٪) ڕەسمی گومرگی لە بەهای ناو خشتەی پێناسەی گومرگی وەربگیرێت بۆ ئەو کاڵاو کەل و پەلانەی کە سەرەتای هاوردەکردنی گومرگەکانی هەرێمیان هەیە .

ب- ڕێژەی (١٪) ڕەسمی گومرگی لە بەهای ناو خشتەی پێناسەی گومرگی وەربگیرێت بۆ ئەو کاڵاو کەل و پەلانەی کە سەرەتای هاوردەکردنی گومرگەکانی عیراقیان هەیە ( بە مەرجێک بەپێی پێناسەی گومرگی یەکگرتوو ڕەسمی گومرگی وەرگیرابوو) ، بە پێچەوانەوە وەک خاڵی ( ج) گومرگ بکرێت.

ج- ڕێژەی (٥٪) ڕەسمی گومرگی لە بەهای ناو خشتەی پێناسەی گومرگی وەربگیرێت بۆ ئەو کاڵاو کەل و پەلانەی کە سەرەتای هاوردەکردنیان نیە.

د- پێویستە سەرەتاکان ڕەسەن بێت و ئاماژە بە بڕ و جۆر و ژمارە و کێش و قەبارە و ووردەکاریەکانی بابەتەکان درابێت .

هـ- ئەو رێژانەی سەرەوە ئەو کاڵا و کانزاو بابەتانە ناگرێتەوە کە لە خشتەی بەشی دوانزەهەمی ئەم رێنماییەدا هاتووە .

٤- کاربکرێت بە سەرەتا و بەڵگەکانی هاوردەکردن بۆ کـاڵا و کەل و پەل لە بـابەتی( پسـوولەی (٣٧أ)، فـۆرمی وەرگرتنی ڕەسمی گومرگی منافێست و سەرەتاکانی گومرگەکانی هەرێم وعێراق، ) بۆ ماوەی (١) یەك ساڵ بەمەبەستی هەناردەکردن دوای ئەو ماوەیە بەرێژەی (٥٪) ڕەسمی گومرگیان لێ وەردەگیرێت لەبەهای ناو خشتەی پێناسەی گومرگی جگە لەو کانزا و بابەتانەی کە لە بەشی دوانزەهەمی ئەم رێنماییەدا هاتوون.

٥- ئەو کەل و پەلانەی کە لەکـاتی هـاوردەکردن بە یاسـا بەخشـراون ،پێویسـتە لەکـاتی هەناردەکردنیـان رەسمی گومرگیان لێ وەربگیرێت بەو رێـژەو بەهایـانەی لە نـاو خشـتەی پێناسـەی گـومرگی دیـاری کـراوە (رەسمی هاوردەکردن) و باجی هاوردەکردن + رێـژەی (١٪) رەسـمی گـومرگی ( رەسـمی هەنـاردەکردن ) و باجی هەناردەکردن.

٦- ئەو کاڵاو کەل و پەلانەی کە سەرەتای چوونە دەرەوەیان هەیەو دەگوازرێنەوە لە بنکەیەکی سنووریەوە بۆ بنکەیەکی سنووری تر لە ماوەی ( ٩٠ ) ڕۆژدا تەنها کرێی پشکنینیان لێ وەردەگیرێت، دوای ئەو ماوەیەو بۆ ماوەی ساڵێک بە ڕێژەی ( ١٪ ) ڕەسـمی گـومرگی لـێ وەردەگیرێـت، دوای ئەو مـاوەیەو دوای تێپەڕبـوونی سـاڵێک یـان ئەگەر سـەرەتای نەمـابوو بە ڕێـژەی ( ٥٪ ) لە بەهـای نـاو پێناسـە ڕەسـمی گـومرگی لـێ وەردەگیرێت.

٧- ئەگەر لەهەر بەرێوەبەرایەتیەکی گومرگی و بە مەبەستی هەناردەکردن بارێك کاری گومرگی بۆ ئەنجام درا ، لەو بەڕێوەبەرایەتیەی کە دوا خاڵی سنووری هەیەو بارەکەی لێوە هەنارده دەکرێت، دوای پشـکنین تەنهـا کرێی پشکنین و بەهای فۆرم و پوولی دارایی لێ وەردەگیرێت.

٨- هەموو بەرهەمێکی پیشەسازی و کشـتوکاڵی و ڤێتێـنەری کارگەکـانی نـاوخۆی هەرێـم لە کـاتی هەنـاردە کردن تەنها کرێی پشکنین و بەهای فۆڕم و پوولی داراییان لێ وەردەگیرێت و پێویستە مۆڵەتی هەنـاردەی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازیان هەبێت و هێما و لۆگۆی کارگەکەی لە سەر بێت .

٩- بابەتەکانی (کاغەز و کارتۆنی کۆنە ، لاستیکی کۆنە ، شوشەی شکاو، پلاستیک و عەلاگەی کۆنە، ..هتـد) کە کـۆکراوەی نـاو شـارەکانن پێویسـتیان بە مـۆڵەتی هەنـاردەی بازرگـانی نـیە، هەروەهـا ئەو کاڵایـانەی کە لە دەروازە و بنکە گومرگیەکان هاوورده دەکرێن و کاری گومرگیان لە یەك کاتدا بـۆ ئەنجـام دەدرێـت و دواتـر ڕاستەوخۆ لە ژێر چاودێری گومرگ و لە سنوورێکی تر هەناردەی هەمان وولات دەکرێنەوە پێویستییان بە مۆڵەتی هەناردەی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی نیە .

١٠- هەر ئامێر و کاڵا و کەل و پەلێك (جگە لە ئۆتۆمبێل و ئامێری بیناسازی ) کە لەکەداربوو (معیـوب) یـان بە هەر هـۆیەکی تـر ،ئەگەر خـاوەنەکەی ویسـتی بیگەڕێنێـتەوە بە مەبەسـتی چـاککردن ڕێگـای پـێ بـدرێت بیگەرێنێتەوە بۆ شوێنی لێهاتوو بە مەرجێك هەمان بابەت و کەلوپەل بێت، بۆ ئەم مەبەسـتە پێویسـتە بە ڕەزامەنـدی بەرێـوەبەری گـومرگی پەیوەندیـدار (بـارمتە/ تأمینـات)ی لـێ وەربگیرێـت بە بـڕی رەسـمی گومرگی و أجـورو بـاج بـۆ مـاوەیەکی دیـاری کـراوو ئەگەر نەیگەڕانـدەوە (بـارمتەکە/ تأمینـاتەکە) بکرێتە داهاتی کۆتایی.

١١- ئەو ئامێرانەی کە بۆ دامەزراندنی کارگە بە ڕەزامەندی وەزارەتی پیشەسازی دێنە ناو هەرێم و دەرکەوت لەکەدارن( معیوب)، یان پێویست نین لەکاتی گەڕانەوەی پێویستی بە ڕەزامەندی وەزارەتی ناوبراو هەیە .

١٢- هەموو ئەو ڕێنماییانەی کە لە وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان دەردەچن و پەیوەندیان بەلایەنی گومرگیەوە هەیە ، پێویستە دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی وەزارەتی دارایی و ئابووری و دوای گشتاندنی لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگ لەسەرجەم گومرگ و دەروازەکان جێبەجێ بکرێت .

١٣- هەناردە کردنی بوتڵی ئۆکسجین و هەر جۆرە بوتڵێکی تری هاوشێوە بۆ دەرەوە پێویستی بە مەنەفێست و سەرەتای هاوردەکردن هەیە کە بیسەلمێنێت لە دەرەوە هاتووە.

١٤- هەموو ئەو کاڵاو بابەتانەی کە پێوەرەکانیان بەکێش دیاری کراوە بەکێشی گشتی (الوزن القائم) گومرگ دەکرێت ، لە کاتی هەبوونی جیاوازی گەورە لە کێشی گشتی کاڵاکە لە گەڵ (کێشی صافی ) لە لایەن گومرگی پەیوەندیدارەوە یەکلایی دەکرێتەوە . ئەو کەل و پەلانەی لە ڕێگای فرۆکەخانە دێنە ناو هەرێم و کێشی بابەتەکان سوکن بەڵام بە پارێزەرو بەرگی گەورە پێچراون لەلایەن لیژنەیەکەوە لە بەرێوەبەرایەتی گومرگی فرۆکەخانەی ناوبراو کێشەکەی بگەرێندریتەوە بۆ سەر کێشی دروستی بابەتەکان.

١٥- بۆ کار پێ کردن بەگلدانەوەی هێمای بازرگانی (حجز العلامة التجارية) پێویستە:

أ- بازرگان ڕەزامەندی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی حکومەتی هەرێمی کوردستانی هەبێت و ئەو هێمایانەی کە لە وەزارەتی بازرگانی حکومەتی عێراقی تۆمار کراون پێویستە لە لایەن وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی هەرێم ڕەزامەندی و پەسندکردنی بۆ بکرێت پاشان جێبەجێ بکرێت و کاری پێ بکرێت.

ب - ئەو هێمایانەی کە لە لایەن وەزارەتی بازرگانی هەرێم تۆمارنەکراون ، بازرگانان و کۆمپانیاکان ئازادن کە بازرگانی پێوە بکەن.

ج - ئەو هێمایانەی کە تۆمارکراون لەلایەن وەزارەتی بازرگانی هەرێم و لەکاتی هاوردەکردنیان لەلایەن بازرگان و کۆمپانیاکان کە ڕەزامەندی هێنانیان نیە و بەناوی ئەوانەوە تۆمار نەکراون، پێویستە لە هەمان شوێنی لێهاتوو ڕەوانەی دەرەوە بکرێنەوە دوای وەرگرتنی بەلێن نامە، کە جارێکی تر ئەو هێمایانە هاوردە نەکاتەوە بۆ ناو هەرێم.

١٦- ڕێگا نادرێت بە بردنە دەرەوەی بەشە خۆراکی هاووڵاتیان (حصە التموينيه) کە لەلایەن وەزارەتی بازرگانیەوە دابەش دەکرێت و ، لەکاتی هەناردەکردنی بابەتەکانی هاوشێوەی بەشە خۆراك پێویستە سەرەتای هاوردەکردن و و ڕەزامەندی لایەنی بازرگانی هەبێت.

١٧- بۆ ئاڵوگۆڕی دۆلار بە دینار، هەر دۆلارێك بەرامبەر بەو نرخە دەبێت کە مانگانە لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگەوە گشتاندنی بۆ دەکرێت بە هەماهەنگی لە گەڵ بانکی ناوەندی.

١٨- هەر کۆمپانیایەک یان بازرگانێك مۆڵەتی هاوردە یان هەناردەی بازرگانی نەبێت ، بە ڕێژەی (٢٥٪) لە ڕەسمی گومرگی زیادەی لێ وەردەگیرێت، ئەم حاڵەتە سووتەمەنی جۆری (بەنزین، نەوت، گازوایل) ناگرێتەوە.

١٩- لەکاتی تەواو بوونی بڕی مۆڵەتی هاوردن و هەناردن ( بە مەرجێک بەروارەکەی بەسەرنەچوو بێت)، بەڕێوەبەرایەتیەکانی گومرگ دەسەڵاتیان هەیە تاکو ڕێژەی (٢٥٪) لە بڕی مۆڵەتی هاوردن یان هەناردن بۆ سەرجەم کەل و پەل و کاڵاکان زیاد بکرێت تاکو بازرگان مۆڵەتی هاووردنەکە یان هەناردنەکە نوێ دەکاتەوە، دواتر ئەو بڕە لە ڕەسیدی مۆڵەتە نوێیەکە دادەگیرێت ، ئەم کارە تەنها بۆ یەك جار و یەك مۆڵەت و بۆ ماوەی یەك مانگ ئەنجام دەدرێت و پێویستە بەڵێن نامە وەربگیرێت , لە کاتی پابەند نەبوون و نەهێنانی ڕەسیدی نوێ پێویستە بە ڕێژەی (٢٥٪) لە ڕەسمی گومرگی بۆ ئەو بڕەی کە پێشتر لە مۆڵەتەکەی زیادکراوە زیادەی ڕەسمی گومرگی لێ وەردەگیرێت .

٢٠- هەر کاڵاو بابەتێک کە پشکنینیان بۆ دەکرێت ( بە تایبەت خواردەمەنیەکان و ئەوانەی ڕاستەوخۆ لە لایەن هاووڵاتیانەوە بەکار دەهێنرێن) نابێت پێش دەرچوونی ئەنجامی پشکنینەکان ڕێگە بدرێت بچنە دەرەوەی حەرەمی گومرگی و، ئەگەر بابەتێک بە پێویست زانرا ڕێگەی بدرێت دەبێت ڕەزامەندی گشتی گومرگ وەربگیرێت و لە ژێر چاودێری گومرگدا لە کۆگای تایبەت و قفڵ بکرێت بە قفلی نوێ و ( پلۆمی گومرگی).

٢١- سەبارەت بە بابەت و کەل وپەلی نەشیاو بۆ بەکارهێنان یان بەسەرچوو بەم شێوەیە مامەڵە دەکرێت:

أ- لە کاتی هاوردەکردنی هەر کاڵا و کەل وپەلێك ئەگەر بینرا یان لە پشکنینی تاقیگەکان دەرکەوت کە زیانبەخشە ئەوا بەپێی ماددەی (٦٨/ بڕگەی ٢) لە یاسای گومرگی ژمارە (٢٣) ی ساڵی (١٩٨٤) هەمواركراو دەبێت لەژێر چاودێری گومرگ بگەڕێندرێتەوە شوێنی لێهاتوو لەو ماوەیەی کە ئیدارەی گومرگ بۆی دیاری دەکات ، ئەگەر خاوەنەکەی لەو ماوەیەی کە بۆی دیاری کراوە نەیگەڕاندەوە دوابەدوای ئاگادارکردنەوەی خاوەنی کاڵاکە بە نووسراو پێویستە کۆنوسی لەناوبردن( تەلەف کردن) بنوسرێت و کاڵاکە لە ناو ببرێت لەسەر خەرجی خاوەنەکەی .

ب- لە کاتی هاوردەکردنی هەر کاڵاو کەل وپەلێك ئەگەر بە شێوەی نایاسایی هاتبێتە ناو هەرێم کە ڕێکەوتی بەکارهێنانی بەسەرچووبێت پێویستە دەستی بەسەردا بگیرێت و لەناو ببرێت (تلف) بکرێت بەئامادەبوونی خاوەنەکەی یان وەکیلەکەی و لەسەر خەرجی خاوەنەکەی.

ج- ئەو کاڵایانەی بەشێوەی نایاسایی دێنە ناو هەرێم و پشکنینی تاقیگەکانی بۆ نەکراوە دەکرێتە کێشەی گومرگی و بەپێی یاسای گومرگی ژمارە (٢٣)ی ساڵی ١٩٨٤ یەکلایی دەکرێتەوە .

٢٢-ئەو بڕە کێبل و تەلی نحاس (مس) و ئەلەمنیۆم و تەلی فافۆنەی کە کۆنەن و بەکارهاتوون و بە زیادکردنی ئاشکرا لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی کارەبای هەرێم دەکڕدرێنەوە ڕێگە دەدرێت هەناردە بکرێن و ڕەسمی گومرگیان لێوەردەگیرێت بۆ دەرەوەی هەرێم بەپێی جۆری بابەتەکە کە لە خشتەی بەشی دوازدە دیاری کراوە .

٢٣- ڕێژەی (٥٪) بەپێی ئەو بەهایەی کەلە ناو پێناسەی گومرگی دیاری کراوە لە کاتی هاوردەکردنی جگەرەو بابەتەکانی جگەرە و توتن و خواردنەوە کحولیەکان بە هەموو جۆرەکانیەوە وەردەگیرێت بە ناوی (سندوقی کۆمەك بۆ تووشبوانی نەخۆشی شێرپەنجە).

٢٤- وەرگرتنی ڕێژەی (٥٪) بەپێی ئەو بەهایەی کە لە ناو پێناسەی گومرگیدا دیاری کراوە وەردەگیرێت لە کاتی هاوردەکردنی جگەرە بە ناوی (ڕەسمی بەکاربەر ).

٢٥- لەکاتی هاوردەکردنی ( گۆڤار و کتێب و سی دی و دی ڤی دی پڕ کراوە ، ..) بابەتی پەروەردەیی و پەڕتوکی فێرکاری بۆ (خوێندنگا، قوتابخانە ، پەیمانگا ، زانکۆ ، ..) کان پێویستی بە ڕەزامەندی لایەنی پەیوەندیدار هەیە جگە لەوانەی کە بۆ مەبەستی کەسی بەکاردێت واتە بەکەلوپەلی کەسێتی ( الامتعة الشخصية) دادەنرێت .

٢٦- هاوردەکردنی ( بەرگ و کارتۆن و پاکەتی چاپ کراو و قوتو، ..) لە دەرەوە بۆ بەرهەمەکانی کارگەکانی ناوخۆ پێویستە بەرواری لەسەر نەبێت و، مۆڵەتی کارگەو ڕەزامەندی وەزارەتی پیشەسازی هەبێت .

٢٧- نووسراوەکانی گشتی گومرگ کە تایبەتە بە کاروباری گومرگی و یاسایی لە بابەتی (ڕەسید ، ڕێگاپێدان ،.. هتد) ئەگەر ماوەی تیا دیاری نەکرابوو دوای تێپەڕبوونی یەک ساڵ پێویستە نوێ بکرێتەوە لەڕێگای لایەنی پەیوەندیدار و بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگەوە ، بە پێچەوانەوە کاری پێ ناکرێت.

٢٨- نووسراوەکانی گشتی گومرگ کە تایبەتە بە کاروباری گومرگی و یاسایی بۆ بابەتی (لێخۆشبوون ) ئەگەر ماوەی تیا دیاری نەکرابوو دوای تێپەڕبوونی ( ٦ مانگ) پێویستە نوێ بکرێتەوە لەڕێگای لایەنی پەیوەندیدار و بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگەوە ، بە پێچەوانەوە کاری پێ ناکرێت.

٢٩- هەموو ئەو کاڵاو بابەتانەی کە بە ڕێگای پۆستەوە هاووردەو هەنارده دەکرێن بەپێی ماددەی ( ٥٣)ی یاسای گومرگی هەڵس و کەوتیان لەگەڵ دەکرێت بەم شێوەیە:

أ- دەبێت لەسەر مەنەفێست یان پسولەی گومرگی هەر پێچراوەیەک یان بەستەیەکی بەریدی بەجیا بنوسرێت و ناکرێت چەند پێچراوەیەک یان چەند بەستەیەکی بەریدی کە بەستراون پێکەوە بە یەک بەستە بنوسرێت.

ب- هەموو ئەوکاڵا و کەل و پەلانەی کە لە ڕێگەی پۆستەوە هاوورده دەکرێن( بەمەرجێک پۆستەبەر بە فەرمی ڕێگە پێدراو بێت لە یەن وەزارەتی گواستنەوەو پۆستەی حکومەتی هەرێم ) لێخۆشبوونیان بۆ دەکرێت بە مەرجێک ئەو کاڵایانەی کە هاوردە دەکرێن کێشیان لە (١٠کگم) وە بەهاکەی لە (٢٥٠،٠٠٠ ) دوو سەدو پەنجا هەزار دینار زیاتر نەبێت ، ئەم کارە بۆ یەك کەس دەکرێت و بۆ یەکجار لە ماوەی (٩٠) ڕۆژدا لە بەرواری وەرگرتنی کەلوپەلەکان ، ئەگەر لەو بڕە زیاتر بێت کاری لێخۆشبوونی بۆ ئەنجام نادرێت و بەپێی پێناسەی گومرگی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت .

ج- خاڵی (ب ) پێڕەو ناکرێت بەسەر ئەو کاڵایانەی پارچەپارچە کراون بە مەبەستی خۆلادان لە باج و ڕسوماتی گومرگ.

د- بڕی ( ٥٠٠٠ ) پێنج هەزار دینار کرێی پشکنین بۆ هەر بەستەیەک کە لە خاڵی ( ب ) ئاماژەی پێکراوە وەردەگرێت لەگەڵ ( ٣٠٠٠ ) سێ هەزار بەهای فۆرم و ( ٢٠٠٠) دوو هەزار پولی دارایی.

٣٠-خشتەی کرێی پشکنینەکانی کاڵا و ئۆتۆمبێلەکان و سووتەمەنی و قەپان :-

| ژ | جۆر | کرێ و باجەکان |
|---|---|---|
| ١ | کەل و پەلی هاووردە | ڕەسمی گومرگی : بە پێی پێناسەی گومرگی<br>کرێی پشکنینی گومرگی : (١٠) دە دۆلار تا کێشی (٢) دوو تەن<br>(٢٠) بیست دۆلار بۆ سەرووی کێشی (٢) دوو تەن<br>بەهای فۆرم : (٣) سێ دۆلار<br>پولی دارایی : (٢) دوو دۆلار<br>کرێی وەرگرتنی سامپڵی کشتوکاڵی : (١٣) سیانزە دۆلار<br>کرێی وەرگرتنی سامپڵی ڤیتەرنەری : (١٣) سیانزە دۆلار<br>کرێی وەرگرتنی سامپڵی تەندروستی : (١٣) سیانزە دۆلار<br>کرێی وەرگرتنی سامپڵی کۆنترۆڵی جۆری : (١٣) سیانزە دۆلار<br>کرێی وەرگرتنی سامپڵی تاقیگەی بیناسازی : (١٣) سیانزە دۆلار<br>عمولەی بانك (٥) پێنج دۆلار<br>قەپان : (٥) پێنج دۆلار بۆ هەموو جۆرە بار هەڵگرێك |
| ٢ | کەل و پەلی هەناردە | ڕەسمی گومرگی : بەپێی پێناسەی گومرگی<br>کرێی پشکنینی گومرگی : (١٠) دە دۆلار تا کێشی (٢) دوو تەن<br>(٢٠) بیست دۆلار بۆ سەرووی کێشی (٢) دوو تەن<br>بەهای فۆرم : (٣) سێ دۆلار<br>پولی دارایی : (٢) دوو دۆلار<br>عمولەی بانك :(٥) پێنج دۆلار<br>قەپان : (٥) پێنج دۆلار بۆ هەموو جۆرە بار هەڵگرێك |
| ٣ | ئۆتۆمبێل و ئامێرو ئامێری کشتوکاڵی هاوردەی سەر شەحنەکان | ڕەسم : بەپێی پێناسەی گومرگی<br>بەهای فۆرم (٣) سێ دۆلار<br>پولی دارایی : (٢) دوو دۆلار<br>کرێی پشکنینی گومرگی : (١٥) پانزە دۆلار<br>پشکنینی کۆنترۆڵی جۆری: (١٥) پانزە دۆلار<br>نرخی تابلۆی کاتی و داکوتانی :(٣٠) سی دۆلار<br>عمولەی بانك (٥) پێنج دۆلار |
| ٤ | پاصی گەشتیاری بیانی هاتن بۆ ناو هەرێم بۆ یەکجار وەردەگیرێت<br>بۆ ماوەی یەک مانگ , جگە لە دەروازەی گومرگی ئیبراهیم خەلیل( بۆ هەر جارێک هاتن وەردەگیرێت) | ڕەسمی داخل بوون : (٦٥) شەست و پێنج دۆلار<br>کرێی پشکنین : (١٠) دە دۆلار<br>بەهای فۆرم (٣) سێ دۆلار<br>پولی دارایی : (٢) دوو دۆلار<br>عمولەی بانك (٥) پێنج دۆلار |
| ٥ | پاصی گەشتیاری بیانی چوون بۆ دەرەوەی هەرێم | بەهای فۆرم (٣) سێ دۆلار<br>پولی دارایی : (٢) دوو دۆلار<br>کرێی پشکنینی گومرگی : (١٠) دە دۆلار<br>عمولەی بانك (٥) پێنج دۆلار |
| ٦ | ئۆتۆمبێلی گەشتیاری بیانی بۆ ناو هەرێم | ڕەسمی داخل بوون ( ١٥ ) پانزە دۆلار<br>بەهای فۆرم (٣) سێ دۆلار<br>پولی دارایی : (٢) دوو دۆلار<br>کرێی پشکنینی گومرگی (١٠) دە دۆلار<br>عمولەی بانك (٥) پێنج دۆلار |
| ٧ | ئۆتۆمبێلی گەشتیاری بیانی چوون بۆ دەرەوەی هەرێم | تەنها مۆری دەرچوونی لێ بدرێت |
| ٨ | ئۆتۆمبێلی گەشتیاری عێراقی چوون بۆ دەرەوەی هەرێم | بەهای فۆرم (٣) سێ دۆلار<br>پولی دارایی : (٢) دوو دۆلار<br>کرێی پشکنینی گومرگی : (١٠) دە دۆلار<br>عمولەی بانك (٥) پێنج دۆلار |

| | | |
|---|---|---|
| ٩ | ئۆتۆمبێلی گەشتیاری عێراقی گەڕانەوەی بۆ ناو هەرێم | تەنها مۆری گەڕانەوەی لێ بدرێت |
| ١٠ | ترێلەو بارهەڵگر کە ئۆتۆمبێلی شحن داخل دەکات | کرێی پشکنینی گومرگی : (٢٠) بیست و دۆلار<br>بەهای فۆرم (٣) سێ دۆلار<br>پولی دارایی : (٢) دوو دۆلار<br>عمولەی بانك (٥) پێنج دۆلار |
| ١١ | بارهەڵگر و تانکەری بەتاڵ | پولی دارایی : (٢) دوو دۆلار<br>بەهای فۆرم (٣) سێ دۆلار<br>کرێی پشکنینی گومرگی : (١٠) دە دۆلار<br>عمولەی بانك (٥) پێنج دۆلار<br>قەپان : (٥) پێنج دۆلار بۆ هەموو جۆرە بار هەڵگرێك |
| ١٢ | بارهەڵگر و تانکەری بەتاڵی بیانی (گۆڕینی ڕێڕە و / دەرچوون) | پولی دارایی : (٢) دوو دۆلار<br>عمولەی بانك (٥) پێنج دۆلار<br>بەهای فۆرم (٣) سێ دۆلار<br>کرێی پشکنینی گومرگی : (١٠) دە دۆلار<br>سزای گۆڕینی ڕێڕەو : (٢٥) بیست و پێنج دۆلار<br>قەپان : (٥) پێنج دۆلار بۆ هەموو جۆرە بار هەڵگرێك |
| ١٣ | سووتەمەنی هەناردە | ڕەسمی گومرگی: (٦) شەش دۆلار بۆ یەک تەن<br>ڕەسمی ئاوەدانکردنەوە: (٧) حەوت دۆلار بۆ (١) یەک تەن<br>بەهای فۆرم (٣) سێ دۆلار<br>پولی دارایی : (٢) دوو دۆلار<br>عمولەی بانك (٥) پێنج دۆلار<br>کرێی پشکنینی گومرگی : (١٥) پانزە دۆلار<br>قەپان : (٥) پێنج دۆلار بۆ هەموو جۆرە تانکەرێک |
| ١٤ | سووتەمەنی هاوردە | ڕەسمی گومرگی : (٦) شەش دۆلار بۆ (١) یەك تەن<br>ڕەسمی ئاوەدانکردنەوە: (٧) حەوت دۆلار بۆ (١) یەک تەن<br>بەهای فۆرم (٣) سێ دۆلار<br>پولی دارایی : (٢) دوو دۆلار<br>عمولەی بانك (٥) پێنج دۆلار<br>کرێی پشکنینی گومرگی : (١٥) پانزە دۆلار<br>وەرگرتنی سامپڵی سووتەمەنی : (١٣) سیانزە دۆلار<br>قەپان : (٥) پێنج دۆلار بۆ هەموو جۆرە تانکەرێک |
| ١٥ | کرێی پشکنین بۆ دەرەوەی ناوچەی گومرگی | (٥٠) پەنجا دۆلار بۆ یەکجار دەرچوون<br>بەهای فۆرم : (٣) سێ دۆلار<br>پولی دارایی: (٢) دوو دۆلار |
| ١٦ | کرێی پشکنینی لیژنەی پارێزگا بۆ پشکنینی ئۆتومبێل و ئامێرو کاڵا | ٨٠ هەشتا دۆلار بۆ یەکجار دەرچوون<br>بەهای فۆرم : ( ٣ ) دۆلار<br>پولی دارایی : ( ٢ ) دۆلار |
| ١٧ | کرێی پشکنینی لیژنەی باڵا بۆ پشکنینی ئۆتومبێل و ئامێرو کاڵا | ١٦٠ سەدو شەست دۆلار بۆ یەکجار دەرچوون<br>بەهای فۆرم : ( ٣ ) دۆلار<br>پولی دارایی : ( ٢ ) دۆلار |
| ١٨ | لە کاتی هاوردەکردنی کەل و پەل و کاڵا بۆ ناو دەروازە فەرمیەکان و فرۆکەخانەکان لە سەر داوای بازرگان و ڕاستەوخۆ گەڕێنرایەوە لە هەمان دەروازەوە بۆ هەمان شوێن | ( ٥) پێنج دۆلار کرێی پشکنین وەربگیرێت بۆ (١) یەك تەن<br>بەهای فۆرم : ( ٣ ) سێ دۆلار<br>پولی دارایی : ( ٢ ) دۆلار |

**تێبینی:**

١- ئەم کرێ و باجانە لە هەموو دەروازە و گومرگەکان بەپێی خشتەکە وەردەگیرێت و نابێت بڕی زیاد و کەم وەربگیرێت .

٢-باجی دەرامەت بەپێی خاڵی (٣١) لە ڕێسای گشتی وەردەگیرێت.

٣- ئەم کرێی پشکنین و باجانە لە هەموو گومرگەکان بۆ یەك (ئۆتۆمبێل، بارهەڵگر، تانكەر ) وەردەگیرێت ، بەڵام لە فڕۆکەخانەکان بۆ یەك مامەڵە وەردەگیرێت .

٤-ئەو شوێنانەی (بانك) یان لێ نیە یان بانك پارەکە وەرناگرێت عمولەی بانك وەرنەگیرێت .

٥-کرێی پشکنینەکانی (کشتوکاڵی , ڤیتەرنەری , تەندروستی , کۆنترۆڵی جۆری , تاقیگەی بیناسازی، سامانە سروشتیەکان) ئەم کرێیانە لە کاتێکدا وەردەگیرێن کە پشکنین و خزمەتگوزاریەکە ئەنجام درابن لەلایەن فەرمانگە تایبەتمەندەکانی خۆیانەوە .

٦- ئۆتومبێلی تایبەت و تاکسی و پاسی گەشتیاری لە کاتی ( هاتنە ژوورەوەو چوونە دەرەوەدا) دەبێت پشکنینی بۆ بکرێت و کرێی پشکنین وەردەگیرێت ، جگە لە خاڵی (٩،٧)ی خشتەکە کە کرێی پشکنین وەرناگیرێت.

٣١- وەرگرتنی باجی هاوردە کردن :

**یەکەم:** ئەو بەشانەی ناو پێناسەی گومرگی کە بە ڕێژەی (١،٨٪) لە بەهاکانیان باجی هاوردە وەردەگیرێت :

بەشی یەکەم ، بەشی دووەم ، بەشی سێ یەم ، بەشی چوارەم ، بەشی پێنجەم ،بەشی شەشەم ، بەشی حەفتەم ، بەشی هەشتەم ، بەشی نۆیەم ، بەشی دەیەم ، بەشی یانزدە، بەشی دوازدە ، بەشی سێزدە ، بەشی چواردە ، بەشی پانزدە ، بەشی شازدە ، بەشی حەڤدە ، بەشی هەژدە ، بەشی نۆزدە ، بەشی بیست ، بەشی بیست و یەك ، بەشی بیست و سێ ، بەشی بیست و حەفت ، بەشی بیست و هەشت ، بەشی بیست و نۆ ، بەشی سی ، بەشی سی و یەك ، بەشی سی و دوو ، بەشی سی و سێ ، بەشی سی و چوار ،بەشی سی و هەشت ، بەشی چل و هەشت، بەشی چل و نۆ ،بەشی نەوەد ، بەشی نەوەد و چوار ،بەشی نەوەد و شەش .

**دووەم:**ئەو بەشانەی ناو پێناسەی گومرگی کە بە ڕێژەی (٧،٥٪) لە بەهاکانیان باجی هاوردە کردن وەردەگیرێت.بەشی بیست و دوو ، بەشی بیست و چوار ، بەشی نەوەد و پێنج .

**سێیەم:** ئەو بەشەی ناو پێناسەی گومرگی کە بە ڕێژەی (٠،٣٪) لە بەهاکانیان باجی هاوردە کردن وەردەگیرێت: بەشی حەفتا و یەك .

**چوارەم:** سەرجەم بەش و بەندەکانی تری ناو پێناسەی گومرگی کە ناویان لە خاڵەکانی (یەکەم و دووەم و سێیەم )ی سەرەوەدا نەهاتووە ، بە ڕێژەی (٢،٢٥٪) لە بەهاکانیان باجی هاوردەکردن وەردەگیرێن .

**پێنجەم:** لە کاتی هەناردەکردنی هەر کالایەك بۆ دەرەوەی هەرێم ڕێژەی (٠،٠٧٥ ٪) وەك باجی دەرامەت لە بەهاکانیان وەربگیرێت .

## بەشی دووەم

## لێخۆشبوون لە ڕەسمی گومرگی (الاعفاءات الكمركيه)

**یەکەم:**

١- ئەو دام ودەزگا و پرۆژانەی (بەپێی یاسا) لێخۆشبوونیان لە ڕەسمی گومرگی بۆ کراوە ، لە کاتی هاوردەکردنی ئەو کەل وپەلانەی کە تایبەتە بە خۆیان نەک( فروشتن وبازرگانی پێوەکردن ) پێویستی بە مۆڵەتی بازرگانی (نی یە) بۆ **نموونە** :(پرۆژەکانی وەبەرهێنان و پیشەسازی، دام و دەزگاکانی حکومەت , دەزگاکانی خێرخوازی , وەزارەتی سامانەسروشتیەکان , سەرجەم پێداویستیە دیبلۆماسیەکان , هاوکاریە مرۆییەکان , کەل وپەلی کەسێتی (الامتعة الشخصية) , پێداویستی فرۆکەوانی ناوخۆ.. ).

٢- هەموو ئەو نووسراوانەی کە تایبەتن بە لێخۆشبوون کە لە لایەن دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵ دەردەچن بەپێی یاسا و بڕیارەکانی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم و عێراق لێخۆشبوونی بۆ کرابێت لە ڕەسمی گومرگی ،پێویستە ڕەچاوی ئەم مەرجانەی خوارەوە بکرێت:-

أ- وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی هەرێم نووسراو ئاراستەی وەزارەتی دارایی و ئابووری / بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگ بکەن بە مەبەستی لێخۆشبوون لە ڕەسمی گومرگی.

ب - هەموو نووسراوەکانی لێخۆشبوونەکانی وەزارەت و دام و دەزگاکانی حکومەتی ناوەند پێویستە لەلایەن دەستەی گشتی گومرگەکانی عیراق (الهيئة العامة للكمارك) ئاڕاستە بکرێن.

**تێبینی**: سەبارەت بە خاڵی ( أ ، ب) هەر بڕیارێکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم لەئارادا بێت یان لە ئایندەدا دەربچێنرێت بۆ شێوازی ئاراستەکردنی نووسراوەکانی لێخۆشبوون کاری پێ دەکرێت.

ج - لیستی کاڵاکان ڕوون و ئاشکرابێ و ماددەکانی تێدا دیاری کرابێت و ژمارە و پێوانە وکێش بە ووردی ڕوون کرابێتەوە ,لە هەمان کاتدا وەرگێردرابێتە سەر زمانی کوردی و عەرەبی بۆ دڵنیابوون لە بڕ وجۆری وردەکاری کاڵاکان .

د - ووردبینی تەواو بکرێت لە لیستی مۆرکراو بە مۆری زیندوو بۆ ڕاستی و درووستی هاوپێچەکان لە کاتی هاتنی نووسراو لەلایەن دەستەی گشتی گومرگی عێراقی فیدراڵ .

هـ - پێویستە لەگەڵ نووسراوەکانی بەخشین وێنەیەک لە گرێبەستەکان هاوپێچ کرابێت و ئاماژە درابێت کە کەل وپەل یان کاڵاکە لێخۆشبوونیان لە باجی گومرگی بۆ کراوە .

و - هەموو کاڵا وکەلوپەلێك کە لێخۆشبوونیان لە ڕەسمی گومرگی بۆ کراوە بەپێی (یاسا یان بڕیار ) دەبێت لە کاتی هاوردەکردن تەنها ( کرێی پشکنینی گومرگی و پولی دارایی و بەهای فۆرم و عمولەی بانك) یان لێوەردەگیرێت.

ز - سەرجەم سەرەتاکان و بەڵگەنامەکان بە ناوی فەرمانگەی پەیوەندارەوە بێت.

ح - لەکاتی ڕوودانی سەرپێچی، بۆ یەکلاکردنەوەی کێشە گومرگیەکانی تایبەت بەو کەل و پەلانەی کە لێخۆشبوونیان بۆ کراوە، کار بە بەهای ناو خشتەی پێناسەی گومرگی هەرێم و یاسای گومرگی ژمارە (٢٣)ی ساڵی (١٩٨٤) ی هەموارکراو دەکرێت.

٣-کەل و پەلی پڕوپاگەندە (دعایە) کە کڕین و فرۆشتنی پێوە ناکرێت ، پێویستە کەل و پەلی پڕوپاگەندەکە و ئەو کالایەی پڕوپاگەندەی بۆ دەکرێ پێکەوە لە ناویەك هۆکاری گواستنەوە (وسائط النقل) وەك فڕۆکە و شاحینات و کۆنتێنەر و بارهەڵگرەکانی تر .... هتد ) بارکرابێت و کەل و پەلی پڕوپاگەندەکە پێویستە لە یەك تەن زیاتر نەبێت ، ئەگەر لە یەك تەن زیاتر بوو یان ئەگەر بەتەنها بارکرابوو پێویستە کاری گومرگی بۆ ئەنجام بدرێت .

**دووەم** : هەموو ئەو کاڵا و کەل و پەلانەی کە هاوورده دەکرێن بە پێ ی ئەو یاسا و بڕیار و ڕێکەوتننامانەی کە لە خوارەوە دیاری کراون لێخۆشبونیان لە باج و ڕەسمی گومرگی بۆ دەکرێت:

١- یاسای گومرگی ژمارە (٢٣) ی ساڵی ١٩٨٤ ی هەموارکراو لە ماددەی (١٥٥) تاکو ماددەی (١٦٨) بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت.

أ – ماددەی ١٥٥/ یەکەم / أ: هەموو ئەو کاڵاو کەلوپەلانەی کە تایبەتن بە سەرۆک کۆمارو دیوانی سەرۆکایەتی کۆمار لە کاتی هاوورده کردن دەبەخشرێن لە هەموو باج و ڕەسمێکی گومرگی.

ب – ماددەی ١٥٥ /یەکەم /ب: هەموو ئەو کاڵاو کەلوپەلانەی کە تایبەتن بە فەرمانگەکانی دەوڵەت و ڕێکخراوە میللیەکان لە کاتی هاووردەکردن دەبەخشرێن لە هەموو باج و ڕەسمێکی گومرگی ، بۆ سوود وەرگرتن لەم بەخشینانە بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگ مەرجی بۆ ئەم بەخشینانە دەبێت.

ج- لێخۆشبوونی دەستەکانی دبلۆماسی وکونسوڵگەرییەکان لە ڕەسمی گومرگی :

بۆ بەخشینی گشت سەفارەت وکونسوڵکەری وکەسایەتیە دبلۆماسیە لە ڕەسمی گومرگی وسەرجەم باجەکانی تر بۆ هەر کەل وپەل وکالایەک کە هاوردەی دەکەن بۆ بەکارهێنانی کەسی یان بە کارهێنانی فەرمی ( بێجگە لە کاڵای خۆراکی و مەشروباتی ڕۆحی وجگەرە ) وە پێویستە ڕەچاوی ماددەکانی (١٦٠,١٥٩,١٥٨,١٥٧,١٥٦)ی یاسای گومرگی عێراقی ژمارە (٢٣)ی ساڵی (١٩٨٤)ی هەموارکراو بکرێت وە هەر بەخشینێک بۆ ئەم مەبەستە پێویستە بە ئاگاداری وەزارەتی دەرەوەی عێراق یان فەرمانگەی پەیوەندیەکانی دەرەوەی هەرێم یان وەزارەتی ناوخۆ بێت ,وە ئەو کاڵایانەی کە هاوردەی دەکەن پێویستە لە گەڵ پێداویستی راستەقینەیان بۆ ئەو کاڵایانە بگونجێت و وەزیری دارایی وئابووری بۆی هەیە کە ڕادەیەک بۆ ئەو بڕە کاڵایانە دابنێت وسنورداری بکات .

د- لێخۆشبوونی لایەنی سەربازی و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ :

بەپێی ماددەی (١٦١) لە یاسای گومرگی عێراقی ژمارە (٢٣)ی ساڵی (١٩٨٤)ی هەموارکراو هەموو کەل وپەل وکاڵا وچەک وپێداویستی سەربازی وبابەتی (تەندروستی سەربازی ) و هۆیەکانی گواستنەوە وجل وبەرگی سەربازی وئەمنی .. هتد , لێخۆشبوون لە ڕەسمی گومرگی دەیانگرێتەوە بەمەرجێک ڕەزامەندی لایەنی پەیوەندیداری هەبێت و نوسراوەکان بە ئیمزای وەزیر ئاڕاست کرابن و داوای لێخۆشبوون کرابێت.

ه - لێخۆشبوونی ڕێکخراوە خێرخوازەکان و ناحکومیەکانی هەرێم :

١- گشت ڕێکخراوە خێرخوازیە نێودەوڵەتیەکان لە کاتی هاووردەکردنی پێداویستیەکان بە مەبەستی یارمەتی و بەخشین وهاوکاری مرۆیی بۆ ناو هەرێم وعێراق لە ڕێگای دەروازەکانی هەرێمەوە دەبەخشرین لە لە ڕەسمی گومرگی بەپێی ماددەی (١٦٥) لە یاسای گومرگی عێراقی ژمارە (٢٣)ی ساڵی

(١٩٨٤)ی هەموار کراو بە مەرجێک نووسراوی فەرمی بهێنێت لەلایەن وەزارەتی پەیوندیدار و فەمانگەی پەیوەندیەکانی دەرەوە وە سەرۆکی یەکەی ئیداری ناوچەکە پشتگیری لێ بکات بە نوسراوی فەرمی کەبریتین لە هەر چوار پارێزگای (هەولێر، سلێمانی ، دهۆک ، هەڵەبجە ) ، ئیدارەی ( گەرمیان ، راپەرین ) .

٢- بەپێی یاسای ریکخراوە ناحکومیەکانی هەرێم ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠١١) لە ماددەی (١٤) برگەی (٤)، دەزگا و رێکخراوە ناحکومیەکانی ناوخۆی (هەرێم) لە کاتی هاوردە کردنی کاڵاکانیان دەبەخشرێن لە ڕەسمی گومرگی بەمەرجێک ئەو رێکخراوە ناوی تۆمارکرابێت لە فەرمانگەی رێکخراوە ناحکومیەکان مەبەست لە هاوردەکردنی کاڵاکان بۆ کاری خێرخوازی وبەخشین بێت .

**سێیەم:** یاسای وەبەرهێنانی پیشەسازی ژمارە (٢٠) ی ساڵی ١٩٩٨ .

ئەم یاسایە بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم ژمارە ( ١٤٠ ) لە ٢٠١٩/٣/٢٨ خراوەتە بواری جێبەجێ کردن. هەموو کارگەو پرۆژەکانی پیشەسازی کە مۆڵەتی دامەزراندنیان لەلایەن ( وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی / بەرێوەبەرایەتی گشتی گەشەپێدانی پیشەسازی هەرێم ، یان وەزارەتی پیشەسازی و کانزاکانی فیدراڵ ) هەبێت بەپێی ئەم یاسایەو پاڵپشت بەم ماددانەی خوارەوە لێخۆشبوونیان لە ڕەسمی گومرگی و باجەکان بۆ دەکرێت .

١- بەپێی ماددەی ٨/ یەکەم : هەموو کارگەو پرۆژەکانی پیشەسازی هەرێم کە پێش جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە لە هەرێم واتە ڕێکەوتی ( ٢٠١٩/٣/٢٨) دامەزراون و مۆڵەتی دامەزراندنیان هەیە ، لێخۆشبوونیان لە هەموو باج و رسوماتێکی گومرگی بۆ ماوەی ( ٥ ) ساڵ بۆ دەکرێت واتە تا ڕێکەوتی (٢٠٢٤/٣/٢٨).

٢ - بەپێی ماددەی ٨/ دووەم : هەموو کارگەو پرۆژەکانی پیشەسازی حکومەتی فیدراڵ کە لە دوای جێبەجێ کردنی یاساکە واتە ساڵی ( ١٩٩٨ )ـەوە مۆڵەتی دامەزراندنیان وەرگرتووە ، لە ڕۆژی وەرگرتنی مۆلەتی دامەزراندنیانەوە بۆ ماوەی ( ١٠ ) ساڵ دەبەخشرێن لە هەموو باج و ڕسوماتێکی گومرگی.

٣ - بەپێی ماددەی ٨/ دووەم : هەموو کارگەو پرۆژەکانی پیشەسازی حکومەتی هەرێم کە لە دوای جێبەجێ کردنی یاساکە واتە ڕێکەوتی ( ٢٠١٩/٣/٢٨ )ـەوە مۆڵەتی دامەزراندنیان وەرگرتووە ، لە ڕۆژی وەرگرتنی مۆلەتەکەیانەوە بۆ ماوەی ( ١٠ ) ساڵ دەبەخشرێن لە هەموو باج و ڕسوماتێکی گومرگی.

٤- لەکاتی فراوانکردن و گەشەپێدانی کارگەکانی بەرهەمهێن، سەرجەم پێداویستیەکان لە بابەتی ئامێرو پێداویستیەکان کە بۆ فراوانکردن و گەشەپێدانەکە بەکار دەهێنرێن دەبەخشرێن لە باج و ڕسوماتی گومرگی بۆ ماوەی ( ٥ ) ساڵ لە ڕێکەوتی یەکەم دەست پێکردنی بەرهەمهێنانی کارگەکەوە ،واتە هەر ئامێرو دەزگایەک بهێنێت بۆ فراوان کردنی کارگەکە لە ماوەی پێنج ساڵی دوای دەست کردن بە بەرهەم هێنان دەبەخشرێت .

٥- لە کاتی هاووردە کردنی ئامێرو دەزگاو کەرەستەی سەرەتایی و پێداویستیەکانی کارگە ، دەبەخشرێن لە مەرجی بەدەست هێنانی مۆڵەتی هاووردە ( پێویست بە مۆڵەتی هاووردەی بازرگانی ناکات).

٦- سەرجەم ئەو ئەو دەزگاو کەل وپەل و پێداویستی و کەرەستە سەرەتاییانەی لە ماوەی لێخۆشبوونەکان هاووردە دەکرێن ، دەبێت بازرگانیان پێوە نەکرێت و نەخرێنە بازاڕەوە ، بە پێچەوانەوە بەپێی یاسا خاوەن پرۆژە سزا دەدرێت و مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت.

٧-بۆ مەبەستی وەرگرتنی زانیاری یان لە کاتی گوماندا بەڕێوەبەرایەتیەکانی گومرگ ڕێگە پێدراون بەدواداچوونی وورد بکەن یان بە لیژنە سەردانی کارگەکان بکەن بۆ دڵنیا بوون لە دروستی کارەکان.

**چوارەم**: یاسای وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٤) ی ساڵی( ٢٠٠٦) ماددەی(پێنجەم و شەشەم)، یاسای وەبەرهێنانی حکومەتی فیدرال ژمارە (١٣) ی ساڵی (٢٠٠٦) ماددەکانی ( دەیەم و یانزەم ).

سەرجەم پێداویستیەکانی پڕۆژەکانی وەبەرهێنان که مۆڵەتیان هەیە بەپێی یاسای وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستان ژمارە ( ٤ )ی ساڵی ٢٠٠٦ و، یاسای وەبەرهێنانی فیدراڵ ژمارە ( ١٣ )ی ساڵی ( ٢٠٠٦ ) دەبەخشرێن لە ڕسوماتی گومرگی بەم شێوەیە:

١ - بەپێی ماددەی ١٧ / یەکەم : وەبەرهێنەران کە مۆڵەتی وەبەرهێنانیان هەیە لەکاتی هاووردەکردنی هەموو پێداویستیەکانی پرۆژەکانیان لە ئامێرو دەزگاو پێداویستیەکانی تری پرۆژەکە دەبەخشرێن لە ڕەسمی گومرگی بە مەرجێک بۆ پرۆژە وەبەرهێنانەکەی بەکاری بهێنێت. ئامێرو کەلوپەلەکانی تایبەت بە کارگەی وەبەرهێن تەنها لەو ماوەیەدا دەبەخشرێن کە لە نێوان ( فەرمانی پێدانی مۆڵەت و فۆرمی هەڵسەنگاندنی کۆتایی دیاری کراوە بۆ جێبەجێ کردن و تەواو کردنی پرۆژەکە ).

٢ - بەپێی ماددەی ١٧ / پێنجەم / ب : هەموو کەل وپەلە سەرەتاییەکان ( المواد الاولیە) کە لە لایەن کۆمپانیاو بەڵێندەرەکانی وەبەرهێنانەوە بۆ مەبەستی بەرهەم هێنان هاووردە دەکرێن ، بۆ ماوەی (٥) پێنج ساڵ لێخۆشبوونیان لە ڕەسمی گومرگی بۆ دەکرێت بە مەرجێک برو جۆری کەلوپەلە سەرەتاییەکان لە لایەن دەستەی گشتی وەبەرهێنانەوە دیاری کرابێت لە ڕێکەوتی دەست بە کاربوونی بەرهەم هێنانەوە یان خزمەتگوزاریەوە .

٣ – لە کاتی هاووردەکردنی ئامێرو دەزگا پێویستیەکان کە هاووردە دەکرێن بۆ فراوانکردن و پەرەپێدان و نوێ کردنەوەی پرۆژەی وەبەرهێنان (جگە لە کەرەستەی سەرەتایی) لێخۆشبوونیان بۆ دەکرێت بە مەرجێک فەرمانی فراوانکردن و پەرەپێدانیان هەبێت.

٤ - لە کاتی هاووردە کردنی کەلوپەلی یەدەگ بۆ پرۆژەکانی وەبەرهێنان دەبەخشرێن لە ڕەسمی گومرگی بە مەرجێک بەهاکەیان لە ڕێژەی ( ١٥٪ ) ی بەهای ئامێرو دەزگا پێویستیەکانی پرۆژەکە زیاتر نەبێت و بۆ ماوەی ( ٥ ) پێنج ساڵ لە بەرواری دەست بەکاربوونی پرۆژەکە لە بەرهەم هێنان یان خزمەتگوزاری دەست پێ دەکات.

**پێنجەم** : **لێخۆشبوونی کۆمپانیاکانی نەوت وەزارەتی سامانە سروشتیەکان لە ڕەسمی گومرگی :**

هەموو ئەو کەل وپەل وکاڵایانەی کە لە لایەن کۆمپانیا و بەڵێندەرەکانی نەوت کە گرێبستیان لەگەڵ وەزارەتی سامانە سروشتیەکان هەیە, هاووردە دەکرێن پێویستە ڕەسمی گومرگی بۆ ئەو کەل وپەل وکاڵایانە بدات تەنها لەو حاڵەتە نەبێت کە بەیاسا یان دەقێکی تایبەت لەم ڕەسم وباجانە بەخشرابێت لە گرێبەستەکاندا ئاماژەی پێدرابێت .

**شەشەم** : کار دەکرێت بە سەرجەم ئەو بڕیارانەی کە تایبەتن بە لێخۆشبوون لە رەسمی گومرگی کە لە لایەن حکومەتی عیراقی فیدرال و حکومەتی هەرێم دەردەچن .

**حەوتەم** : ئەو کاڵاو بابەتانەی بڕیاری لێخۆشبونیان لێ دراوە لە ناو ڕێکەوتنامە نێودەوڵەتیەکانی نێوان حکومەتی عێراق و ووڵاتانی تر بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقی فیدڕاڵ ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠١٩ کە لە ماددەی (سێیەم ) بڕگەی دووەم دیاری کراوە .

**هەشتەم** : بەپێی بریاری ژمارە (٣٥)ی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان پێویستە ئەم رێککەوتنامە نێودەوڵەتیانەی خـوارەوە لـە چوارچێـوەی پەیـوەنـدی دبلۆماسـی لـە نێـوان هەرێمـی کوردستانـی عێـراق و رێکخـراوی نەتـەوە یەکگرتووەکان و کونسولگەریەکـان و دبلوماتکاران لێخوشبونی گومرگیان بۆ بکرێت :

١ - رێککەوتنامەی مافی تایبەتی و پارێزبەندی نەتەوە یەکگرتووەکان ساڵی (١٩٤٦) .

٢ - رێککەوتنامەی ڤیینا بۆ پەیوەندی دیبلۆماسی ساڵی (١٩٦١).

٣ - رێککەوتنامەی ڤیینا بۆ پەیوەندی و کونسولگەری ساڵی (١٩٦٣) .

٤ - رێککەوتنامەی مافی پارێزبەندی ئاژانسەکانی ئامار (وكالات الاحصاء ) .

**نۆیەم** / بەپێی رێککەوتنامەی نێوان کۆماری عێراق و رێکخراوی خاچی سووری نێودەوڵەتی کە لە ٢٠٠٨/٥/٤ لە نێوان هەردوولا واژوو کراوە بەپێی بڕگەی یەکەم لە ماددەی (١١)ی رێککەوتنەکە رێکخراوی خاچی سووری نێودەوڵەتی دەبەخشرێت لە رەسمی گومرگی لە هەموو ئەو کالایانەی کە هاوردە و هەناردە دەکرێت وە یان بەناو عیراقدا تێپەڕ دەبێت بە شێوەی (ترانزێت).

## بەشی سێیەم

## ئەو کاڵاو کەلوپەلانەی هاووردەکردن و هەناردەکردنیان قەدەغەیە یان پێویستی بە ڕەزامەندی لایەنی پەیوەندیدار هەیە

ئامـاژە بە (مـاددەی یەکەم/ بـڕگەی نـۆزدەم و بیسـتەم) لە یاسـای گـومرگی ژمـارە (٢٣)ی سـاڵی (١٩٨٤) ی هەموارکراو، بە لەبەرچاو گرتنی هەموو ئەو نووسراو و ڕێنماییانەی وەزارەتەکان و لایەنە پەیوەندیـدارەکان سەبارەت بە هەنارده کردن و هاووردەکردنی کاڵاو کەل وپەلەکان و قەدەغەکراوەکان دەرکراون بەم شـێوەیە کار دەکرێت :

**یەکەم**: ئەم بابەتــانە هاوردەکردنیــان پێویســتی بە ڕەزامەنــدی لایەنــی پەیوەنــدارەو ئەبێــت لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگ پەسەند بکرێت:

١ - ئامێرو پێداویستی هەڵکەندن و دامەزراندنی کارگەی بەرد و کانزا گران بەهاکان و هەلکەندنی بیری نەوت پێویستی بە ڕەزامەندی لایەنی پەیوەندیدار هەیە.

٢- تەنەر بە قەبارەی سەرو (٢٠) لیتری پێویستی بە ڕەزامەندی وەزارەتی ناوخۆ هەیە.

٣- مەڕومــاڵات و ڕەشــەووڵاخ و پەلەوەری زینــدووی دەواجــن، ئــاژەڵ و باڵنــدەو گیانــداری دەگــمەن (نادر)پێویستی بە ڕەزامەندی وەزارەتی کشتوکاڵ دەبێت.

٤- مێش هەنگوین پێویست بە ڕەزامەندی وەزارەتی کشتوکاڵ هەیە.

٥- هەر ئۆتۆمبێلێك بەرواری دروست کردنی لە (٤٠) چل ساڵ زیاتر بێت پێویستی بە ڕەزامەندی وەزارەتی ناوخۆ هەیە.

٦- نیترات ئامۆنیۆم (NH4NO3 ) پێویستی بە ڕەزامەندی وەزارەتی ناوخۆ هەیە.

٧- چەك و تەقەمەنی و جل و بەرگ و پێداویستیەکانی سەربازی پێویستی بە ڕەزامەندی وەزارەتی ناوخۆ یان وەزارەتی پێشمەرگە یان وەزارەتی بەرگری و ناوخۆی فیدڕاڵ هەیە.

٨- تەنها دەرمانی مرۆیی و تەواوکەرە خۆراکیەکان و ئامێرو دەزگای پزیشکی خەستەخانەو نۆرینگەکان و ستیکەری دەرمان و پرۆتینی وەرزشی پێویستی بە ڕەزامەندی وەزارەتی تەندروستی دەبێت ، پێداویستیە پزیشکیەکان لە بابەتەکانی (کەلوپەلی ئەساسی نۆرینگەو خەستەخانەکان و ئامێرەکانی چارەسەری سروشتی و پێوەرە دەستیەپزیشکیەکان و بابەتی فریاگوزاریە سەرەتاییەکان ، ..) پێویستی بە ڕەزامەندی نی یە بەڵام پشکنینیان بۆ بکرێت.

٩- ماددەی کیمیاوی (مزدوج ) و ماددە تیشکدەرەکان پێویستی بە ڕەزامەندی وەزارەتی ناوخۆ و تەندروستی و ژینگە پاریزی هەیە .

١٠- پێنووس و کاتژمێری بە کامێرا و هاوشێوەکانی پێویستی بەرەزامەندی وەزارەتی ناوخۆ هەیە ، جگە لە و کامێرا چاودێرییانەی کە لە ماڵان و شوێنە گشتییەکان بە کاردەهێنرێن.

١١- پەڕتووکی خوێندن پێویستی بە ڕەزامەندی وەزارەتی پەروەردەی هەرێم یان وەزارەتی پەروەردەی فیدڕاڵ هەیە.

١٢- بابەتەکانی چاکسازی بەنزین پێویستی بە ڕەزامەندی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان هەیە.

١٣- تانکی غازی LPG پێویستی بە ڕەزامەندی وەزارەتی ناوخۆ هەیە.

١٤- کبریتی کشتوکاڵی لە شێوەی (پەین , پاودەر) وە پەینی کیمیایی کشتوکاڵی پێویستی بە ڕەزامەندی وەزارەتی کشتوکاڵ هەیە.

**دووەم** : ئەم بابەتانە هەناردەکردنیان پێویستی بە ڕەزامەندی لایەنی پەیوەندارەو ئەبێت لە لایەن بەرێوەبەرایەتی گشتی گومرگ پەسەند بکرێت:

١ - (دراوی عێراقی )بە ڕەزامەندی بانکی ناوەندی هەرێم یان بانکی ناوەندی فیدڕاڵ دەبێت.

٢- (کانزا و بەردە گران بەهاکان و بەردی کانەکانی ناوخۆو هەموو ماددەیەک کە لە خاک و کانەکانی هەرێمی کوردستان دەردەهێنرێت) بە ڕەزامەندی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان دەبێت.

٣ – ئامێرو پێداویستی هەڵکەندن ودامەزراندنی کارگەی بەرد و کانزا گران بەهاکان و هەلکەندنی بیری نەوت پێویستی بە ڕەزامەندی لایەنی پەیوەندیدار هەیە.

٤- ئاژەڵ و پەلەوەرو باڵندەو گیانداری دەگمەن (نادر)پێویستی بە ڕەزامەندی دەستەی ژینگە دەبێت.

٥- داری براو و خەلۆز (ڕەژوو) ، جگە (لە داری سپیندار) پێویستی بە ڕەزامەندی وەزارەتی کشتوکاڵ هەیە.

٦- ماددەی کیمیاویە (مزدوج ) و ماددە تیشکدەرەکان پێویستی بە ڕەزامەندی وەزارەتی ناوخۆ هەیە .

**سێیەم** : هاووردەکردنی ئەم بابەتانە قەدەغەن:

١- بەرمیلی بەکارهاتووی پیس بوو (البراميل الملوثة)کۆن بێت یان نۆێ بێت .

٢- چیمەنتۆ هەموو جۆرێک جگە لە چیمەنتۆی سپی.

٣- عەلاگەی ڕەش جگە لە عەلاگەی گەورەی زبڵ.

٤- کیسەی چیمەنتۆ دروستکراو لە نایلۆن و گوشی نایلۆن .

٥ – یاری ئاگرین (العاب نارية) بۆ منالان.

٦ – هەموو ئەو یاریانەی کە بەکارهێنانیان توندوتیژی و کارەساتیان لێدەکەوێتەوە وەك (دەمانچەی مورو هاوێژ، چەقۆی حەربە، بۆکس و خەنجەر بۆکس ، دارلاستیك ، داری شەڕ ، دەمە قاچان ).

٧- هەموو جۆرە ژەهرێك و بە تایبەت ژەهری ماسی.

٨- دەبەی پلاستیکی بەتاڵی کۆنە.

٩- هۆڕنی هەوایی ئوتۆمبێل.

١٠- جگەرەی ئەلکترۆنی ،(نێرگەلەی ئەلکترۆنی و نێرگەلەی ئاسایی و پارچەکانی).

١١- چەک وکەل و پەلی ڕاوکردن بە هەموو جۆرەکانیەوە جگە لەکەل وپەلی ڕاوەماسی.

١٢- هەموو جۆرە پێنووسێك کە بۆ ساختەکاری بەکار دێت.

١٣- کەرەستەی دامەزراندنی کارەبایی ناو ماڵ و شوێنەگشتیەکان (کۆنەی بەکارهاتوو ).

١٤- غازی فریۆن لە جۆرەکانی (R11 ، R2، HCFC ، CF2C، R12) چونکە کاریگەری خراپی هەیە لەسەر لەناوبردنی چینی ئۆزۆن (کە ئەوەش لە سەر ڕێنمایی و داواکاری دەستەی پاراستنی ژینگەی هەرێمی کوردستان قەدەغەکراوە).

١٥- بوتڵی غازی ماڵان ( بەتاڵ وپڕ).

١٦ - ئامێری تایبەت بە دەست نیشان کردنی شوێنی کامیراکانی چاودێری خێرایی ئۆتۆمبێل.

١٧- خەتم (مۆر)ی تایبەت بە دام و دەزگاکانی حکومەت و کۆمپانیاکان .

١٨ - ئامێری رۆلێت و ئامێری ئەلیکترۆنی قومار .

١٩ – دوگی مەڕو جگەرو حەواصلی مریشک.

٢٠- مادده بێهۆشکەرەکان (مخدرات).

٢١ - وێنە و تۆمار و تابلۆ و ئەفلامی سێکسی و بابەتی سێکسی دەستکرد.

**چوارەم**: هەناردە کردنی ئەم بابەتانە قەدەغەیە:

١ - ئاسنی شکاوو سکراب و کۆنە .

٢ - مادده بێهۆشکەرەکان (مخدرات).

٣- بابەتی شوێنەوار (آثار).

٤- دەست نووسی کۆن (مخطوطات).

٥ - وێنە و تۆمار و تابلۆ و ئەفلامی سێکسی و بابەتی سێکسی دەستکرد.

## بەشی چوارەم
## بەردو کانزای گران بەها / دراو

١- لەکاتی هاتنی گەشتیاران پێویستە فۆرمی تایبەتیان بۆ ڕێکبخرێت بۆ ئەو بڕە (زێڕو دراوو گەوهەر و بەردو کانزای گران بەهاو ئەلماس)ەی که لەگەڵ خۆیاندا دەیانهێنن لە دەروازە سنوورییە گومرگیەکان و فرۆکەخانەکان بۆ ئەوەی لەکاتی گەڕانەوەیان بۆ دەرەوەی هەرێم هەمان بڕ لەگەڵ خۆیان ببەنەوە .

٢- هەر هاووڵاتیەکی عێراقی کە نیشتەجێی دەرەوەیە بۆی هەیە تەنها بڕی (٢٥٠) دوو سەد و پەنجا گرام زێری دروستکراو یان زیوی دروستکراو لەگەڵ خۆی بباتە دەرەوە.

٣- هەر هاووڵاتیەکی دانیشتووی عێراق یان هەرێم لەکاتی سەفەر کردنی کاتی (ئیش و کار) بۆ دەرەوەی ووڵات بۆی هەیە بڕی (٥٠) پەنجا گرام زێری دروستکراو و (٥٠) پەنجا گرام زیو لەگەڵ خۆی ببات.

٤- بە لەبەرچاوگرتنی یاسایی بانکی ناوەندی عێراقی ژمارە (٥٦)ی ساڵی (٢٠٠٤) وە یاسایی بەرەنگاربوونەوەی سپی کردنەوەی دراو ژمارە (٣٩) ی ساڵی (٢٠١٥) ی عێراقی و هەر یاسایەکی تری پەیوەندیدار ، هەر کۆمپانیا و هاووڵاتیەکی عێراقی یان بیانی لەکاتی سەفەرکردنی بۆ دەرەوەی عێراق وەگەڕانەوەی بۆی هەیە بەم ڕێژەیەی خوارەوە دراو لەگەڵ خۆی ببات و بهێنێتەوە:

أ- بڕی (١٠,٠٠٠$) دە هەزار دۆلاری ئەمەریکی یاخود هەر دراوێکی بیانی کە دوای ئاڵوگۆڕکردنی پارە کە بە دۆلار لە (١٠,٠٠٠$) دە هەزار دۆلار زیاتر نەبێ لەگەڵ (٢٠٠,٠٠٠) دووسەد هەزار دیناری عێراقی.

ب- ئەگەر بڕی پارەی ئاماژە پێکراو لەو ڕێژەیە زیاتر بوو کە لەخالی (أ) داهاتووە لەکاتی هەناردەکردن یان هاوردەکردن بۆ عێراق یان هەرێم دەبێت بە ڕەزامەندی بانکی ناوەندی عێراق یان هەرێم بگوازرێتەوە وە لەدەروازەکان پێویستە بەناوی کەسی پەیوەندیدارەوە بێت.

ج - ئەگەر بڕی پارەی ئاماژە پێکراو لەو بڕە زیاتر بوو کەلە خالی (أ) داهاتووەو هەوڵی بردنە دەرەوەی یان هاوردەکردنی درابێت بە شێوەیەکی نایاسایی و قاچاغ ، پێویستە پارەکە لە بانکی حکومی هەرێم بەشێوەی ( أمانات) دابنرێ و پاشان لەو بەرێوەبەرایەتیە گومرگیەی کە پارەکەی لێ دەستگیرکراوە بکرێت بە کێشەی گومرگی و دواتر بەپێی بڕیاری دادگای کەتن (الجنح) کێشەکە یەکلایی بکرێتەوە .

٥ - لە کاتی هاوردەکردنی(زێرو هاوشێوەکانی)، بەهاکانیان و ڕەسمی گومرگیان بەم شێوەیەی خوارەوە وەردەگیرێت :-

أ -

- بری (٣٠.٠٠٠ $) سی هەزار دۆلار بەها دابنرێت بۆ (١) یەک کغم/ کیلۆگرام زێر.
- ڕەسمی گومرگی بە رێژەی (٠.٠٠٥٪) وەربگیرێت .
- باجی دەرامەت (٠.٠٠٣٪ ) لە ڕەسم وەردەگیرێت بە دۆلار .
- کرێی پشکنین (١٠) دە دۆلار وەربگیرێت بۆ (١) یەک کغم/ کیلۆگرام لە گەڵ پولی دارایی و بەهای فۆرم.

ب -

- بری (٥٠٠ $) پێنج سەد دۆلار بەها دابنرێت بۆ (١) یەک کغم/ کیلۆگرام زیو .
- ڕەسمی گومرگی بە رێژەی (٠.٠٠٥٪) وەربگیرێت .
- باجی دەرامەت (٠.٠٠٣٪ ) لە ڕەسم وەردەگیرێت بە دۆلار .
- کرێی پشکنین (٥) پێنج دۆلار وەربگیرێت بۆ (١) یەک کغم/ کیلۆگرام لە گەڵ پولی دارایی و بەهای فۆرم.

ج -
- بڕی (٢٠٠ $) دوو سەد دۆلار بەها دابنرێت بۆ (١) یەک غم/ گرام ئەلماس وهاوشێوەکانی .
- ڕەسمی گومرگی بە ڕێژەی (٠.٠٠٥٪) وەربگیرێت .
- باجی دەرامەت (٠.٠٠٣٪ ) لە ڕەسم وەردەگیرێت بە دۆلار .
- کرێی پشکنین(١٠) دە دۆلار وەربگیرێت بۆ (١) یەک کغم/ کیلۆگرام یان کەمتر لەگەڵ پولی دارایی و بەهای فۆرم.

د -
- بری (١٥.٠٠٠ $) پانزە هەزار دۆلار بەها دابنرێت بۆ (١) یەک کغم / کیلۆگرام بەردی گران بەها .
- ڕەسمی گومرگی بە ڕێژەی (٠.٠٠٥٪)وەربگیرێت .
- باجی دەرامەت (٠.٠٠٣٪ ) لە ڕەسم وەردەگیرێت بە دۆلار .
- کرێی پشکنین (١٠) دە دۆلار وەربگیرێت بۆ (١) یەک کغم/کیلۆگرام یان کەمتر لە گەڵ پولی دارایی و بەهای فۆرم

هـ -
- بری (٢٠.٠٠٠ $) بیست هەزار دۆلار بەها دابنرێت بۆ (١) یەک کغم / کیلۆگرام ( پلاتین وپلاتینیوم وهاوشێوەکانی).
- ڕەسمی گومرگی بە ڕێژەی (٠.٠٠٥٪) وەربگیرێت .
- باجی دەرامەت (٠.٠٠٣٪ ) لە ڕەسم وەردەگیرێت بە دۆلار .
- کرێی پشکنین (١٠) دە دۆلار وەربگیرێت بۆ (١) یەک کغم/ کیلۆگرام لە گەڵ پولی دارایی و بەهای فۆرم.

و - کرێی بشکنین بۆ (١) یەك کغم/ کیلۆگرام زێر لە کاتی بردنەدەرەوەی (٨٠) هەشتا دۆلار وەربگیرێت لەگەڵ پولی دارایی و بەهای فۆرم.

ز -کرێی پشکنین بۆ (١) یەك کغم/ کیلۆغرام زیو لە کاتی بردنەدەرەوەی (١٠) دە دۆلار وەربگیرێت لە گەڵ پولی دارایی و بەهای فۆرم.

٦ - لەکاتی هاوردەکردنی زێر پێویستی بە پشکنینی کۆنترۆڵی جۆری هەیە.

٧ - لەکاتی بردنە دەرەوەی زێر و زیوو بەردی گران بەها بە مەبەستی چاککردنەوە و دروست کردنی پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکرێت:-

أ - بازرگانی کردن بە زێرو زیوو بەردو کانزای گران بەها پێویستە لە ڕێگای کۆمپانیا بێت.

ب - لە هەر گەشتێکدا نوێنەری کۆمپانیا بۆی هەیە تا بڕی (١٠٠ کغم/ کیلۆگرام) لە زێرو بەردی گران بەها لەگەڵ خۆی ببات بۆ دەرەوە وە بۆ زیو تابڕی کەفالەکەی بباتە دەرەوە ،پێویستە لە ماوەی (٦) شەش مانگ ئەو بڕە زێڕەی یان زیوەی کە بردویەتیە دەرەوە بیگەڕێنێتەوە ، ئەگەر لەو ماوەیەدا نەیگەڕاندەوە دەکرێت بە کێشەی گومرگی بەپێیاسای پەیوەندیدار و کارپێکراوەکان هەڵسوکەوتی لە گەڵ دا دەکرێت.

ج - بۆ (١) کغم/ کیلۆگرام زێر بڕی (١٥,٠٠٠,٠٠٠) پانزە ملیۆن دینار کەفالەتی لێ وەردەگیرێت.

د - بۆ (١) کغم/ کیلۆگرام زیو بڕی (٥٠٠.٠٠٠) پێنج سەد هەزار دینار کەفالەتی لێ وەردەگیرێت.

هـ - بۆ (١)کغم/ کیلۆگرام بەردو کانزای گرانبەها بڕی (٣٠,٠٠٠,٠٠٠) سی ملیۆن دینار کەفالەتی لێ وەردەگیرێت.

٨- هەموو بازرگانێك ئازادە لە هاووردەکردنی زێڕو زیوو، بەڵام ڕەسید تەنها بۆ ئەو بازرگانانە دەکرێتەوە کە بەناوی کۆمپانیاوە زێڕو زیوو هاوورده دەکەن وە پێویستە ئەستۆپاکی زێرو زیوو بهێنن لە باجی دەرامەت.

٩- گەشتیاری بیانی بەهیچ شێوەیەك بۆی نیە زێرو زیو وسەرجەم بەردو کانزا گرانبەهاکان بباتە دەرەوەی هەرێم جگە لەوەی لەکاتی هاتنی ڕایگەیاندووه و بۆی تۆمارکراوە.

١٠- لەکاتی ڕوودانی سەرپێچی بۆ زێر و زیوو بەردی گرانبەها کێشەکە لە لایەن دادگای پەیوەندیدارەوە یەکلا بکرێتەوە ئەگەر بڕەکەی زیاتربوو لەو بڕەی کە لە بەشی شەشەم /دووەم /خاڵی ٣ ئاماژەی پێ دراوە .

١١- هەژمارکردنی ڕەسیدی زێڕی ساڵی ڕابردوو بۆ ئەو کۆمپانیایانەی کە بڕی زێڕی زیاتریان هاوورده کردووە بەروارد بەو بڕەی کە هەناردەیان کردووە دوای پاکتاوکردنی قەرزی کۆمپانیا و کرێی پشکنین و کۆنترۆڵی جۆری و باجی دەرامەت (٥٠٪) ی ئەو بڕە زیادەیەی کە هێناویانە وەك ڕەسیدی یەدەگ هەژمار بکرێت بە مەرجێك ڕەسیدەکە بە ناوی کۆمپانیاکەوە بێت.

١٢ - بۆ ئەو بڕە( زێڕ) انەی کە بە فڕۆکە دەهێنرێن و ڕاستەوخۆ دەبرێنە دەرەوە (١٥) پانزە دۆلار (رەسمی تێپەڕین ) وەربگیرێت بۆ یەک کیلۆگرام زێڕ لە گەڵ ( ١٠) دە دۆلار کرێی پشکنین و پولی دارایی وبەهای فۆرم بەم مەرجانە:

أ – تەنها لە فڕۆکەخانەکان ئەم شێوازە پەیڕەو دەکرێت.

ب- نابێت زێڕەکە لە حەرەمی گومرگ وکارگۆ ببرێتە دەرەوە.

ج- دەبێت کۆمپانیاکانی مۆڵەتی زەرەنگەری کارەکە بکەن ، بەڵام پێویستی بە( کەفالەت و مۆڵەتی بازرگانی و ڕەصید) نیە.

١٣- لە کاتی بە قاچاغ هێنان و بردنی ( زێر و زیو و پلاتین و بەردی گرانبەها ) لە لایەن بازرگانەوە ، ئەگەر بڕەکەی زیاتر بێت لەو ڕێژەیەی دیاریکراوە لە بەشی شەشەم خاڵی (دووەم/ ٣ ) دەبێت بکرێت بە کێشەی گومرگی و دواتر ڕەوانەی دادگای گومرگی بکرێت بەمەبەستی یەکلایی کردنەوەی ، لە بەر ئەوەی ئەم بابەتانەی کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێکردووە بە (کاڵا ) هەژمار دەکرێت .

## بەشی پێنجەم
## (ئۆتۆمبێل و ئامێرەکان)

**یەکەم** : ئەو ئۆتۆمبێل و ئامێرانەی کە لە سنوورەکانی حکومەتی ناوەند دێنە ناو هەرێمی کوردستان بە مەبەستی تۆمارکردن پاش دڵنیابوون لەسەرەتاکانی ئۆتۆمبێلەکە و بەراوردکردنی لەگەڵ ئۆتۆمبێلەکە کاری گومرگی بۆ ئەنجام دەدرێت لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیەکانی گومرگی پەیوەندیدارو ڕەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە دەکرێت :-

١- نوسراو لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتوچۆی هەرێم بهێنێت بۆ دڵنیا بوون کە پێشتر لە هیچ شارێکی عێراق تۆمار نەکراوەو ژمارەی نەدراوەتێ.

٢- مەنەفێستی گومرگی عێراقی ، وێنەی ڕەسەن (أصلی) بێت.

٣- دەبێت ڕەسمی گومرگی دابێت بەپێیپێناسەی گومرگی ، وە ئەگەر جیاوازی ڕەسمی گومرگی هەبوو لێی وەردەگیرێت لە بەڕێوەبەرایەتی گومرگی پەیوەندیدار و چەسپاندنی خەسڵەتەکانی بۆ دەکرێت بە کرێی پشکنین.

٤- دەبێت بەپێیئەو خەسڵەتانە (مواصفات) بێت کە لە ڕێنماییەکانی هاووردەکردنی ئۆتۆمبێل دەرچووە.
٥- بەڵێننامەیەك لە بەڕێوەبەرایەتی گومرگ بەشی یاسایی بۆ ڕاستی و دروستی سەرەتاکان و موڵکداری خاوەنەکەی ڕێك بخرێت.
٦- ژمارەی لاشەی ڕەسەن بێت و دەستکاری نەکرابێت و نەبرڕابێتەوە.

**دووەم** : مەرجەکانی هەناردەکردنی کەل و پەلی یەدەگی کۆنەی ئۆتۆمبێل و ئامێر بۆ دەرەوەی هەرێم :

١ - کەل و پەلەکان بە گشتی دەبێت سەرەتای هاوردەکردنی هەبێت و ڕەسەن بێت و بە مەرجێک ساڵێک بە سەر بەروارەکەیدا تێپەر نەبوو بێت , لە دەروازەکانی هەرێم دەرچوو بێت وە ئەگەر سەرەتا و مەنەفێستی عێراقی هەبوو پێویستە ڕاستاندنی (تصدیق) بۆ بکرێت واتا (صحه صدور) ی هەبێت .
٢ - بەڵێن نامەی یاسایی لێ وەربگیرێت کە کەل و پەلەکان موڵکی خۆیەتی و هی کەسی تر نیە .
٣ - ڕەسمی گومرگی بە بەهای ناو پێناسەی گومرگی لێ وەربگیرێت بەپێی ڕێسای گشتی خاڵی( ٣/أ، ب، ج).
٤ - مۆڵەتی هەناردەی بازرگانی هەبێت .
٥ - پێویستە ژمارەی مەکینە و ئەو کەل و پەلانەی کە ژمارەدارن لە کاتی هاوردەکردنی و هەناردەکردن لە سەر مەنەفێست و کۆنووسی پشکنین تۆمار بکرێت.
٦ - لاشەی ئۆتۆمبێل (شاصی) بە هەموو جۆرەکانیەوە هەناردەکردنیان قەدەغەیە .
٧ - بڕ و جۆر و کێشی کەلوپەلەکان لە ناو مەنەفێست و سەرەتاکان دیاری بکرێت .

**سێیەم** : لە کاتی هاووردەکردنی ( ئۆتومبێل و بارهەڵگرو ئامێرو پاس و ..) پەیڕەوی ئەم خاڵانە بکرێت:

١- پێویستە لەسەر مانفێسەکان بە ووردی جۆرو مۆدێل و قەبارەو سەرجەم خەسڵەتەکانی ئۆتۆمبێل و ئامێرەکان تۆماربکرێن بۆ ئەوەی لە کاتی تۆمارکردنیاندا لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی هاتوچۆ کێشەو ئاریشە دروست نەبێت بۆ خاوەنەکانیان.
٢- بۆ عەرەبانەی بارهەڵگر دەبێت ژمارەی شاصی و خەسڵەتە دیارەکانی عەرەبانەکە بنوسرێت.
٣- بۆ پەیڕەوکردنی مۆدێل لە بەرواری ٩/١ ی هەموو ساڵێك مۆدێل دەگۆڕێت و مۆدێلێك سەر دەکەوێت لەکاتی هاتنی ئۆتۆمبێل وئامێر بۆ ناو هەرێمی کوردستان.
٤- لە کاتی هاووردەکردنی ئۆتۆمبێلی صالۆن و استیشن و پاصی (١٩) نۆزدە نەفەری و بەرەو خوار ساڵانە (٣) سێ مۆدێل ، وە بۆ ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر سەرووی (٣) سێ تەن و پاصی ( ٢٠) بیست نەفەری و بۆ سەرەوە ساڵانە (١٠) دە مۆدێل، وە بۆ ئامێری بیناسازی و کشتوکاڵی ساڵانە (١٥) پانزە مۆدێل ڕێگایان پێ دەدرێت بۆ ناو هەرێم.
٥ - لە کاتی هاتنی ئۆتۆمبێلی بارهەڵگرو عارەبانە بۆ ناو هەرێم بە هیچ جۆرێك نابێت پانیەکەی لە (٢٦٠سم ) زیاتربێت ( بەپێی ڕێنمایی هاتوچۆ) .
٦ - ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر و عەرەبانەکەی بەرزییەکەی لە زەوییەوە (٤٢٠ سم) زیاتر نەبێت ( بەپێی ڕێنمایی هاتوچۆ).
٧ - بۆ دیاری کردنی ئۆتۆمبێلی (صالۆن و صالون استیشن و استیشن) کار بە کۆنوسە هاوبەشەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگ و بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتوچۆ بکرێت .
٨ - عارەبانەی لۆلۆدەر پانیەکەی نابێت لە ( ٣,٣٠) سم زیاتر بێت ( بەپێی ڕێنمایی هاتوچۆ) .

**چوارەم** : مەرجەکانی هاووردە کردنی ئۆتومبێل و ئامێرەکان:

١- لەکاتی هاووردەکردنی ئۆتۆمبێل و ئامێر دەبێت بازرگان مۆڵەتی هاوردەکردنی هەبێت ، واتا بە ناوی کۆمپانیا بێت نەك بە ناوی (شخص)، بەڵام ئەگەر (کۆمپانیا) مۆڵەتی هاوودە کردنی نەبوو بە ڕێژەی (٢٥٪) ڕەسمی زیادەی گومرگی لێ وەربگیرێت و ئەم ڕێژە زیادەیە ئەو ئۆتۆمبێلانەش دەگرێتەوە کە بە لێخوڕین دێن .

٢- لەکاتی تەواوکردنی ڕێکارە یاساییەکان و گومرگ کردنی ئۆتۆمبێلی هاووردە کراو دەبێت ڕاستەوخۆ تابلۆی کاتی لێ بدرێت.

٣- ئۆتۆمبێلی صالۆن و استیشن وپیکاب ئەگەر کێشی لە (٣) سێ تەن کەمتر بێت دەبێت هەردوو سیستەمی (ABS و دەبڵ ئێرباك) ی هەبێت .

٤- ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر ئەگەر کێشی هەڵگرتنی لە (٣) سێ تەن زیاتر بێت پێویستی بە هەردوو سیستەمی (ABS و دەبڵ ئێرباك) ناکات .

٥- لە کاتی هاووردەکردنی ئۆتۆمبێل و ئامێر بۆ دام و دەزگاکانی سەر بە حکومەت لە لایەن هەر کۆمپانیایەك بێت پێویستە مۆڵەتی هاووردنی ئۆتومبێل و ئامێری هەبێت ، ئەگەر مۆڵەتی هاوودە کردنی نەبوو بە ڕێژەی ٢٥% ڕەسمی زیادەی گومرگی لێ وەربگیرێت.

**پێنجەم** :

١- هەموو ئۆتۆمبێلێکی بارهەڵگر و شەحن وئامێرێکی بیناسازی بۆی هەیە (٧٢) حەفتا و دوو کاتژمێر لەناو حەرەمی گومرگی یان دەروازە فەرمیە نێودەوڵەتیەکان بمێنێتەوە ، لەو ماوەیە زیاتر بوو بەبڕی (١٠٠,٠٠٠) سەد هەزار دینار سزا بدرێت بۆ هەر (٢٤) بیست و چوار کاتژمێرێك بەمەرجێك هۆی دواکەوتنەکەی لە بازرگانەوە بێت.

٢- ئۆتۆمبێل پچوک و تایبەت لە ناو گورەپانی گومرگ بڕی (٥٠٠٠) پێنج هەزار دینار وەربگیرێت بۆ هەر ( ٢٤) بیست و چوار کاتژمێرێک.

**شەشەم** :

١- ئەو ئۆتۆمبێل و ئامێرانەی تۆمارکراون لەبەڕێوەبەرایەتیەکانی هاتووچۆی شارەکانی هەرێم و کڕدرابن بۆ میری وپاش چەند ساڵ دەفرۆشرێنەوە بە زیادکردنی ئاشکرا، دەبێت موڵکداریەکانیان لە بەڕێوەبەرایەتی گومرگی پەیوەندیدار بچەسپێت بۆ ئەو کەسەی کە کڕیوویەتی بەئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتووچۆ.

٢- ئەو ئۆتۆمبێل و ئامێرانەی لەدەرەوە هاتوون و کڕدرابن بۆ دەزگاکانی میری و پاشان فرۆشرابن بەزیادکرنی ئاشکراو تۆمار نەکراون لە بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆکانی هەرێم ، دەبێت بەپێی ئەومەرجانەی کە لە زیادکرنی ئاشکرا بڕیاری لە سەر دراوە کاری بۆ ئەنجام بدرێت.

٣- ئەو ئۆتۆمبێل و ئامێرانەی بەزیادکردنی ئاشکرا لە لایەن هێزی (عێراقی ، کوردستانی) یان (ڕێکخراوەکان یان هەر لایەنێکی تری ناحکومی) دەفرۆشرێن ، دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی وەزارەتی ناوخۆ و دارایی بەپێی ڕێنماییە کارپێکراوەکان دوای وەرگرتنی ڕەسمی گومرگی بەپێی پێناسە کاری تۆماریان بۆ ئەنجام دەدرێت.

**حەوتەم:**

١- ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە مۆدێلیان سەرووی مۆدێلی ڕێگا پێدراوە کە لە سەرەتای هەموو ساڵێك و پێش ٩/١ هاوورده دەکرێت دەبێت بە پێی ژمارەی لاشەیان ڕێگایان پێبدرێت و ڕێژەی (٧٪)بۆ سەر بەهاکەی زیادبکرێت بۆ وەرگرتنی ڕەسمی گومرگی .

٢- لە کاتی هاتنی ئۆتۆمبێل وئامێر ئەگەر مۆدێلی لە ناو ژمارەی لاشەی دیار نەکرابوو پشت بە بەرواری بەرهەمهێنانی ئۆتۆمبێلەکە یان پشت بە مۆری سەر ئۆتۆمبێلەکە یان بەڵگەنامەی کۆمپانیای دروست کەر دەبەسترێت، یان پشت بە زانیاری ئەلیکترۆنی ببەسترێت .

٣- ئەو ئۆتۆمبێلانەی مۆدێلیان لە ناو ژمارەکانی لاشە دیاری نەکراوە، بۆ دیاری کردنی مۆدێلەکەی پێویستە بەرواری دروست کردنی ئۆتۆمبێل لەچەند شوێنێك هەبێت ، لە مانگی ( ٧ ) و بەدواوە بە مۆدێلێك سەر دەکەوێت بۆ ساڵی ئایندە بە بەراورد بە مۆدێلی ئۆتۆمبێلەکە.

**هەشتەم** : بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشە گومرگیەکانی تایبەت بە ئۆتۆمبێل و ئامێر کە گۆڕانکاری تێدا دەکرێت، لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی هاتووچۆوە نوسراو ئاڕاستەی بەڕێوەبەرایەتیە گومرگیەکانی (هەولێر و دهۆك و سلێمانی و هەڵەبجە) دەکرێت . بۆ دیاری کردنی ڕەسمی گومرگی پێویستە بەپێئەو بەهایەی کە لە ناو پێناسەی گومرگیدا دیاری کراوە کار بکرێت .

١- ئەو ئۆتۆمبێل و ئامێرانەی گۆڕانکاری لە کابینە (قمارە) یان (لاشە) کرابێت بەمەرجێك بەڵگەنامەی ڕەسمیان هەبێت و ڕەسەن بن چەسپاندنی خەسڵەتەکانیان (تثبیت مواصفات) یان بۆ دەکرێت و کرێی پشکنینیان لێوەردەگیرێت.

٢- کرێ ی پشکنینی ماتۆڕسکیل بە هەموو جۆرەکانیەوە (١٠) دە هەزار دینار کرێی پشکنین + (٢) دوو هەزار دینار پوولی دارایی + (٣) سێ هەزار دینار فۆڕم = (١٥) پازدە هەزار دینار وەردەگیرێت.

٣- کرێی لێدانی پنتە (٢٥) بیست و پێنج هەزار دینار بۆ هەموو جۆرە ئۆتۆمبێل و ئامێرێك دەبێت.

٤- ئەو ئۆتۆمبێلانەی لاشە و قەمارەیان جیاواز نیە واتە یەك پارچەن ( بەلەم)ن ئەگەر پلێتی قەمارەی کەوتبوو پێویستە ژمارە و دروشمی (شعار)ی هەرێمی پێ بدرێت.

٥- ئەو ئۆتۆمبێلانەی تۆمارکراون لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی هاتووچۆی (هەولێر- سلێمانی- دهۆك - هەڵەبجە) و مامەڵەی لە ناوبردنیان (ترقین قید) بۆ دەکرێت بە ڕەزامەندی بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆ ، دەبێت ڕەوانەی بەڕێوەبەرایەتی گومرگی پەیوەندیدار بکرێت بۆ ئەنجامدانی کاری گومرگی و یاسایی .

٦- ئەو ئۆتۆمبێل وئامێرانەی ساڵیانە (سنوی)یان هەیەو تۆمارن لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی هاتووچۆو لاشە و کابینە (قمارە) یان جیاوازە واتە لەیەك جیادەکرێتەوە، ئەگەر لاشە یان بڕابێتەوە یان ژمارەکانیان دەستکاری کرا بێت هیچ کارێکی گومرگیان بۆ ئەنجام نادرێت تەنها دەبێت لە ڕێگای دادگای گومرگی و بەپێی یاسای گومرگی یەکلایی بکرێتەوە.

٧- ئەو ئۆتۆمبێل و ئامێرانەی کابینە ( قەمارە) یان لێك جیا دەکرێتەوە و لاشەی کابینەیان گۆڕڕاوە یان کابینەیان بڕاوەتەوە یان پلێتی کابینەیان دەست کاری کراون یان پلێتیان کەوتووە یان گۆڕداوە دەبێت ڕەوانەی دادگای گومرگی بکرێن .

٨- ئەو ئۆتۆمبێل و ئامێرانەی لاشە و کابینەیان لێك جیا ناکرێتەوە ( بەلەم )ن لاشەیان بڕاوەتەوە دەبێت تەنها بۆ هەڵوەشاندنەوە بێت وە لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی گومرگی پەیوەندیدار کاری هەڵوەشانەوەیان بۆ ئەنجام بدرێت بەپێرێکارە یاساییەکان .

**نۆیەم** : بۆ ئەنجامدانی هەڵسوکەوتی گومرگی بۆ ئەو ئوتۆمبێل و ئامێرانەی گۆڕانکاریان تێدا دەکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

١ - ئەو ئۆتۆمبێل و ئامێرانەی کە گۆڕانکاری لە ڕەنگەکانیان دەکرێت (٥٠) پەنجا هەزار دیناریان وەك سزای گومرگی لێ وەردەگیرێت ئەگەر بەبێ ڕەزامەندی هاتووچۆ و گومرگ کرابێت ، بەڵام ئەگەر بە ڕەزامەندی ڕەنگیان گۆڕی بوو چەسپاندنی خەسڵەتەکانیان بۆ دەکرێت و تەنها کرێی پشکنینیان لێ وەردەگیرێت.

٢ - ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە لاشە و کابینە (قمارە) یان جیاواز نیە (بەلەم)ن وژمارەکانی لاشەیان ڕەسەن بێت وە گورانکاری لە پلێتیان کرابێت بەهەر هۆکارێکی نەخوازراو بێت ، کرێی لێدانی پنتە و کرێی پشکنینیان لێ وەردەگیرێت .

٣ - لە کاتی دەستکاری کردنی پلێتی کابینە ، بۆ ئەو ئۆتۆمبێلانەی لاشە و کابینەیان جیا دەکرێتەوە واتە (بەلەم ) نین لە ئەنجامی کۆن بوون یان پێکادان (دەعم )..هتد ، بڕی (١٪) لەسەر بەهاکەیان لێ وەردەگیرێت وەک پێبژاردن (غرامە) لەگەڵ کرێی لێدانی پنتە و کرێی پشکنین .

٤ - بۆ ئۆتۆمبێلی (صالۆن ،استیشن ، بارهەڵگر ، ئامێر، ئامێری کشتوکاڵی) کە ژمارەی لاشەیان دەستکاری کرابێت یان چاپی دەرەوە بێت سزا بە ڕێژەی (٣٪) لەسەر بەهاکەی وەردەگیرێت لەگەڵ کرێی لێدانی پنتە و کرێی پشکنین.

٥ - ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە ژمارەی لاشەیان ڕەسەنە و زیاتر لە جێگایەك پلێتی قەمارەیان هەیە لە کاتی کەوتنی یەکێك لە پلێتەکان، تەنها چەسپاندنی خەسڵەتەکانی (تثبیت مواصفات) یان بۆ بکرێت.

٦ - ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە لاشە و کابینەیان لێك جیاناکرێتەوە (بەلەم)ن زیاتر لە جێگایەك ژمارەی لاشە و پلێتیان هەیە ئەگەر دەستکاری یەکێك لە ژمارەکان کرابوو لە جێگایەکی تر ڕەسەن بوو، ئۆتۆمبێلەکەش بڕاوە نەبوو چەسپاندنی خەسڵەتەکانی (تثبیت مواصفات) یان بۆ بکرێت .

٧ - ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە بەشێوەی نایاسایی دەستکاری ژمارەی لاشەیان کراوە یان لاشەیان گۆڕدراوەو سەرەتاکانی (اولیات)ی یاساییان نیە ڕەوانەی دادگای گومرگی بکرێن بۆ یەکلایی کردنەوەی کێشەکەیان.

٨ - ئەو ئۆتۆمبێلانەی ژمارەی لاشەیان بڕراوەتەوە یان لەژێرەوە ژمارەی لاشەی ڕەسەنی تر هەیەو شاردراوەتەوە و لاشەیەکی تری لەسەر دراوە یان ژمارەی لاشەی گۆڕدراوە بەمەبەستی گۆڕینی مۆدێلەکەی یان هەر شتێکی تر، پێویستە بکرێتە کێشەی گومرگی لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گومرگی پەیوەندیدار و ڕەوانەی دادگای کومرگی بکرێت بۆ یەکلایی کردنەوەی کێشەکەی.

٩ - پەمپی کۆنکرێت یان خەباتەی میکسەر:

أ- ئەگەر گۆڕانکاریان تیا کرابێت و سەرەتایان هەبێت تەنها کرێ ی پشکنین وەردەگیرێت و جێگیر کردنی خەسڵەتەکانی بۆ دەکرێت بە مەرجێك ڕەزامەندی وەزارەتی ناوخۆی هەبێت .

ب- ئەگەر گۆڕانكاریان تیا كرابێت و سەرەتایان نەبێت وەك سزا بڕی (٢٪)ی بەهاكەی لێ وەربگیرێت بەپێی پێناسەی گومرگی و جێگیر كردنی خەسڵەتەكانی بۆ دەكرێت بە مەرجێك ڕەزامەندی وەزارەتی ناوخۆی هەبێت.

١٠ - ئەو ئۆتۆمبێلانەی كە پێشتر تۆماركراون و كێشەیان هەیەو مودێلەكانیان خوار مۆدیلی ڕێگە پێدراوەو لە ناو پێناسەدا بەهاكانیان دیاری نەكراوە بەپێی ئەم بەهایانەی خوارەوە دەخەمڵێنرێن و لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی گومرگی پەیوەندیدارەوە( سلێمانی ، هەولێر ، دهۆك ، هەڵەبجە) كاریان بۆ بكرێت :

**خشتەی بەهای ئۆتومبێلەكانی خوار مۆدێلی ڕێگەپێدراو**

| ژ | ئۆتۆمۆبێل | بەهای گومرگی بە دینار |
|---|---|---|
| ١ | ساڵون + ساڵون ستیشن تا مۆدێل ١٩٨٩ | **٣,٠٠٠,٠٠٠** |
| ٢ | ئۆتۆمبێلی ستیشن + پیكاب هەموو جۆرێك تا مۆدێل ١٩٨٩ | **٤,٠٠٠,٠٠٠** |
| ٣ | ئۆتۆمبێلی ساڵون + ساڵون ستیشن مودێل (١٩٩٠ تا ١٩٩٩) | **٥,٠٠٠,٠٠٠** |
| ٤ | ئۆتۆمبێلی ستیشن + پیكاب هەموو جۆرێك مودێل (١٩٩٠ تا ١٩٩٩) | **٦,٠٠٠,٠٠٠** |
| ٥ | ئۆتۆمبێلی ساڵون + ساڵون ستیشن مۆدێل (٢٠٠٠ تا ٢٠٠٥) | **٧,٠٠٠,٠٠٠** |
| ٦ | ئۆتۆمبێلی ستیشن + پیكاب هەموو جۆرێك مودێل (٢٠٠٠ تا ٢٠٠٥) | **٨,٠٠٠,٠٠٠** |
| ٧ | ئۆتۆمبێلی ساڵون + ساڵون ستیشن مودێل (٢٠٠٦ تا ٢٠٠٩) | **٩,٠٠٠,٠٠٠** |
| ٨ | ئۆتۆمبێلی ستیشن + پیكاب هەموو جۆرێك مودێل (٢٠٠٦ تا ٢٠٠٩) | **١٠,٠٠٠,٠٠٠** |
| ٩ | ئۆتۆمبێلی ساڵون + ساڵون ستیشن مۆدێل (٢٠١٠ تا مۆدیلی ڕێگا پێدراو | **١١,٠٠٠,٠٠٠** |
| ١٠ | ئۆتۆمبێلی ستیشن + پیكاب هەموو جۆرێك مودێل (٢٠١٠ تا مۆدیلی ڕێگاپێدراو) | **١٢,٠٠٠,٠٠٠** |

١١- بۆدی لۆری، بۆدی گەلابە، عارەبانەی تەنكەر، عارەبانەی فلات ، ئەگەر دروستكراوی ناوخۆ بێت یان لەشارەكانی تری عێراق دروست كرابێت ، تەنها كرێی پنتە لێدان و كرێی پشكنینی لێ وەردەگیرێت .

١٢- عارەبانە ئەگەر پلێتەكەی دەستكاری كرابوو یان حفری لاشەی ڕەسەن نەبوو یان حفری لاشەو پلێتەكەی دەستكاری كرابوو دەبێت ڕەوانەی دادگای گومرگی بكرێت.

١٣- هەر عارەبانەیەك ئەگەر ژمارەی لاشەی حەفری ڕەسەن بوو، وە پلێتەكەی دەستكاری كرابوو یان كەوتبوو یان نەیبوو، چەسپاندنی خەسڵەتەكانی بۆ دەكرێت بە كرێی پشكنین.

١٤- عارەبانە ئەگەر حەفری لاشەی نەبوو تەنها پلێتەی هەبوو وە پلێتەكەشی دەستكاری كرابوو لە سنوورەكان ڕێگایان پێ نادرێت بۆ ناو هەرێم .

١٥- عارەبانەی ترێلە كە دروستكراوی بیانیە و سەرەتای نیە و ژمارەی لاشەی ڕەسەنە و دەستكاری نەكراوە دەبێ ڕەزامەندی وەزارەتی ناوخۆی هەبێت ئینجا كاری تۆماری بۆ دەكرێت بەو ڕێژەیەی كەلە ناو پێناسەی گومرگی دیاری كراوە وە بڕی(٥٪)ی وەك پێبژاردن(غرامە)ی لێ وەردەگیرێت لەڕەسمی گومرگی

١٦- هەر عارەبانەیەك ژمارەی لاشەی نەبوو، ژمارەی لاشەی تەنها لە سەر پلێت بوو ، پلێتەكە ڕەسەن بوو پێویستە ژمارە و دروشمی گومرگی لێبدرێت بە وەرگرتنی كرێی لێدانی پنتە و كرێی پشكنین ، لەبەر ئەوەی پلێتەكەی قابیلی كەوتن و لێبوونەوەیە.

-١٧

أ - ئەو ئۆتۆمبێل و ئامێرانەی هاتوونەتە ناو هەرێم و تۆمار کراون پاشان لە کاتی پشکنینیان لە لایەن بەڕێوەبەرایەتیەکانی هاتووچۆ دەردەکەوێت کە ژمارەی لاشەیان دەستکاری کراوە دەبێت ڕەوانەی بەڕێوەبەرایەتی گومرگی پەیوەندیداری پارێزگاکان بکرێت بۆ ئەوەی بکرێتە کێشەی گومرگی و دواتر ڕەوانەی دادگای گومرگی بکرێت بۆ یەکلایی کردنەوەی کێشەکەی.

ب- ئەو ئوتۆمبێل و ئامێرو عەرەبانانەی ژمارەو دروشمی هەرێمیان لێ دراوەو سەرەتاکانیان گواستراونەتەوە لە نێوان پارێزگاکانی هەرێم ، ئەگەر ژمارەو دروشمەکە هیچ کێشەی نەبوو ، چەسپاندنی خەسڵەتەکانی بۆ بکرێت، ئەگەر کاڵ ببوەوە ئەوا ژمارەو دروشمی نوێ ی لێ بدرێت بەبێ سزای گومرگی و تەنها کرێی پشکنین و کرێی لێدانی پنتەی لێ وەربگیرێت و لە بەڕێوەبەرایەتی گومرگەکان ژمارە ودروشمی ئەو پارێزگایەی لێ بدرێت کە سەرەتاکانی بۆ گواستراوەتەوە.

ج - ئەو ئۆتۆمبێل و ئامێرانەی دێنە ناو هەرێم و ژمارە (کاتی) ن لە کاتی پشکنینی هاتووچۆ دەردەکەوێت کە ژمارە لاشەی دەستکاری کراوە واتە ڕەسەن نی یە، یان هەر کێشەیەکی هەیە پێویستە بەڕێوەبەرایەتی گومرگی پەیوەندیدار لە ڕێگای بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگ داوای پێکهێنانی لیژنەیەك بکات بۆ یەکلایی کردنەوەی کێشەکەی.

-١٨ ئەو ئۆتۆمبێل و ئامێرانەی کە دەکرێنە کێشەی گومرگی ، ئەگەر مۆدێلی ڕێگاپێدراو بوو لە سەر بەهای پێناسەی گومرگی بەهاکەی دیاری دەکرێت وە ئەگەر مۆدێلی ڕێگە پێدراو نەبوو بەپێی خشتەی خاڵی(٩) بڕگەی (١٠) ( خشتەی نرخی ئۆتومبێلەکانی خوار مۆدێلی ڕێگەپێدراو )کاری بۆ ئەنجام بدرێت .

**دەیەم :**

١ - گۆڕینی کابینە (قەمارە) یان لاشە قەدەغەیە جگە لەو کابینە (قمارە) یان لاشـەیە کە سـەرەتایان هەیە و دەیسەلمێنێ لە دەرەوە هاتووە ، یان بە نووسـراوی تـرقین قیـد لە مەزادی ئاشـکرادا کـڕدراوە بە ئاگاداری لایەنی پەیوەندیدار، پاشان بە لیژنە لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی گـومرگی پەیوەندیـدار کـابینە کـۆنەکە یـان بکرێتەوە یان لاشە کۆنەکە پارچە پارچە بکرێت .

٢ - بۆ هێنانی کابینەی ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر لە دەرەوەی هەرێم دەبێت کۆنووسـی پشـکنینی بـۆ ڕێـك بخرێـت لەلایەن لیژنەی هاوبەشـی بەڕێـوەبەرایەتی گشـتی گـومرگ و بەڕێـوەبەرایەتی گشـتی هـاتووچۆ ، پاشـان بەنووسراو ئاڕاستەی ئەو دەروازەیە دەکرێت کە کابینەکەی لێوە دێتە ناو هەرێـم. ئەگەر کـابینە کـۆنەکەی نەمابوو سزا بدرێت بە بڕی ( ٢٥٠٠٠ - ١٠٠٠٠٠ ) دینار وەک سزای سـەرپێچییەکانی یاسـاو ڕێنمـایی گـومرگی کە لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی گومرگی پەیوەندیدارەوە دیاری دەکرێت.

**یانزە** : ئەو ئۆتۆمبێل و ئامێرانەی بێ ژمارەن و بێ سەرەتان و وەزارەتی ناوخۆ داوا دەکات تۆمار بکـرێن یـان تۆمار کراون بەپێی بڵاونامەی ژمارە (٦)ی ساڵی (٢٠٠٣) و دیاریکردنی بەهـاکەی بەپێـی خشـتەی (خـاڵی ٩ /بڕگەی ١٠) ( خشـتەی نرخی ئۆتومبێلەکـانی خـوار مـۆدێلی ڕێگەپێـدراو )هەڵـس و کەوتـی لەگەڵ بکرێـت ، ئەگەر دەستکاری ژمارەی لاشەیان کرابوون دەبێت ڕەوانەی دادگای گومرگی بکرێن.

**دوانزە** :

١ - ئەو ئۆتۆمبێل وئامێرانەی تۆمار کراون لە بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی شارەکانی هەرێمی کوردستان و خاوەنی دەیەوێ بیباتە دەرەوەی هەرێم بەیەکجاری دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتووچۆ بەپێی پێناسەی گومرگی بە رێژەی (٢٪) رەسمی گومرگیان لە بەهای ناو پێناسە لێ وەربگیرێت بە ڕەزامەندی بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگ، وە ئەگەر مۆدێلەکانیان لە خوار مۆدێلی ڕێگاپێدراو بوو بەپێیەو خشتەیەی کە دیاری کراوە لە( برگەی نۆیەم / خاڵی ١٠ ) ( خشتەی نرخی ئۆتومبێلەکانی خوار مۆدێلی ڕێگەپێدراو) هەڵسوکەوتی لە گەڵ بکرێت وە پێویستە ساڵانە و تابلۆکەی بگەڕێنرێتەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی شارەکان .

٢ - ئەو ئۆتۆمبێل و ئامێرانەی کە هاتوونەتە ناو هەرێمی کوردستان و تۆمار نەکراون و ژمارەی کاتیان پێدراوە دەتواندرێت لە دوای (٢) دوو مانگ لە بەرواری هاتنیان بۆ ناو هەرێم هەناردەی دەرەوەی بکەن بە ڕێژەی (٢٪) ڕەسمی گومرگیان لێ وەربگیرێت لە سەر بەهای ناو پێناسە ، وە لە دوای ئەم بەروارە ئەگەر تۆمار نەکرابوون و فرۆشرابوون بۆ هەر مانگێك بڕی (١٠٠,٠٠٠) سەد هەزار دینار وەك سزای مانەوەیان لی وەربگیرێت بە ڕەزامەندی بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگ و ئەگەر نەفرۆشرابوون وەرنەگیرێت .

**سیانزە** : ڕێگا نادرێت بە هاوردەکردنی ئەو ئۆتۆمبێلانەی (بەرلافاو کەوتوون ، سوتاون ، وەرگەڕاون و زیانی گەورەیان پێ گەیشتووە ، بڕاوەن ، پێکدادانی قورسیان کردبێت) بۆناو هەرێمی کوردستان .

**چواردە** : ئەو ئۆتۆمبێل و ئامێرانەی دێنە ناو هەرێمی کوردستان ئەگەر هەڵە لە ژمارەی لاشەیان لەگەڵ مەنەفێستەکەی هەبێت لە بەڕێوەبەرایەتی گومرگی ( هەولێر ، دهۆك ، سلێمانی ، هەڵەبجە) بۆیان ڕاست بکرێتەوە بە مەرجێك ئەو ژمارە هەڵەیە کاریگەری لە سەر گۆڕینی مۆدێل نەبیت . وە ئۆتۆمبێلی کیلۆ مەتر سفر ئەگەر (٣) سێ ژمارەی لاشە سەرەتاییەکەی پێکەوە هەڵە بوون یان هەشتەمین ژمارە کە مۆدێل دیاری دەکات هەڵە بێت پێویستە ڕەوانەی دەروازەی ئەو سنوورە بکرێتەوە کە لێوەی هاتۆتە ناو هەرێم بۆ ڕاست کردنەوەیان .

**پانزە** : بۆ هێنانی ئۆتۆمبێلی زرێپۆش (درع) بۆ ناو عێراق و هەرێم پێویستە ڕەچاوی ئەم مەرج و خاڵانەی خوارەوە بکرێت بۆ هەر کەسێك و هەر کۆمپانیایەك :-

١ - هاوردەکردنی ئۆتۆمبێلی زرێپۆش پێویستی بە رەزامەندی وەزیری ناوخۆ هەیە .

٢- ئۆتۆمبێلی زرێپۆش تۆمار دەکرێت لە تۆمارگەی تایبەتی بڕوادار لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتووچۆی ناوەند یان هەرێم لە ماوەی (٣٠) سی ڕۆژ لە بەرواری هاتنی.

٣- پێویستە فەرمانگەکانی میری و هاووڵاتیان و کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت و تێکەڵاو، وەلایەنەکانی تر هەستن بە تۆمارکردنی ئۆتۆمبێلی زرێپۆش (درع) کە تایبەتە بە خۆیان وە پێشوو تر تۆمار نەکراوە یان گۆڕانی بە سەردا هاتووە (تحویر)کراوە لە ئۆتۆمبێلی ئاسایی بۆ زرێپۆش لە تۆمارگەیەکی تایبەتی باوەڕپێکراو لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتووچۆ.

٤-پێویستە ڕەزامەندی بەڕێوەبەری گشتی هاتووچۆ یان دەسەڵات پێدراو وەربگیرێت لە کاتی گواستنەوەی مۆڵکیەتی زرێپۆش لە فرۆشیار بۆ کڕیار.

٥-لەکاتی گۆڕینی (تحویر) ئۆتۆمبێلی ئاسایی بۆ زریپۆش دەبێت ڕەزامەندی وەزیری ناوخۆی لە سەر بێت و لە بەرێوەبەرایەتی گشتی هاتووچۆوە بنێردرێتە بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگ بەمەبەستی پێدانی ڕەزامەندی ناردنی بۆ بەڕێوەبەرایەتی گومرگی پەیوەندیدارو پشکنینی بۆ بکرێت و ئەو پارچانەی کە گۆردراوە ( تثبیت مواصفات ) بکرێت و کرێی پشکنینی لێ وەربگیرێت.

٦- بڕیارەکە ئەو ئۆتۆمبێلە زریپۆشانە ناگرێتەوە کە بەشێوەی هێنانی کاتی (ادخال كمرك مؤقت) هاتۆتە ناو هەرێم بە مەرجێك بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگ ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتووچۆ بکات بەو ژمارە کاتیە و جۆرو ژمارەی لاشەو مۆدێلەکەی کە دراوەتە ئۆتۆمبێلی دیاری کراو وە ناونیشانی ئەو لایەنەی کە بەکاری دەهێنێت بۆ ماوەی (٣٠) سی رۆژ.

٧- ئۆتۆمبێلی زریپۆش یان پارچەو جام وکەل وپەلەکانی ئۆتۆمبێلی زریپۆش (درع) بەپێی پێناسەی گومرگی ( دووقات )ی ڕەسمی گومرگی لێوەردەگیرێت.

**شانزە** : ئەو ئۆتۆمبێل و ئامێرانەی دێنە ناو هەرێم پاشان خاوەنەکانیان ڕەخنەیان هەیە لە سەر مۆدێلەکانیان پێویستە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان سەردانی ئەو دەروازەیە بکەن کە ئۆتۆمبێلەکەی لێوەی هاتۆتە ناو هەرێم بەمەرجێك دیاری کردنی مۆدێلەکەی لەسەر پێکهاتەکانی نەبێت .

**حەڤدە**:

١- لیژنەی هاوبەش لە نێوان بەڕێوەبەرایەتی گومرگی (هەولێر و دهۆك و سلێمانی و هەڵەبجە) و بەڕێوەبەرایەتیەکانی هاتووچۆی پەیوەندیدار دروست دەکرێت بۆ چارەسەرکردنی هەر کێشەیەکی ئۆتۆمبێل و ئامێر کە رۆژانە دێتە پێش.

٢- بۆ هەر پێشهاتێك و کێشەیەکی ئۆتۆمبێل و ئامێر لە دەروازە سنووریەکان دێتە پێش بە لیژنەی هاوبەش لە ئاستی پارێزگاکان لەگەڵ دەروازە سنووریەکان بڕیاری لە سەر دەدەن ، ئەگەر نەتوانرا چارەسەری بکەن لە ڕێگای لیژنەیەکی باڵای بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگ و بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتووچۆ بڕیاری لە سەر دەدرێت و دەبێتە بڕیاری کۆتایی.

**هەژدە** : ئەو ئۆتۆمبێل و بارهەڵگر و ئامێرانەی کە دێنە ناو هەرێم و ژمارەی لاشەیان ڕەسەنە بەڵام ژمارەکانیان (خۆرکە) لێی داوە و چەند ژمارەیەکیان دیارە و مۆدیلەکەیان ڕێگاپێدراوە پێویستە لە ناو مەنەفێست ئاماژەی پێدرابێت ، وە ئەگەر ئەو بارهەڵگر و ئامێرانەی کە مۆدێلیان لە ناو ژمارەی لاشەیان دیاری دەکرێت بەڵام ژمارەکانی دیار نەبوون ڕێگای پێنادرێت.

**نۆزدە** : ئەو هاوڵاتیانەی کە عێراقین و ڕەگەزنامەی بیانیان هەیەو ئۆتۆمبێلی خۆیان هێناوەتە ناو هەرێمی کوردستان ، پێویستە بەم شێوەیەی خوارەوە ڕەفتاریان لەگەڵ دا بکرێت:

١- ئەگەر خاوەنەکەی نەیویست ئۆتۆمبێلەکە بگەڕێنێتەوەو لە سەرداواکاری خۆی دەستبەرداری دەبێت، ئەوا ئەو ئۆتۆمبێلە دەبێتە موڵکی وەزارەتی دارایی و ئابووری .

٢- ئەو هاوڵاتیەی ئۆتۆمبێل لەگەڵ خۆی دەهێنێت و داوادەکات نەیگەرێنێتەوە ، هەڵسوکەوتی گومرگی لەگەڵ دا دەکرێت بەم مەرجانەی خوارەوە :-

أ- مۆدێلی ڕێگاپێدراو بێت.

ب-ژمارەی لاشەی ڕەسەن بێت.

ج-لەلایەن کۆمپانیای پشکێنەر پشکنینی بۆ بکرێت و (coc) هەبێت وەکو ئۆتۆمبێلی ئاسایی .

د - ساڵیانەکەی ڕەسەن بێت کە بیسەلمێنێ بەناوی خاوەنەکەیەتی.

ه - ئەو هاووڵاتیە پێویستە عێراقی بێت و بەڵگانامەی عێراقی هەبێت.

و - بە وەکالەت نابێت و بۆ کۆمپانیاش نابێت.

ز - پێویستی بە مۆڵەتی هاووردن نیە.

ح - دەبێت لەووڵاتی سەرچاوە کاری مراندنی بۆ کرابێت .

**بیست** : ئەو هاووڵاتیە عێراقیانەی کە لە دەرەوەی ووڵات دەژین و بە ئۆتۆمبێلی تایبەتی خۆیان بە شێوەی کاتی دێنە ناو هەرێمی کوردستان پاشان دەگەڕێنەوە ،پێویستە بەپێی ئەم خاڵانەی خوارەوە هەڵسووکەوتیان لەگەڵدا بکرێت:-

١- ڕێگایان پێدەدرێت بۆ ماوەی (١٨٠) سەدو هەشتا ڕۆژ بمێننەوە پاشان دەبێت ئۆتۆمبێلەکە بگەڕێننەوە بۆ دەرەوەی ووڵات ، وە ئەگەر لەو ماوەیە دواکەوت بۆ هەر ڕۆژێك بڕی (٣) سێ هەزار دیناری لێ وەربگیرێت وەکو سزای دواکەوتن .

٢- ئەگەر ئۆتۆمۆبێلەکە پاش ماوەی (١٨٠) سەدو هەشتا ڕۆژ بە دەست یەکێکی ترەوە بوو وە خاوەنەکەی ئامادە نەبوو ، دەبێت ئەو ئۆتۆمبێلە دەستی بەسەردابگیرێت لە لایەن پۆلیسی هاتووچۆوە و ، ڕەوانەی نزیکترین بەڕێوەبەرایەتی گومرگی بکرێت ، وە ئەگەر خاوەنەکەی دوای (٣) سێ ڕۆژ ئامادە نەبوو ئەوا بەپێی مادەی (١٩١-١٩٢) ی یاسای گومرگی ژمارە (٢٣) ساڵی ١٩٨٤ ڕێوشوێنی یاسایی بەرامبەر دەگیردرێتە بەر ، ئەگەر خاوەنە ڕەسەنەکەی ئامادە بێت ئۆتۆمبێلەکەی پێ دەدرێتەوە .

٣ - لە جیاتی وەرگرتنی پاسپۆرت مۆرێکی تایبەتی بە هێنانی ئۆتۆمبێل لە پاسپۆرتەکەیان بدرێت لەلایەن بنکەی پاسپۆرتەوەو، جۆرو مۆدیل و ژمارەی لاشە لەسەر پاسپۆرتەکەی تۆمار بکرێت و ناونیشانی تەواوی هاوڵاتیەکە وەربگیرێت و ژمارەی پاسپۆرت و ژمارەی مۆبایل بخرێتە سەر فۆڕمی پشکنینی ئۆتۆمبێلەکە.

٤ - لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گومرگەوە پشکنینی ئۆتۆمبێلەکە بە خەسڵەتەکانیەوە لە فۆرمێکی تایبەت ڕێك بخرێت.

٥- لەکاتی گەڕانەوەی خاوەن ئۆتۆمبێل لە هەر دەروازەیەکی زەمینی و ئاسمانی ، ڕێگەی پێ نەدرێت تاکو ئۆتۆمبێلەکە دەگەڕێننەوە.

٦- ئەگەر ئۆتۆمبێلەکەی فرۆشتبوو یان خاوەنەکەی نەی گەڕاندبۆوە ، پێویستە ئۆتۆمبێلەکە دەستی بەسەردا بگیرێت لە لایەن پۆلیسی هاتووچۆوە ، یان هەر مەفرەزەیەکی ترو پاشان ڕەوانەی نزیکترین بەڕێوەبەرایەتی گومرگی بکرێت و بەپێی یاسای گومرگی ژمارە (٢٣)ی ساڵی (١٩٨٤) سزا بدرێت و بەهای ئۆتۆمبێلەکە لە لایەن لیژنەیەکەوە دیاری بکرێت لە گومرگی پەیوەندیدار.

٧ - پێویستە ئۆتۆمبێلەکە لەم ووڵاتە بهێنرێت کە تۆمار کراوە ، وە سەرەتاکان بەناوی ئەو کەسەوە بێت کە ئۆتۆمبێلەکە دێنێت ، ئەگەر ئەو کەسەی کە ئۆتۆموبێلەکە لێ دەخوڕێت بە ناوی خۆی نەبوو پێویستە شوفێری ئۆتۆمبێلەکە وەکالەتی خاوەن ئۆتۆمبێلەکەی هەبێت لەو ووڵاتەی کە ئۆتۆمبێلەکەی تێدا تۆمار کراوە .

٨ - هەر ئۆتۆمبێلێك مۆدێلی ڕێگا پێدراو نەبوو وە لە دەرەوە (اسقاط) کرابوو ڕێگای پێ نادرێت بەشێوەی کاتی بێتە ناو هەرێم .

٩ - ئەو کەسانەی کە لە دەرەوەی هەرێم دێنەوە و بە ئۆتۆمبێلی تایبەتی خۆیان ، وە فەرمانبەرن یان مامۆستای زانکۆن لە دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێم، دوای وەرگرتنی سەرەتاکان و هێنانی نووسراوی فەرمی لە وەزارەتی پەیوەندیدار دەبێت خەسڵەتەکانی ئۆتۆمبێلەکە دیاری بکات و بۆیان هەیە ئۆتۆمبێلەکانیان لا بێت تا ماوەی (١) یەك ساڵ وە لە کاتی نوێ کردنەوەدا بە هەمان شێوە ڕەزامەندی وەزارەتی پەیوەندیدار بهێنێت.

١٠ - بۆ ئەو کەسانەی کە مامۆستای ( زانکۆو پەیمانگاکان )ن و خاوەن ڕەگەزنامەی عێراقین لەدەرەوەی وولات دەژین وە هاوسەری یەکترن واتا (ژن و مێرد)ن، کاتێك بە ئۆتۆمبێلی تایبەتی خۆیان دێنەوە دەبێت ئۆتۆمبێلەکە بە ناوی یەکێکیان بێت و بۆیان هەیە وەکالەت بدەنە یەکتری بە مەبەستی نوێکردنەوەی ماوەی مانەوەیان لە هەرێمی کوردستان.

١١- ئەو هاووڵاتیانەی عێراقین کە ئۆتۆمبێلی تایبەتی خۆیان پێیە و ژمارە بیانین ، کاتێک بیانەوێت سەفەری دەرەوەی وولات بکەن لە ڕێگای فڕۆکەخانەکانی هەرێم و ئۆتۆمبێلەکە لە هەرێم بەجێ بهێڵن ، دەبێت ڕەزامەندی بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگ و وەزارەتی ناوخۆ وەربگرن و ئەگەر بەرواری مەنەفیستەکانیان (١٨٠) ڕۆژی بەسەردا تێپەڕ نەبووبێت ڕاستەوخۆ ڕەزامەندیان پێ دەدرێت ، ئەگەر تێپەڕ ببوو دەبێت غەرامەی ئەو ماوەیە بکرێت و دەتوانێت ئۆتۆمبێلەکەی تا ماوەی (٣) سێ مانگ لە گۆڕەپانی گومرگ ڕابگرێت و شەوانە (٥,٠٠٠) پێنج هەزار دینار کرێی دانانی ئۆتۆمبێلەکەی لێوەربگیرێت وە دەبێت بەڵێن نامە بدات کە تەنازول بکات لە دوای تێپەڕبوونی (٣) سێ مانگ ئۆتۆمبێلەکە ببێت بەموڵکی حکومەت وە مافی پێدانەوەی نامێنێت ، واتە هەر هاوڵاتیک کە دەگەڕێتەوەو ئۆتۆمبێلەکەی بەجێ دەهێڵێت تەنها مۆڵەتی ( ٩٠ ) ڕۆژی پێ دەدرێت و دوای ئەو ماوەیە ئۆتۆمبێلەکەی دەبێت بەموڵکی وەزارەتی دارایی و ئابووری.

١٢- ئەو هاوڵاتیانەی کە بیانین بە ئۆتۆمبێلی خویان دێنە ناو هەرێم وعێراق داوا دەکەن سەفەر بکەن لە ڕێگای فڕۆکەخانەکان و ئۆتۆمبێلەکانیان بەجێ بهێڵین لە ناو حەرەمی گومرگی فڕۆکەخانەکان، پێویستە شەوانە (٥٠٠٠) پێنج هەزار دیناریان لێ وەربگیرێت دوای وەرگرتنی رەزامەندی وەزارەتی ناوخۆ .

**بیست و یەک** : دەفتەری ڕێپێدانی گەڕانی ئۆتۆمبێل (دفتر رخصة تجوال السيارات).

ئەو هاوڵاتیانەی دانیشتووی هەرێمی کوردستانن بە ئۆتۆمبێلی تایبەتی خۆیان سەفەر دەکەن بۆ دەرەوەی هەرێم بۆ پێدانی دەفتەری گەڕانی ئۆتۆمبێل (رخصة تجوال) لە بەڕێوەبەرایەتی گومرگی پەیوەندیدار ڕەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکرێت :

١- پێویستە خاوەنی ئۆتۆمبێل و بریکارەکانی هەڵگری ڕەگەزنامەی عێراقی بن.

٢- لەکاتی دەرهێنانی دەفتەری گەڕانی ئۆتۆمبێل (دفتر رخصة تجوال السيارات) تەنها بەلێننامەی لە بەشی یاسایی لێ وەربگیرێت کە ئۆتۆمبێلەکە بگەرێنێتەوە لە ماوەی دیاری کراودا.

٣- دەبێت ئۆتۆمبێلەکە لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی هاتووچۆی شارەکانی هەرێم تۆمار کرابێت .

٤- پێویسـتە خـاوەنی ئەو ئۆتـۆمبێلانەی کە لە هەرێمـی کوردسـتان دەردەچـن داواکـاری پێشـکەش بە بەڕێوەبەرایەتی گومرگی پەیوەندیدار بکەن بۆ پێدانی دەفتەری ڕێپێدانی گەڕانی ئۆتۆمبێل .

٥- نیشانەی گڵدانەوە (حجز) لە سەر ئۆتـۆمبێلەکە دادەنرێت لە بەڕێـوەبەرایەتی هاتووچۆی پەیوەندیـدار، دوای ئەوەی بەڕێـوەبەرایەتی گـومرگ نووسـراوێك ئاڕاسـتەی بەڕێـوەبەرایەتی هاتووچۆی پەیوەندیـدار دەکات ، بۆ دڵنیابوون لە سەرەتاکان و ئەنجام نەدانی مامەڵەی فرۆشتن و بەناوکردن بۆ ئۆتـۆمبێلەکە تا وەکو بەڕێوەبەرایەتی گومرگی پەیوەندیدار ئاگاداریان دەکاتەوە لەگەڕانەوەی ئۆتۆمبێلەکە.

٦- بۆ ئۆتۆمبێلی میری دەبێت نووسراوی فەرمی لە وەزارەتی داواکار ئاڕاستەی بەڕێـوەبەرایەتی گـومرگی پەیوەندیدار بکرێت بە واژووی وەزیر یان بریکاری وەزیر .

٧- بۆ پێدانی دەفتەری ڕێگاپێدان خاوەن ئۆتۆمبێل بـۆی هەیە دوو شـوفێر دیـاری بکـات لە ڕێگـای وەکالەتی لێخوڕینی ئۆتۆمبێل وە لە کاتی دیاری کردنـی نـاوی شـوفێر یـان زیـادکردنی ئەگەر دەفـتەرەکەی بەرواری بەسەر نەچوو بوو ئەو کات هیچ ڕەسمێکی لێ وەرناگیرێت تەنها ناوی شوفێر لەسەر دەفتەرە کۆنەکە زیاد دەکرێت، وە ئەگەر دەفتەرەکە بەرواری بەسەرچوو بوو ڕەسمی دەفتەرێکی تری لێ وەردەگیرێت .

٨- بۆ پوچەڵ کردنەوەی دەفتەری گەڕانی ئۆتۆمبێل پێویستە بەڵـگەی سـەلماندنی گەڕانەوەی ئۆتـۆمبێلەکەی هەبێت وەك هێنانی ئۆتۆمبێل یان مۆری گەڕانەوەی ئۆتۆمبێلەکەی لەسەر بێت .

٩- بـڕە پـارەی دیـاری کـراو وەردەگیرێـت وەك ڕەسـمی پێـدانی دەفـتەری گەڕانـی ئۆتۆمبێـل بەم شـێوەیەی خوارەوە:

أ - بـۆ ئۆتـۆمبێلی بـارهەڵگرو کـرێ و تـایبەت بـڕی (١٦٠,٠٠٠) سـەد و شەسـت هەزار دینـار وەردەگیرێـت بـۆ دەفتەری ماوەی (٣) سێ ساڵی.

ب - بـۆ ئۆتـۆمبێلی بـارهەڵگر و کـرێ و تـایبەت بـڕی (١٢٠,٠٠٠) سـەد و بیسـت هەزار دینـار وەر دەگیرێـت بـۆ دەفتەری ماوەی (٢) دوو ساڵی.

ج - بۆ ئۆتۆمبێلی بار هەڵگر و تایبەت یان کـرێ بـڕی (٨٠,٠٠٠) هەشـتا هەزار دینـار وەردەگیرێـت بـۆ دەفـتەری ماوەی (١) یەك ساڵی .

د - بڕی (٤٠,٠٠٠) چل هەزار دینار وەردەگیرێت بۆ دەفتەری یەک سەفەری لە هەر بەڕێوەبەرایەتیەك بێت.

١٠ - لەکاتی دەرچوون و گەڕانەوەی ئۆتۆمبێل لە دەروازەکان کرێی پشکنینیان لـێ وەردەگیرێـت بـۆ ئەوانەی کە دەفتەری گەڕانی ئۆتۆمبێلیان هەیە بەپێـخشتەی کرێ ی پشکنینەکان لە ئەحکامی گشتی /خاڵی ٣٠.

١١ - لە کاتی پووچەڵ کردنەوەی دەفتەری ڕێگاپێدان ئەگەر ئوتۆمبێلەکەی ئامادە بوو پێویسـت ناکـات سـزای مۆرنەکردنی پاسپۆرت یان دەفتەری لێ وەربگیرێت.

١٢ - لەکاتی نەگەڕانەوەی ئۆتۆمبێلەکە دوای ئاگادار کردنەوەی خاوەنەکەی لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گـومرگی پەیوەندیـدار ئەگەر خـاوەنەکەی لە مـاوەی مانگێـك دوای ئاگـادار کـردنەوە پابەنـد نەبـوو بەگەڕانەوەی ئۆتۆمبێلەکەی بەپێی ماددەی (١٩١-١٩٢)ی یاسای گومرگی ژمارە (٢٣)ی ساڵی (١٩٨٤) ڕێوشـوێنی یاسـایی بەرامبەر دەگیردرێتە بەر.

١٣ - بەڕێـوەبەرایەتی گـومرگی دەروازە فەرمیەکـان لە حـاڵەتی زۆر پێویسـت بۆیـان هەیە دەفـتەری یەك سـەفەری ڕێپێـدان بـدەن بەو ئۆتـۆمبێلانەی تـایبەتن ، لە دوای گەڕانەوەیـان دەفتەرەکەیـان لـێ وەردەگیرێتەوە .

١٤ - ئەو ئۆتـۆمبێلانەی دەفـتەری گەڕانـی ئۆتۆمبێلیـان بـۆ کـراوەو دەبـرێنە دەرەوەی وولات , لەو وولاتە ئۆتۆمبیلەکە لە ناو دەچێت بە هۆی ( دزیـن، سـووتان، وەرگەڕان،..) و ئەمەش دەبێـتە هـۆی لەنـاوچوونی دەفتەرەکە. لەم حاڵەتەدا پێویستە بەڕێوەبەرایەتی گومرگی پەیوەندیدار بگەڕێـتەوە بـۆ بڕیـاری دادگـای ئەو وولاتەو ڕەزامەندی بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگی پێ وەرگیرێت و دەفتەرەکە پوچەڵ بکرێتەوە.

١٥ - ئەو بیانیانەی کە لە کوردستان نیشتەجێن وە ئۆتۆمبێلی هەرێمی کوردستانیان بەنـاوەوەیە یـان بەنـاوی کۆمپانیاکەیـانە ڕێگایـان پـێ دەدرێـت بە ئۆتـۆمبێلی خۆیـان سـەفەر بـکەن بـۆ دەرەوەی هەرێـم بەپێنووسراوی وەزارەتی ناوخۆی هەرێـم ژمـارە (١٢٣٦٧) لە ٢٠١١/٦/٦ وە بە نووسـراوی بەڕێـوەبەرایەتی گشـتی گـومرگ بە ژمـارە (٦٢٠٨) لە ٢٠١١/٦/٢٧ گشـتاندن کـراوە بە مەرجێـك کفالەت بـدات ئۆتـۆمبێلەکە بگەڕێنێتەوە ، ئینجا دەفتەری ڕێگاپێدانی (رخصة تجوال)ی پێبدرێت.

**بیست و دوو :**

١ - ئەو ئۆتۆمبێل و پاصانەی بیـانین کە وەك کـرێ و تـایبەت کـار دەکەن لە دەروازە سـنووریەکان بـۆ مـاوەی (٣٠) سی ڕۆژ ڕێگایان پێ دەدرێت لە ڕێکەوتی تەواو بوونی مۆڵەتیـان و تـا مـۆڵەتی نـوێ دەردەهێـنن ، لە سەروو ئەو ماوەیە بۆ هەر رۆژێك بڕی (٣٠٠٠) سێ هەزار دیناریان لێوەربگیرێت .

٢ - ئەو هـاووڵاتیە بیانیـانەی بە ئۆتـۆمبێلی تـایبەتی خۆیـان دێـنە هەرێمـی کوردسـتان و کـار دەکەن یـان کۆمپانیایان هەیە بە ڕەزامەندی وەزارەتی ناوخۆ ڕێگایان پێدەدرێت بۆ ماوەی (٦) شەش مانگ بمێـنەوە بە مەرجێك ماوەی ئیقامەکەیان یەکسان بێت و بەسەر نەچووبێت.

**بیست وسێ :** ئەو هاوڵاتیە عێراقیانەی لە دەرەوەی وولات لەسەفارەتەکان و نوسینگەکان کـار دەکەن لەکـاتی گەڕانەوەیان بۆ وولات بەیەکجاری ، دەتـوانن ئۆتۆمبێلـێك بۆخۆیـان بهێـنن بـۆ ڕێگـا پێـدانی مۆدیلەکەیـان دەبـێ (٥) پێـنج سـاڵ زیـاتر بەسـەر بەرواری دروسـت کردنـی تێـپەڕ نەکردبێـت بە مەرجێـك ڕەزامەنـدی وەزاڕەتـی دەرەوەی عێراقـی فیـدراڵ یـان ڕەزامەنـدی فەرمـانگەی پەیوەنـدیەکانی دەرەوەی هەرێمـی کوردستانی لەگەڵ دا بێت و بەپێی بڕیاری (٢١٦)ی ساڵی (٢٠١١) بەپێی کەمترین مۆدیلی ڕێگە پێـدراوی نـاو پێناسە رەسمی گومرگی لێ وەردەگیریت.

**بیست وچوار :** هەموو هاووڵاتیەك کە هەڵگری ڕەگەزنامەی عیراقی بێـت بـۆی هەیە یەک جـار ئۆتۆمبێلێـك بە لێخوڕین هاووردە بکات و پێویست بە مۆڵەتی هاووردن ناکات بەڵام گشت مەرجەکانی هێنـانی ئۆتـۆمبێلی لەسەر جێ بەجێ دەکرێت.

**بیست وپێنج :** لەکاتی هێنـانی ئۆتـۆمبێلی ئەنتیـك (کلاسیك) بـۆ نـاو هەرێـم دەبێـت پەیـڕەوی ئەو خـاڵانەی خوارەوە بکرێت :

١ - ڕەزامەندی وەزارەتی ناوخۆی هەبێت .

٢ - نابێت تەمەنی ئۆتۆمبێلەکە لە(٤٠) چل ساڵ کەمتربێت .

٣ - دەبێت ژمارەی لاشەی ڕەسەن بێت .
٤ - بەڵگەنامەی ڕەسەنی ئەو وولاتەی هەبێت کە لێی هاووردە کراوە .
٥- بەڵێننامە لە خاوەنی وەربگیرێت کە مافی کەسی بە سەرەوە نیە .
٦- ئۆتومبێلی کلاسیک هەموو جۆرێک هاوشێوەی ئۆتومبێلەکانی (جۆری ئاسایی) ناو خشتەی پێناسەی گومرگی بە بەرزترین مۆدێلی ڕێگە پێدراو گومرگ دەکرێت.

**بیست وشەش** : سەبارەت بەو ئۆتۆمبێلە بەکارهاتووانەی هاووردەی هەرێمی کوردستان دەکرێت بەپێی ئەو ڕێنماییانەی کە لەلایەن وەزارەتی دارایی و ئابووری و وەزارەتی ناوخۆ دەردەچێت هەڵس و کەوتیان لەگەڵ بکرێت.

**بیست وحەوت :** لەکاتی هاتنی ئۆتۆمبێلی صالۆن و استیشنی بەکارهاتوو لە دەرەوەی هەرێم بۆ ناو هەرێم لە کاتی پشکنین کار بە لیستی کۆدی نێو دەوڵەتی یان ئەو سەرەتاییانەی کە لەگەڵ ئۆتۆمبێلەکەدان کە لە وولاتی دروست کەر دیاری کراوە بکرێت.

**بیست وهەشت :** لەکاتی هاتنی ئۆتۆمبێلی بارهەڵگری بەکارهاتوو و نوێ لەگەڵ ئامێری ئینشائی و کشتوکاڵی بۆ ناو هەرێم ئەگەر لە کۆدەکەدا وولاتی دروستکەری (بلد المنشأ) دیار نەبوو بە لیژنەیەك شوێنی دروستکەری دیاری بکرێت بە بەراورد کردن لەگەڵ سەرەتاکان .

**بیست ونۆ :** هەموو ئۆتۆمبێل و بارهەڵگرێك و ئامێرێك لە کاتی هاتنی بۆ ناو هەرێم دەبێ ژمارەی لاشەی ڕەسەن بێت .

**سی** : لە کاتی هاووردەکردنی ئامێر و ئامێری کشتوکاڵی پێویستە مۆڵەتی هاووردەکردنیان هەبێت و بە بێ مۆڵەت ڕێگایان پێ نادرێت بێنە ناو هەرێم وە دەبێت بە ناوی کۆمپانیاوە بێت نەك کەسی (شخص) .

**سی ویەک :** لە کاتی هاتنی ئۆتۆمبێل و ئامێر بە شێوەی کاتی بۆ ئەنجام دانی پڕۆژە لە ناو هەرێم لە لایەن ئەو کۆمپانیایانەی کە گرێبەستیان هەیە ، پێویستە گرێبەستەکە بە کوردی یان عەرەبی بێت لە گەڵ هەر وەزارەتێکی سەر بە حکومەتی عێراق و هەرێم و پێویستە نووسراوی لایەنی پەیوەندیداری لە گەڵ بێت، دواتر بە ڕەزامەندی بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگ نوسراویان بۆ بکرێت وە لە دەروازە سنووریەکان کەفالەتیان لێ وەربگیرێت و بۆ هەر ئۆتۆمبێل و ئامێرێك بڕی (٥٠$) پەنجا دۆلار مانگانە لێیان وەربگیرێت وەك ڕەسمی مانەوە (مقطوع) ، جگە لە پڕۆژەکانی وەبەرهێنان ، ئینجا ڕێگایان پێدەدرێت بە پێی ئەو ماوەیەی کە لە گرێبەستەکەدا دیار کراوەو، لەکاتی گەڕانەوەیان پێویستە ڕەزامەندی لایەنی پەیوەندیدار بهێنێت ، بەپێچەوانەوە هەر کۆمپانیایەك گرێبەستی نەبێت ڕێگای پێنادرێت ئۆتۆمبێل و ئامێر بێنێتە ناو هەرێم بۆ ئەنجامدانی پڕۆژە یان کارکردن .

**سی ودوو :** ئۆتۆمبێلی(پیك اب)بە هەموو جۆر و شێوەکانیەوە ڕێگای پێ نادرێت بە شێوەی گەشتیاری بێتە ناو هەرێمی کوردستان.

**سی وسێ :** هیچ کۆمپانیایەك بۆی نیە ئۆتۆمبێل هاووردە بکات بۆ ناو هەرێم بە لێخوڕین تەنها دەبێت بەشحن هاووردەی بکات.

**سی وچوار :** هەر کۆمپانیایەك یان هاووڵاتیەك ڕەزامەندی وەزارەتی ناوخۆ و دارایی هەبێت بەهاوردەکردنی ئۆتۆمبێلی خوار مۆدیلی ڕێگا پێدراو ڕەسمی گومرگی لێ وەربگیرێت بەپێی یەکەم مۆدێلی ڕێگا پێدراو بە (دووقات).

**سی وپێنج :** بۆ ئەو ئۆتۆمبێل و ئـامێرانەی دێـنە سنورەکانی هەرێمـی کوردستان بە مەبەسـتی هـاوردەکردن ڕەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکەن :

١- ئەو ئۆتۆمبێل و ئامێرانەی بە مەبەستی گومرگ کردن هاوورده دەکرێن نابێت دابگیرێن لە سەر ئۆتۆمبێلی بارهەڵگرەکە (شحن) تا وەکو کاری گومرگیان بۆ ئەنجام دەدرێت.

٢- ئەو ئۆتۆمبێل و ئامێرانەی ژمارەی لاشەیان چاپی دەرەوەیە و پلێتی قەمارەیان کەوتـووە یـان دەسـتکاری کراوە یان مۆدێلیان ڕێگا پێدراو نیە یان لەبەر هەر هـۆیەکی تـر کە بڕیـاری گەڕانەوەیـان بـۆ دەردەچێـت ، بەڕێوەبەرایەتی گـومرگی دەروازە ڕاسـتەوخۆو بە نووسـراو بە ئیمێـڵ ئاگـاداری بەڕێـوەبەرایەتی گشـتی گومرگ دەکاتەوە و گشتاندنی پێ دەکرێت بۆ هەر یەك لە سنوورەکان و دەبێت لەو سـنوورە بەڵـێن نـامەی لێ وەربگیرێت کە ئۆتۆمبیلەکە یـان ئامێـرەکـە بگەڕێنێـتەوە و نەچێـتە هیــچ سـنوورێکی تـرەوە ، بـە پێچــەوانـەوە بەرپـرس دەبێـت بەرامـبەر یاسـا . ئەگەر خـاوەنەکەی پابەنـد نەبـوو بـردیە سـنوورێکی تـر بکرێتە کێشەی گومرگی و بەپێی یاسای گومرگی ژمارە (٢٣)ی ساڵی (١٩٨٤)ی هەمـوارکراو هەڵسـوکەوتی یاسـایی لەگەڵـدا بکرێـت ئەگەر لە لایەن کۆمپانیـایەکی تـرەوە هێنـرایەوە پێویسـتە بە هەمـان شـێوە بگەڕێنرێتەوەو بەڵێننامەی لێ وەربگیرێت کە نایگێڕێتەوە لە هیچ دەروازەیەکی ترەوە.

٣- بەڵگەنامەی ئۆتۆمبێل و ئامێرەکە ڕەسەن (اصلی) بێت و ئەگەر کۆپی بێت پێویسـتە پەسـند کـراو بێـت لە لایەن ئەو ووڵاتەی کە لێی هاتووە.

٤- ئۆتۆمبێل و ئامێر کیلۆمەتر سفر دەبێ بڕوانامەی ووڵاتی دروست کەر (شهاده منشأ)ی هەبێت .

٥- بـۆ ئۆتـۆمبێلی بەکارهـاتوو دەبـێ سـاڵیانە و بەڵگەنـامەی ئەو ووڵاتەی هەبێـت کە لێـی هـاتووە بە فەرمـی سەرەتاکانی لە ووڵاتی هاتووەوە کوژابێتەوە واتا (اسقاط) کرابێت.

٦- هاتنی ئۆتۆمبێل و ئامێر ( ئەوروپی و ئەمریکی) بەکارهاتوو بۆ ناو هەرێم دەبێت سەرەتاکانی ئۆتۆمبێل و ئامێرەکان و ساڵیانەی بیانی لەگەڵدا بێت.

٧- هاتنی ئۆتۆمبێل و ئامێر ( ووڵاتانی ئاسیایی و ئەفریقی و عەرەبی) بەکارهاتوو لیست یان (شهادە تسفیر) لەگەڵ فۆڕمی پشکنین و پسوولەی پارە وەرگرتنەکە لەگەڵ سەرەتاکان (اولیات) هەڵبگیرێت , بە مەرجێک ئاماژە درابێت بە ناوی کۆمپانیای هاوردەکراو.

**سی وشەش:** سەبارەت بەو ئۆتۆمبێلە بارهەڵگرانەی لە دەروازەکان کاردەکەن و ژمارەی کاتین و تۆمار نەکـراون یان هەڵگری تابلۆی پارێزگاکانی عێراقن بەم شێوەی خوارەوە هەڵسووکەوتیان لەگەڵ بکرێت :

١- ئەو ئۆتۆمبێلانەی هەڵگری ژمارەی کاتی ( دهۆك ، سلێمانی ، هەولێر ، هەڵەبـجە)ن ڕێگایـان پێنەدرێـت کـار بکەن هەتا تۆمار دەکرێن لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی هاتوچۆی پارێزگاکانی هەرێم.

٢- ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە هەڵگری تابلۆی پارێزگاکانی عێـراقن کـارتی زانیاریـان پێـدراوە ئاسـاییە کـار بـکەن و ڕێگایان پێ بدرێت .

٣- ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر (فحص مؤقت) بە هەمان برگەی (١) یەك ، ڕێگای پێنەدرێت هەتا تۆمار دەكرێت لە سنووری حكومەتی ناوەندی و كارتی زانیارییان پێدەدرێت لە هەرێم وەكو بڕگەی (٢) دوو هەڵسووكەوتی لەگەڵ دا بكرێت .

**سی وحەوت :** هەر ئۆتۆمبێلێك لە بنەڕەتدا ژمارەی لاشەی حەفر نەبوو (جگە لە مواصفاتی ئەمریكی) تەنها پلێتی هەبوو بە مەرجێك پلێتەكەی ڕەسەن بێت و مۆدیلی ڕێگاپێدراو بێت ، كاری گومرگی بۆ ئەنجام دەدرێت وە بەپێچەوانەوە ڕێگایان پێ نادرێت.

**سی و هەشت :** هەر ئامێرێك لە بنەڕەتدا ژمارەی لاشەی بە حەفر نەبوو تەنها پلێتی هەبوو بە مەرجێك پلێتەكەی ڕەسەن بێت و مۆدیلی ڕێگا پێدراو بێت ، كاری گومرگی بۆ ئەنجام دەدرێت و ڕەوانەی گومرگی پەیوەندیدار دەكرێت بۆ پێدانی دروشم و ژمارەی هەرێم بۆ لاشەكەی.

**سی و نۆ :** ئەو ئۆتۆمبێل و ئامێرانەی بۆ پرۆژەكان بە شێوەی كاتی دێنە ناو هەرێمی كوردستان و مۆدێلیان ڕێگا پێدراوەو ، كۆمپانیا داوا دەكات تۆماری بكات دەبێت بەپێی ڕێنمایی نووسراوی لایەنی پەیوەندیدار بهێنێت پاشان بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگ ڕەزامەندی دەدات و ئینجا هەڵسوكەوتیان لەگەڵ دەكرێت لەو سنوورەی هاتۆتە ناو هەرێم وەكو ئەو ئۆتۆمبێل و ئامێرانەی كە یەكەم جار هاوردە دەكرێن بۆ گومرگ كردن لەڕووی سەرەتاو ژمارەی لاشەیان.

**چــل:** سزای گومرگی سەبارەت بەدەستكاری كردنی ژمارەی لاشەی عارەبانەی ( تەنكەر، قلاب ، لۆری ، هاوشێوەكانی، .. ) بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

١- سزا گومرگی بە ڕێژەی (٣٪) لە بەهای لاشەی عارەبانە كە لە پێناسەدا دیاریكراوە وەردەگیرێت.

٢- دوای یەكلاكردنەوەی كێشەكەی پێویستە ژمارە و دروشمی گومرگی هەرێمی پێ بدرێت.

**چل و یەک :** ئەو كۆمپانیایانەی ئۆتۆمبێل و ئامێر هاوردەی ناو هەرێم دەكەن لە كاتی پشكنین دەردەكەوێت ئۆتۆمبێل و ئامێرەكان كێشەیان هەیەو بڕیاری گەڕانەوەیان لە سەر دەدرێت لەلایەن گومرگی دەروازەكان و بەریوەبەراریەتیە گومرگیەكانی تر یان بەپێیڕاپۆرتی لیژنەی تایبەتمەند ، دەبێت ماوەی یەك مانگ مۆڵەتیان پێ بدرێت بۆ گەڕاندنەوەی ، ئەگەر لەو ماوەیەدا پابەند نەبوون بە گەڕاندنەوەیان بكرێتە كێشەی گومرگی بە پێی ماددەی (٢٦٢) لە یاسای گومرگی عێراقی ژمارە (٢٣) ی ساڵی (١٩٨٤) هەڵسووكەوتیان لەگەڵ دا بكرێت.

**چل و دوو :** ڕێگەدەدرێت بە هاوردەكردنی ماتۆرسایكل لە قەبارە ( ١٢٥ سی سی ) كەمتر نەبێت لە جۆری ( ٢ تایە، سێ تایە، چوار تایە) و دەبێت لە كوالێتی كۆنترۆلی جوری وپشكنینی خاڵە سنوریەكان دەربچێت و مۆدێلی هەمان ساڵ بێت واتە تەنها یەک مۆدێل ڕێگە دەدرێت بەپێی نوسراوی وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (١١٩٢٢) لە ٢٠١٩/٧/٣ .

**چل و سێ :** ئەو ئۆتۆمبێل وئامێرانەی دەیانبەنە دەرەوەی هەرێم بە یەک جاری و پاشان وڵاتی دراوسێ ڕێگای پێ نادات بروات ، لە كاتی گەرانەوەی ماوەكەی دەبێت لە یەک مانگ زیاتر نەبێت و ڕەزامەندی وەزارەتی ناوخۆ وەربگیرێت ، پاشان بە كرێ ی پشكنین بە مەرجێک هەمان ئۆتۆمبێل و ئامێر بێت ڕێگەی پێ دەدرێت داخلی هەرێمی بكاتەوە. دوای ئەو ماوەیە بەپێی پێناسەی گومرگی ئەگەر مۆدێلی ڕێگەپێدراو بوو گومرگ دەكرێت و ، ئەگەر مۆدێلی ڕێگە پێدراو نەبوو بە كەمترین مۆدێلی ڕێگا پێدراو گومرگ دەكرێت.

**چل و چوار :** بـۆ ئەو ئۆتۆمبێـل و ئـامێرانەی ژمـارەی لاشـە و کـابینەی (هەرێـم) یـان وەرگرتـووە لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی گومرگی (هەولێر , دهۆک , سلێمانی )، پاشان سەرەتای ئۆتۆمبێلەکە دەگوازرێنەوە بۆ پارێزگایەکی تر ، ئەگەر ژمارەی لاشەی کاڵ ببوەوە و بۆی بگوردرێت تەنها کرێـی پشکنین و کرێـی لێـدانی پنـتەی لـێ وەربگیرێـت دوای وەرگرتنـی راسـتی و دروسـتی ژمـارەکە لەو بەرێـوەبەرایەتیەی کە پێشـتر ژمارەکەی پێداوە ، بەڵام ئەگەر ژمارەو دروشمەکە هیچ کێشەیەکی نەبوو بۆی دەچەسپێنرێت .

**چل و پێـنج :** هەر بڕیـارو ڕێنمـاییەک کە لە لایەن وەزارەتـی نـاوخۆو وەزارەتـی دارایـیەوە بە مەبەسـتی ڕێکخستنی بازرگانی و مەرجەکانی هاووردە کردنی ئۆتۆمبێل و ئامێرەکان دەربچێنرێت کاری پێ دەکرێت.

**بەشی شەشەم**

**ڕێنمـایی جێ بەجێ کردنـی یاسـای گـومرگی ژمـارە (٢٣)ی سـاڵی ١٩٨٤ی هەمـوار کـراو تـایبەت بە تـاوان و سەرپێچەکانی گومرگ (الجرائم الكمركية ) وە چۆنیەتی یەکلایی کردنەوەی کێشە گومرگیەکان.**

**یەکەم:** مەبەست لەو رەسمانەی کە بە ڕێژەیەکـی دیـاری کـراو دەسـەپێنرێت لە چوارچێـوەی سـزای گـومرگی بریتین لە (رەسمی گومرگی و رەسمەکانی تر و باجەکان ) کە لە لایەن گومرگەوە وەردەگیرێت.

**دووەم:** کار بکرێـت بە ڕێنماییەکـانی تـایبەت بە جێبەجێکردنـی یاسـای گـومرگی ژمـارە ( ٢٣ )ی سـاڵی (١٩٨٤) بـۆیەکلاکردنەوەی کێشـە گومرگیەکـان لە گشـت بەرێـوەبەرایەتیە گومرگیەکـانی هەرێـم بەم شـێوەیەی خوارەوە:-

١ - ئامـاژە بە یاسای (ضبط الاموال المهربة والممنوع تداولها ) ژمارە (١٨) ی سـاڵی ٢٠٠٨ / مـاددەی (٣) بـڕگەی یەکەم هەمـــوو ئەو کـــاڵاو کەل وپەلانە دەگـــرێتەوە کە لە بەرێوەبەرایەتیەکـــانی گـــومرگ و دەروازەکـــان وسنوورەکان دەسـتیان بەسـەردا دەگیرێـت وەک مەڕ ومـاڵات بەرهەمە نەوتیەکـان و ئۆتۆمبێـل وئـامێرو ئەو بابەتانەی کە لە بازاڕەکاندا کڕین وفرۆشتنیان قەدەغەیە .

٢ - دەسەڵاتی بەڕێوەبەرایەتیە گومرگیەکان بۆ یەکلاکردنەوەی کێشە گومرگیەکانی هاوردە و هەناردەکردنی کاڵا تا بەهای (قيمة البضاعة) (٢٥,٠٠٠,٠٠٠) بیست و پێنج ملیۆن دینار دەبێت بۆ سەرجەم بەڕێوەبەرایەکانی گومرگ جگـــە لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی گومرگی (ئیبراهیم خلیل ، باشماخ ، حاجی ئۆمەران ، گەرمیان ، فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر ، فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلیمانی ) کە دەسەڵاتی یەکلاکردنەوەی کێشەکانی گومرگییان تا بەهای (قيمة البضاعة) (٥٠,٠٠٠,٠٠٠) پەنجا ملیۆن دینار دەبێت ، لەو بڕە زیاتر بوو پێویستە کێشەکە بۆ یەکلاکردنەوەی رەوانەی دادگای گومرگی پەیوەندیدار بکرێت.

٣- دەسەڵاتی بەڕێوەبەرایەتیە گومرگیەکان بۆ یەکلاکردنەوەی کێشە گومرگیەکانی ( زێڕی کەسی ) تا بڕی (٢٥٠ غرام) و ( زیوو) تابڕی ( ١٠٠٠ غرام ) دەبێت و بەهاکان بەپێی ( بەشی چوارەم/ خاڵی ٥/أ،ب) دابنرێت.

٣- ( مەڕ وماڵات و ڕەشە ووڵاخ و ئاژەڵ ، پەلەوەری زیندوو، مێش هەنگوین، ماسی زیندوو، بابەتی خێرا بەسەرچوو، بابەتی خێرا گڕگرتوو ) بەهاکەی هەرچەند بێت لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیەکانی گومرگی پەیـوەندیدار بەپێی یاسای گومرگی ژمارە( ٢٣)ی ساڵی (١٩٨٤) یەکلایی دەکرێتەوە.

**سێیەم** : هەموو ئەو بڕە پارانەی کە وەک و سزا لە ماددەکانی نـاو یاسـای گـومرگی ژمـارە( ٢٣)ی سـاڵی (١٩٨٤) وەکو سزا دیاری کراون پێویستە جارانی ( کەڕەتی) (١٥٠) سەد وپەنجا دینار بکرێت .

**چوارەم :**

أ - جۆری سەرپێچی گومرگی بەم شێوەیە وەربگیرێت :

| ژ | جۆری سەرپێچی | بڕی سزا بە دینار |
|---|---|---|
| ١ | هەر سەرپێچیەک کە لە یاساو بڕیاری گومرگی دەقی لەسەر نەهاتبێت واتە سەرپێچیەکە دیاری نەکرابێت | (٢٥٠٠٠- ١٠٠٠٠٠٠) بیست و پێنج هەزار تا یەک ملیۆن |
| ٢ | پێبژاردنی زیاد کردن یان گۆڕینی ناوی بازرگان لەسەر(جەمەرە/ CMR) | ١٠٠٠٠ دە هەزار |
| ٣ | پێبژاردنی دەستکاری کردنی ژمارەی کێش لەسەر مەنەفێست جگە لە ناوبراوەکان (جەمەرە/ CMR ) | ٢٥٠٠٠ بیست و پێنج هەزار |
| ٤ | پێبژاردنی نەهێنانی (جەمەرە/ CMR) سەرپێچی وونبونی مەنەفێست و پسولەی ( ٣٧ أ) و پسوولەی وەرگرتنی ڕەسمی گومرگی و ناسنامەی باج | ٣٠٠٠٠ سی هەزار |
| ٥ | پێبژاردنی خۆدزینەوە لە مۆر نەکردنی پاسپۆرت | ٥٠٠٠٠ پەنجا هەزار |
| ٦ | پێبژاردنی دوا کەوتنی ئۆتومبێلی بارهەڵگری بیانی لە کاتی گەڕانەوەی دوای ( ٣٠ ) ڕۆژ بۆ هەر ڕۆژێک | ٥٠٠٠ پێنج هەزار |
| ٧ | پێبژاردنی وونبونی فیشەی کۆمپیوتەری هاتن | ٢٥٠٠٠ بیست و پێنج هەزار |
| ٨ | پێبژاردنی وونبونی فیشەی تەرازووی هاتن | ٢٥٠٠٠ بیست و پێنج هەزار |
| ٩ | پێبژاردنی وونبونی نوسراو بۆ بەڕێوەبەرایەتیەکانی هاتووچۆ | ١٠٠٠٠ دە هەزار |
| ١٠ | پێبژاردنی ڕاستکردنەوەی ( ژمارە ، ناوی شۆفێر) لە کاتی گەڕانەوە | ٢٥٠٠٠ بیست و پێنج هەزار |
| ١١ | پێبژاردنی مۆر نەکردنی دەفتەری ڕێگە پێدان | ٣٠٠٠٠ سی هەزار |
| ١٢ | پێبژاردنی دواکەوتنی نوێ کردنەوەی مۆڵەتی بریکارو یاریدەدەری دەرهێنەری گومرگی دوای دە ڕۆژ لە تەواو بوونی مۆڵەتەکە بۆ هەر ڕۆژێک و تا ( ٩٠ ) ڕۆژ . دوای ئەو ماوەیە لە ڕێ ی لیژنەی تایبەتمەندی بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگەوە یەکلابکرێتەوەو بڕیاری کۆتایی دەدرێت لە لایەن بەڕێوەبەری گشتی. | ٥٠٠٠ پێنج هەزار |
| ١٣ | تێپەڕینی ئەو ئۆتومبێلانەی لە ڕێگەیەکی ترەوە دێن | ٣٠٠٠٠ سی هەزار |

ب - بە لەبەرچاو گرتنی ماددەی (١٦٩) لە یاسای گومرگی ژمارە (٢٣)ی ساڵی (١٩٨٤) ی هەمواركراو ئەم کرێ و خزمەتگوزاریانە وەردەگیرێت :-

| ژ | جۆری خزمەتگوزارییەکان | کرێی خزمەتگوزاریەکان بە دینار |
|---|---|---|
| ١ | کرێی لەناوبردنی کەل وپەل | ١٠٠ سەد دینار بۆ یەك کگم |
| ٢ | کریێ عەمبار کردن لە کۆگا بۆ یەك ڕۆژ بۆ هەر تەنێك | ٣٠٠٠ سێ هەزار دینار بۆ یەک تەن |
| ٣ | کریێ دانان و بارکردنی شۆفەل و حەفارە و ئالیات | ٥٠٠٠٠ پەنجا هەزار دینار |
| ٤ | کرێی دانان و بارکردنی کەل وپەل | ٥٠٠٠ پێنج هەزار دینار بۆیەك تەن |
| ٥ | کرێی زەوی بۆ دانانی ئۆتۆمبێلی بچووك و تایبەت لە گۆڕەپانی گومرگ | ٥٠٠٠ پێنج هەزار دینار بۆ ٢٤ کاتژمێر |

**پێنجەم** : چۆنیەتی دابەشکردنی بارمتە و کێشە و سزا گومرگیەکان ( امانات الدعاوى الكمركية) بەپێی ماددەی (٢٦٦) لە یاسای ژمارە (٢٣) ساڵی ١٩٨٤ .

- ڕێژەی (٥٠٪)بکرێت بەداهاتی کۆتایی حکومەت .
- ڕێژەی (٥٠٪) بۆ دەستگیرکاران و صندوق ادخار .
- ڕێژەی(٥٠٪)ی دەستگیر کاران و صندوق ادخار دەکرێتەوە بە ١٠٠٪ وە بەم شێوەیە دابەش دەکرێت :
- ڕێژەی(٨٠٪) بۆ دەستگیرکاران و هەواڵدەر (مخبر ).
- ڕێژەی (٢٠٪) بۆ صندوق ادخار .
- ڕێژەی (٨٠٪)ی دەستگیرکاران ومخبر دەکریتەوە بە ڕێژەی لە (١٠٠٪)بەم شێوەیە کاری لەسەر دەکرێت:

١ - بۆ ئەو کیشانەی کە لە ناو حەرەمی گومرگی دەگیرێن لە لایەن هەر لایەکەوە بێت بەم شێوەیە دابەش دەکرێت :

ڕێژەی(٤٠ ٪) بۆ فەرمانبەرانی گومرگ .

- ئەگەر مخبر هەبوو (٦٠٪)بۆ مصادرين و مخبر وە ڕێژەی(٦٠٪)دەکرێتەوە بە(١٠٠٪)بەم شێوەیە دابەش دەکرێت :
- ڕێژەی (٥٠٪) بۆ مصادرين ( دەستگیرکاران ) .
- ڕێژەی (٥٠٪) بۆ مخبر .

٢ - بۆ ئەو کێشانەی دەرەوەی حەرەمی گومرگی(٨٠٪)ی دەستگیرکارن و مخبر بکرێتەوە بەڕێژەی(١٠٠٪)وە بەم شێوەیە دابەش بکرێت :

- ڕێژەی(٣٠٪) بۆ فەرمانبەرانی گومرگ .
- ڕێژەی(٧٠٪) بۆ مصادرين ( دەستگیرکاران ) و مخبر .

ـ ئەگەر مخبر هەبوو ڕێژەی(٧٠٪) ی مصادرين ( دەستگیرکاران ) ومخبر دەکریتەوە بە(١٠٠٪)وە بەم شێوەیە دابەش دەکرێت .

- ڕێژەی (٧٥٪) بۆ مصادرين .
- ڕێژەی(٢٥٪) بۆ مخبر .
- ڕێژەی صندوق ادخاری ساڵانە کە (٢٠٪) دەکرێتەوە بە ڕێژەی(١٠٠٪)وە بەم شێوەیە دابەش دەکرێت :
- ڕێژەی (٦٠٪) بۆ فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتیە گومرگیەکان .
- ڕێژەی (٢٥٪) بۆ دیوانی وەزارەتی دارایی وئابووری .
- ڕێژەی (١٥٪) بۆ بۆ فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگ .

٤- وەرگرتنی پشکی مصادرين یان(مخبر) ئەگەر لە (٢.٠٠٠.٠٠٠ ) دوو ملیۆن زیاتر بوو پێویستە ڕەزامەندی وەزیری دارایی وئابووری لەسەربێت .

## بەشی حەوتەم
## ( کشتوکاڵی و پەلەوەری و ئاژەڵی)

١- هەموو بەرووبومێکی کشتوکاڵی چێنراوی ناوخۆی هەرێم و بەروبومی خۆماڵی خۆرسك وەکو ( قارچک و دۆمەلان و گیای خۆرسك بە هەموو جۆرەکانیەوە ) لە کاتی هەناردەکردن تەنها کرێ ی پشکنین و بەهای فۆرم و پوولی داراییان لێ وەردەگیرێت و پێویستی بە مۆڵەتی هەناردەی بازرگانی نیە .

٢- بەرووبـومی کشتوکاڵـی و پەلەوەری و ئـاژەڵی هەرێـم لەکـاتی هەنـاردەکردن پێویسـتی بە ڕەزامەنـدی سـەرۆکی ئیـدارەی نـاوچەکە هەیە کە بەروبـوومەکەی لـێ دەچێـتە دەرەوە بە هەمـاهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی ناوچەکە وە یان لایەنی پەیوەندیدار.

٣- مەڕومـاڵات و ڕەشـە وولاخ و پەلەوەری زینـدووی دەواجـن لەکـاتی هـاوردەکردنی بـۆ نـاو هەرێـم و هەناردەکردنی بۆ دەرەوەی هەرێم پێویستی بەڕەزامەندی لایەنی پەیوەندیدار هەیە وە پێویسـتە بـۆ ئەم مەبەستە رەچاوی رێنماییەکانی ڤێتێرنەری بکرێت.

٤- لەوەرزی بەرهەمهێنانی سەوزە و میوەی هەرێمی کوردسـتان ڕەچـاوی بەرژەوەنـدی جوتیـاران بکرێـت و بەهەماهەنگی لەگەڵ ڕێنماییەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ کار بە ڕۆژنامەی کشتوکاڵی بکرێت.

٥- هاووردەکردنی دەرمان وپێداویستی کشتوکاڵی و نەخۆشی ئاژەڵی (ڤێتێرنەری) پێویسـتی بەڕەزامەنـدی وەزارەتی کشتوکاڵ ولایەنی پەیوەندیدار هەیە، وە لە کـاتی هەنـاردە کردنـدا تەنهـا پێویسـتی بە مـۆڵەتی هەناردەی بازرگانیەو دەبێت سەرەتای هاوردەکردنی هەبێت .

٦- لەکاتی پێگەیشتنی بەرهەمی ناوخۆی گەنم و جۆ و وەرگرتنی لەلایەن سایلۆکان، هێنـانی گەنـم و جـۆ بـۆ ئالیك لەدەرەوەی هەرێـم پێویسـتە (ڕەنـگ بکرێـت وە بەرێـژەی (١٥٪) کەمتـر نەبێـت) بـۆ ئەوەی مـامەڵەی کڕین و فرۆشتنی پێ نەکرێت.

٧- هاوردەکردنی ماسی پێویستی  بە رەزامەندی وەزارەتی کشتوکاڵ هەیە .

## بەشی هەشتەم
## (بــارمتە/ تأمینات) و کەفالەت

**یەکەم:**

١ - پشـت بەسـتن بە مـاددەی(٢٣٦)ی یاسـای گـومرگی ژمـارە (٢٣)ی سـاڵی ١٩٨٤ ، لە کـاتی پێویسـتدا دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی بەڕێوەبەری گشـتی گـومرگ، ڕێـگە دەدرێـت بە هـاووردەکردن یـان هەنـاردەکردنی کاڵاکان بە وەرگرتنی سەرجەم رسومات و باج و کرێ یەکان بە شێوەی ( بارمتە / تأمینات) بۆ مـاوەیەکی دیاری کراوو دەکرێت لە کاتی پێویستدا ماوەکە درێژ بکرێتەوە.

٢ - بە ڕەزامەنـدی بەڕێـوەبەری گشـتی و لە کـاتی زۆر پێویسـت دا ڕێـگە دەدرێـت بە ئـازاد کردنـی (ئـامێرو ئۆتومبێل و کاڵاکان) بەدانانی ( بارمتە/تأمینات) بەبڕی ڕسومات و باج و کرێ و بەرزترین سزای گومرگی

٣ – خاڵی ( ١،٢) بـابەتە قەدەغە کراوەکـان و ئەو بابەتـانەی ڕەزامەنـی لایەنـی پەیوەنـدی داریـان پێویسـتە ناگرێتەوە.

**دووەم:** لەکاتی هەناردەکردنی هەر ئامێر و دەزگا وکاڵاو کەل وپەلێك بە مەبەستی چاککردنەوە یان بۆ هەر مەبەستێکی تر دەبێت ڕەزامەندی بەڕێوەبەری گشتی گومرگی لە سەر بێت بەم شێوەیەی خوارەوە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت :

١- هەر کاڵاو کەل وپەلێك هەناردەکردنی قەدەغە نەبێت پێویستە (بارمتە/تأمینات)ی بەبڕی رەسمی گومرگی أجورو باجی لێ وەربگێریت بەپێی خشتەی پێناسەی گومرگی.

٢- ئەگەر هەر کاڵا و کەل و پەلێك هەناردەکردنی قەدەغە بێت پێویستە تأمینات یان کەفالەت بە ( بەهای) بابەتەکە لێ وەربگیرێت بە پێی خشتەی پێناسەی گومرگی یان نرخی بابەتەکە.

٣- پێویستە لە هەمو حاڵەتیکدا ماوە بۆ گەڕاندنەوەی کاڵا وبابەتەکە دیاری بکرێت .

٤- درێژ کردنەوەی ماوەی گەڕاندنەوە تەنها بۆ یەك جار دەبێت بەمەرجێك ماوەکەی کەمتر بێت لە ماوەی پیشووتر.

٥- ئەگەر هاتوو کاڵا وبابەتەکە لە کاتی خۆی نەگەرێندرایەوە بری (بارمتە/تامینات)ی وەرگیراو دەکرێت بەداهاتی کۆتایی و ئەم کارەش لە بەشی یاسایی ئەنجام دەدرێت .

٦- هەر بابەتێك هەناردەکردنی قەدەغە بێت ولە کاتی خۆی دا نەگەرێندرایەوە دەکرێتە کێشەی گومرگی بەپێ ی یاسای گومرگی ژمارە (٢٣)ی ساڵی (١٩٨٤) ی هەموارکراو مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت .

٧- بەمەبەستی ڕێکخستنی ئەو کەل وپەل وکاڵایانەی کە هاوردە دەکرێن لە دەروازە سنووریەکان بۆ پیشاندان(للعرض) لەپێشانگا جۆراوجۆرو نێودەوڵەتیەکان پێویستە بەپێی ئەم مەرجانەی خوارەوە بێت:

أ- لە کاتی هاوردەکردنی کاڵا وکەل وپەل پێویستە (بارمتە/تأمینات )ی لێ وەریگیرێت بە بڕی ڕەسمی گومرگی باج و کرێکان ی سەرکاڵاکان .

ب- لە کاتی گەرانەوەی کەل وپەلەکان بۆ ئەو شوێنەی کە لێوەی هاتووە دەبێت پشکنینی بۆ بکرێت بۆ ئەوەی بزانرێت ئەگەر هەمان کاڵا وکەل وپەل گەرێندرایەوە رێگای پێ بدرێت و بارمتەکەی بۆ بگەڕێندرێتەوە، بە پێچەوانەوە ئەو (بارمتە/تأمینات )ەی کە لێی وەرگیراوە بکرێتە داهاتی کۆتایی.

## بەشی نۆیەم

## ڕێنمایی تێپەڕین (العبور) و (ترانزێت Transit )

**بنەمای گشتی:**

١- بەپێی سیستەمی تێپەڕین یاخود تێپەڕاندن (العبور) دەکرێت رێگا بدرێت بە هاوردەکردنی کاڵای بیانی لە خاڵێکی دیاری کراوی سنوورەوە بۆ خاڵێکی دیاری کراوی تر هەنارده بکرێت راستەوخۆ بۆ دەرەوەی سنوور یان لە نووسینگەیەکی گومرگی بۆ نووسینگەیەکی گومرگی تر بگوازرێتەوە.

٢- ڕێگە نادرێت بە گواستنەوەی کاڵاکان بە شێوەی ترانزێت تەنها لەو دەروازە یان نووسینگە یان خاڵە گومرگیەکان نەبێت کە بۆ ئەم مەبەستە ڕێگای پێدراون یان دیاری کراون .

٣- ئەو کاڵایانەی کە بە شێوەی ترانزێت دەگوازرێنەوە مەرجی بەستنەوە و ڕاگرتن و قەدەغەکردن ( التقیید والمنع ) نایانگرێتەوە تەنها لەو حاڵەتە نەبێت کە بە دەقێکی یاسایی یان ڕێنماییەکی کارپێکراودا ئاماژەی پێدرابێت .

٤- گواستنەوەی کاڵاکان بەپێی سیستەمی ترانزێتی ئاسایی لە سەر هەموو ئەو ڕێگاوبانانە دەکرێت کە بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگ دەست نیشانیان دەکات بە هەموو جۆر و هۆکارەکانی گواستنەوە لە سەر بەرپرسیارییەتی بەڵێندەر یان بریکار (الكفيل).

٥- ئەو کاڵایانەی کە بەپێی سیستەمی تێپەڕین دەگوازرێتەوە هەموو ئەو ئەحکامە یاساییانە لە سەری دەچەسپێنرێت کە تایبەتن بە ڕاگەیاندن و بینین و سەیرکردنی کاڵاکان (البيان والمعاينة التفصيلية).

٦- ئەو کاڵایانەی کە بەپێی سیستەمی تێپەڕینی ئاسایی (العبور العادى ) دەگوازرێتەوە هەموو ئەو مەرجانەیان لە سەر دەچەسپێت کە لە لایەن بەڕێوە بەرایەتی گشتی گومرگەوە دەردەکرێت سەبارەت بەپێکەوە لکاندنی بەستەك و بالە و یان کونتێنەرەکان یان هۆکارەکانی گواستنەوە و پێشکەشکردنی بارمتە و بەڵگە نامەکان .

**یەکەم:** تێپەڕین ( العبور) لە ژێر چاودێری گومرگ :

ڕێگە دەدرێت بە گواستنەوەی کاڵاو کەلوپەل بە ناو خاکی هەرێمی کوردستاندا ( لەو ڕێگاو سنوورانەی بەڕێوەبەری گشتی گومرگ دیاری دەکات ) بە شێوەی تێپەڕینی ڕاستەوخۆ لە ژێر چاودێری گومرگدا و ڕێژەی (١/٥ ) یەک لەسەر پێنجی ڕەسمی گومرگی و باجی دەرامەتی لێ وەردەگیرێت بەم میکانیزمەی خوارەوە:

**أ : پێویستە ئەم پێداویستی ورێکارانەی خوارەوە ئەنجام بدرێت :-**

١-  تەنها ڕێگە بە کۆمپانیا دەدرێت و کۆمپانیا داواکاری بە فۆرمی کۆمپانیا پیشکەش بە بەرێوەبەرایەتی گشتی گومرگ دەکات ( کۆمپانیا دەبێت مۆڵەتی دامەزراندنی هەبێت ) .

٢- بەڵین نامە بدات پابەند دەبێت بە ڕێکارو ڕێنماییەکانی بەرێوەبەرایەتی گشتی گومرگ .

٣- پێویستە کۆمپانیا دەروازەی هاتنەناوەو چوونەدەرەوە دیاری بکات .

٤-کۆمپانیا برو جۆری کاڵا دیاری دەکات ( لە یەک بارهەڵگردا تەنها رێگە بە یەک جۆر کاڵا دەدرێت ).

**ب : ڕێکارەکانی جێبەجێ کردن :**

١- ڕەسید بۆ هەر کۆمپانیایەک لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرک ڕادەگیرێت وفایلی جیا دەکرێتەوە بۆ هەر کۆمپانیایەک .

٢- بەرێوەبەرایەتی گشتی نوسراوی رێگە پێدان بۆ کۆمپانیاکان دەکات ودەروازە وجۆر و ئەو بڕەی ڕێگە دەدرێت دیاری دەکات .

٣- بەرێوەبایەتیەکانی گومرگ بە پێ ی ئەو جۆرو برانەی دیاری کراون ڕێگە دەدەن بۆ گواستنەوەی کاڵاکان وئیجرائاتی بۆ ئەنجام دەدەن .

٤- سەرجەم ئەو پشکنینانەی کە پێویستن بۆ کاڵاکان ئەنجام دەدرێت و دەبێت گونجاو بن بۆ بەکارهێنان .

٥- ئەگەر بازرگان لەو بڕەی دیاری کراوە (لە گشتی گومرگ ) کەمتری گواستەوە دەبێت ڕەسیدی لە بەرێوەبەرایەتیەکان بۆ رابگرێت .

٦- دەبێت بەپێی پێناسەی گومرگی بڕی پارەی تەواو وەربگیرێت بە ( تأمينات ) و، دوای گەیشتنی بارەکە بەپێی ڕێکارەکان و گەڕانەوەی نوێنەر بڕی پارەی ترانزێت بکرێتە داهات و باقی پارەکە بدرێتەوە خاوەنبار.

٧- دوای سەرجەم ئیجرائاتەکان بارهەڵگرەکان بە نوێنەردا و بەنوسراوی ناردن وبە شێوەی ڕاستەوخۆ دەگوازرێنەوە لە دەروازەی یەکەم بۆ دوا بەریوەبەرایەتی و دوا خاڵی سنووری دەرەوەی هەرێم .

٨- دەبێت بارەکان لە بارهەڵگری داخراو یان داپۆشراودا بن و ( پلۆم ) بکرێن ، جگە لەو بابەتانەی کە بەسەیارەی فلات دەگوازرێنەوە یان ناتوانرێت داپۆشرێن.

٩- دەبێت کات لە سەر مەنەفێستەکان بنوسرێت و دوا کات بۆ گەیشتنی بارەکان ( ٧٢ ) کاتژمێر دەبێت.

١٠- ڕاستەوخۆ دوای گەیشتنی بارهەڵگرەکان بەو بەرێوەبەرایەتیە ودوا خاڵی سنووری دەرەوەی هەرێم، دەبێت بە نوسراو وەڵام بدرێتەوە و نوسراوەکە هاوپێچ دەکرێت لەگەڵ سەرەتاکان .

١١- بەپێی( داواکاری گشتی گومرگ ) ، یان لەگەڵ تەواو بوونی ڕەسیدی ئەو برانەی لە گشتی گومرگەوە دیاری کراون، دەبێت بەرێوەبەرایەتیەکانی گومرگ سەرجەم سەرەتاکان بە دەستی یان ئیمێڵ بگێرنەوە بۆ گشتی گومرگ ، بە پێچەوانەوە رەسیدی نوێ نادرێت بە بازرگان .

• سەرەتاکان بریتین لە(مانفێست یان محاسبە(٣٧ أ)، نوسراوی گەیشتن، پسولەی پشکنین، قەپان، سکانەر ،..)

١٢- گومرگ بەرپرسیار نیە لە هەر زیانێک کە بەر کاڵا دەکەوێت بەهەر هۆیەک بێت لە کاتی گواستنەوەدا .

١٣ - لە کاتی ڕوودانی هەر کێشەیەک بۆ بارهەڵگرەکە یان کاڵاکە پێویستە خاوەنبار لە ماوەی (٢٤) کاتژمێردا نزیکترین بەرێوەبەرایەتی گومرگ ئاگادار بکاتەوە.

١٤ – کرداری تێپەڕین (عبور) بۆ گواستنەوەی کالایە بە ناو هەرێمی کوردستانداو بۆ **(ناو هەرێم نیە) ،** بەپێچەوانەوە لەکاتی هەر سەرپێچیەکدا جگە لەوەی بەپێی یاسای گومرگی ئیجرائاتی گومرگی لەگەڵ کاڵاو خاوەنبار دەکرێت ، لە هەمان کاتدا کۆمپانیاش دەخرێتە لیستی ڕەشەوە .

**دووەم** / ترانزیت

لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا(لە کاتی کار کردن و ڕێگەدان بە سیستەمی بازرگانی ترانزێت) پێوستە ڕەچاوی هەموو ماددە یاساییەکانی تایبەت بە ترانزێت ( العبور ) لە یاسای گومرگی ژمارە (٢٣)ی ساڵی (١٩٨٤)ی هەموارکراو بکرێت وە گواستنەوەی کاڵاکان بە شێوەی ترانزێت بەپێی ماددەکانی ناو یاسای ئاماژە پێکراوی سەرەوە لە ( ٨٥ تا ٩٧ ) :-

**أ : تێپەڕینی تایبەت (العبور الخاص) :**

١- گواستنەوەی کەل و پەل و کاڵا بەپێی سیستەمی تێپەڕینی تایبەت دەبێت کە لە لایەن دەستەی ڕێگاکانی ئاسنین و شەمەندەفەر و دامەزراوەکانی گواستنەوە بە ئۆتۆمۆبێل و فرۆکەی ڕێگەپێدراو بە بڕیاری بەڕێوەبەری گشتی گومرگ لە سەر بەرپرسیاریەتی ئەو دەستە و دامەزراوانە(هیئات سکک الحدید و مؤسسات النقل العام بالسیارات والطائرات) ئەنجام دەدرێت.

٢- بۆ بڕیاری ڕێگەپێدان دەبێت هەموو ئەو مەرج و بارمتانەی پێویستە پێشکەش بکرێن و لە خۆدەگرێت وە بەڕێوەبەری گشتی گومرگ بۆی هەیە ئەم ڕێگە پێدانە بۆ ماوەیەکی کورت ڕابگرێت ، یان ئەو کاتانەی کە پێچەوانەی ڕێنماییەکان بێت پوچەڵ بکاتەوە یان لەو کاتانەی بیانەوێت بە خراپی سوود لە سیستەمی پەڕینەوە وەربگرن و بە شێوەی قاچاغ. بڕیاری ڕاگرتن یان پوچەڵکردنەوەکە کۆتاییە و ناتوانرێت تانەی لێ بدرێت .

٣- بڕیاری ڕاگرتنی ڕێگەپێدان یان هەڵوەشانەوەی یەکجاری بە هیچ شێوەیەك ڕێگەی تانە (طعن) و پێداچوونەوەی لێ ناکرێ.

٤- دیاری کردنی رێگاکانی گواستنەوەی تێپەڕینی تایبەت سەبارەت بە کاڵای دیاری کراو بە بڕیاری بەڕێوەبەری گشتی گومرگ دەبێت لە گەڵ مەرجەکانی تایبەت بە پرۆسەی گواستنەوە و گشت مەرجەکانی پێش وەخت کە دەبێت هەبێت لە هۆکارەکانی گواستنەوە (وسائط النقل) بە لەبەرچاوگرتنی رێکەوتننامە گرێدراوەکانی تایبەت بەم بابەتە .

٥- کاڵای هەناردەکراو بەپێی سیستەمی تێپەڕینی تایبەت (العبور الخاص) ئەحکامەکانی پەیوەند بە رێکارەکانی راگەیاندنی گومرگی و بینین و سەیرکردنی کاڵاکان (احکام اجراءات البیان المعانیه التفصیلیه) نایانگرێتەوە تەنها راگەیاندنێکی کورت و بینین و دەستنیشان کردنێکی گشتگیر لە سەری جێبەجێ دەکرێت ئەگەر ئیدارەی گومرگی رێکاری راگەیاندنی وردەکاری لە لای پێویست نەبوو

٦- ئەحکامەکانی تایبەت بە راگەیاندن و بینین پێویستە کورت بن و درێژ نەکرێتەوە (التفصیلیة) تەنها لەو کاتانە نەبێت کە بەڕێوەبەرایەتیە گومرکیەکە بە پێویستی دەزانێت کە هەڵسوکەوتی بە ووردی و دوور و درێژی بۆ کاڵاکە کردبێت .

جێبەجێ کردنی گشت ئەحکامەکانی تێپەڕینی تایبەت کە دەقی هاتووە لە یاسای ژمارە (٢٣)ی ساڵی ١٩٨٤ی هەموارکراو لە کاتی جێبەجێ کردنی ڕێکەوتننامە گشتیەکان بە مەرجێك دەقێك نەهاتبێت لە رێکەوتنێکی دیاری کراو پێچەوانەی ئەو ئەحکامە گشتیانە بێت کە لە یاسای ناو براودا هاتبێت .

**ب :پەڕینەوە بە بەڵگەنامەی نێودەوڵەتی ( العبور بالمستندات الدولیه):**

١- بەڵگەنامەی ڕێگە پێدانی تێپەڕینی تایبەت لە نیوان وڵاتان بۆ ئەو کۆمپانیا و دامەزراوانە دەبێت کە لە بنەڕەتدا ڕێگە پێدراون لەلایەن بەڕێوەبەری گشتی گومرگەوە پاش پێشکەشکردنیان بەدەستەبەری دیاری کراو لە بڕیاری رێگە پێدانەکە (قرار الترخیص) وە دەبێ بەپێتێنوس (دفتر) و بەڵگەنامەی نێودەوڵەتی یەکگرتوو (دفاتر و مستندات دولیه موحده)وە ئۆتومبیلی تایبەت کە خەسڵەتی تایبەیان تیا بێت.

٢- بەڕێوەبەری گشتی گومرگ خۆی نموونەی بەڵگە نامەی نێو دەوڵەتی یەکگرتوو وە تێنووسی گواستنەوە و کار و باری ڕێگە پێدان و خەسڵەتەکانی هۆکاری گواستنەوە دەست نیشان دەکات بە تایبەت ئەوانەی کە ڕێگە پێدراون بۆ گواستنەوەی کاڵاکان کە لە دەقی بڕگەی (١) خاڵی دووەم (پەڕینەوەی بە بەڵگە نامەی نێودەوڵەتی) (العبور بالمستندات الدولیة)) هاتووە.

**ج : گواستنەوەی کاڵا لە نێوان نووسینگەی گومرگی (١) بۆ نووسینگەی گومرگی(٢) :**

لە کاتی گواستنەوە کاڵا لە نووسینگەی گومرگی یەکەم بۆ نووسینگەی گومرگی دووەم دەکرێ بازرگان بەخشرێت لە پێشکەش کردنی راگەیاندنی گومرگی دوور و درێژ (تفصیلیه) بە مەرجێك ئەم بەڵگەنامانەی خوارەوە پێشکەش بە نووسینگەی گوومرگی یەکەم بکات:

١- ئەوراقی رێگاوبان یان لیستی بارەکە و ئەو بەڵگەنامانەی تر کە بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگ دەست نیشانی دەکات.

٢- پێشکەشکردنی ڕاگەیاندی کورت کراو (بیان موجز) کە ئەو بەڵێننامانەی لە گەڵی هاوپێچ کراوە ، نموونەی بەیانەکە لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگەوە دەستنیشان کرابێت وە دەکرێت لە جیاتی ڕاگەیاندنە کورت کراوەکە تەنها پشت ببەستن بە ڕاگەیاندنی بار ( المنفیست ) کە لە وڵاتی نێردراو ڕێکخراوە.

٣- فەرمانبەرانی نووسینگەی گومرگی کاڵای هاوردەکراو (مكتب ادخال البضائع) بۆیان هەیە ڕێکاری پشکنین و وردبینی کردنی کاڵاکان بکەن بۆ دڵنیابوون لە (بیان المحتویات ) کە لە ناوەڕۆکی ڕاگەیاندنە کورتکراوەکە هاتووە کە دەقەکەی لە لقی (ب) بڕگەی (١) ی خاڵی سێیەم هاتووە.

٤- دەکرێ بە یاداشتێکی ڕێکخراو کە فەرمانبەرانی نووسینگەی گومرگی (١) ڕێکی دەخەن بگۆڕدرێت بە ڕاگەیاندی کورت کراو کە ناوی لە بڕگەی (١) ی خاڵی سێیەم هاتووە ئەوەش لەو حاڵەت و بابەتانە بێت کە بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگ دیاری دەکات بە مەرجی پێش وەختە.


**د : پێناسەی پلۆمی گومرگی :**

یەکێکە لەو ئامرازانەی کە گومرگ بەکاری دەهێنێت بۆ داخستنی (قفل) بارهەڵگرەکان و کۆنتێنەرەکان لەکاتی گواستنەوە بە مەبەستی پاراستن و سەلامەتی و بەڕێکردنی کاڵاکان لە ژێر چاودێری گومرگی هاتن بۆ گومرگی مەبەست.


**١ - شێواز و چونیەتی بەکارهێنانی پلۆمی گومرگی :**

أ- سەرەتا پەیکەری ئەسڵی بەدەستێك دەگرین و پاشان بە دەستێکی تر تەلی پلۆمەکە بە کەلێنی تەنیشتی پلۆمەکە تێپەڕ دەکەین رایدەکێشین تا بەپێی پێویست توند دەبێت.






ب- نووکی بورغیەکە دەخەینە ناو کەلێنی سەرەوەی پلۆمەکە و ئەوەندە دەیسوڕێنین تا ئەو ڕادەی دڵنیا دەبین لە توند بوونی تەلەکە.



ج- دوای دڵنیا بوون لە بەستن و توندی تەلی پلۆمەکە پاشان بورغیەکە لار دەکەینەوە بە مەبەستی لێکردنەوەی سەری بورغیەکە, بەم شێوەیە کرداری پلۆم کردنەکە کۆتایی دێت.



**٢- مەرجەکانی بەکارهێنانی پلۆمی گومرگی :**

أ- دەبێت بارهەڵگرەکان و کۆنتێنەرەکان گونجاوبن بۆ کاری ترانزێتی و پلۆم کردنیان و دیاریکردنی ژمارەی پلۆمەکان وە نابێت بارهەڵگرەکان سەر کراوە بن واتە بەچادر داپۆشرابێت وە بەهیچ شێوەیەك نابێت چادرەکە کۆن و دڕاو بێت وبەنوسراوێك ئاراستەی دواین خاڵی مەبەست بکرێت .

ب- تەلی بارهەڵگرە چادرەکان دەبێت یەك پارچە و لە پۆلا دروستکراو بێت ، ئەگەر چادرەکان بەحەبل بەسترابوو نابێت حەبلەکە لێك ڕاکێشانی هەبێت وەك لاستیك.

ج- پێویستە نێوان ئەڵقەکان و سەرەوەی بۆدی بارهەڵگرەکان بە شێوەیەك بێت کە ئەلقەکانی دەوروبەری چادری بارهەڵگرەکان لەحیم کرابن ، وە نابێت بە بۆرغی بەسترابن بەشێوەیەك بێت کە دەستی مرۆڤ نەگات بەکاڵاکان بە مەبەستی دەرهێنانیان.

د- دەبێت نەرمادەی دەرگا و کێلۆنی دەرگای بارهەڵگرەکان و کۆنتێنەرەکان لەحیم بێت و نابێت بە بورغی بەسترابێت.

ه- پلۆمی گومرگی لە کێلون وشوێنی داخستنی دەرگای بارهەڵگرەکان و دەرگای کۆنتێنەرەکان دەدرێت.

و- دەکرێت بۆ یەک بارهەڵگر بەپێی پێداویستی چەند پلۆمێک بەکاربهێنرێت.

---

**ه : دانانی ڕێ و شوێنی گومرگی لە سەر ئەو کاڵایانەی کە بەشێوەی ترانزێت دەگوازرێتەوە :**

١- پڕکردنەوەی بەڵێن نامە لە لایەن بازرگان یان نوێنەری بازرگان بۆ ئەوەی وەك خاوەن بار هیچ مامەڵەیەك بە کاڵاکان نەکرێت تاکو ئەنجامی پشکنین لە تاقیگەکان دەردەچێت.

٢- لە لایەن خاوەن بار ڕاگەیاندنی گومرگی پڕدەکرێتەوە بە تەواوی ڕوونکردنەوە لەسەر کاڵاکان دەدات بە گومرگی هاتوو لە رووی (ژمارە و جۆر و کێش)ی کەل وپەلەکان.

٣- پشکنین بکرێت لەلایەن فەرمانبەرانی گومرگ بۆ کاڵاکان لەڕووی (ژمارە و جۆر و کێش)ی کەل و پەلەکان.

٤- نموونەیەکی کاڵاکە وەردەگیرێت بە ئامادەبوونی نوێنەری فەرمانگەی پەیوەندار و بازرگان یان نوێنەری بازرگان تاکو پشکنینی تاقیگەی بۆ بکرێت.

٥- - پاش پشکنینی تەواو بۆ کۆنتێنەرو بارهەڵگرەکان لە رووی شیاوی بۆ کاری ترانزێتی ، هەر یەك لە دەرچەکان و دەرگاکانیان پلۆم دەکرێن بەئامادەبوونی خاوەن کاڵا لەگەڵ نوێنەری ئاسایشی ئابووری.

٦- تأمینات لە خاوەن کالا وەربگیرێت بە بڕی ڕەسمی گومرگی بۆ کالاکە ، کاتێك ئەنجامی پشکنین بە (ئەرێنی) باشە دەرچوو یان خاوەن کالا ڕەزامەندی لایەنی پەیوەندیداری هێنا ئەوا تأمیناتەکە دەکرێتە داهات ، ئەگەر ئەنجامی پشکنین بە (نەرێنی) باش نەبوو ئەوا تأميناتەکە دەدرێتەوە بە خاوەن کالا تەنها کرێی پشکنینی لێ وەردەگیرێت و دەبێت کالاکە بگەرێندرێتەوە بۆ شوێنی هاوردەکراو یان بە لیژنە لەناو ببردرێت بە ڕەزامەندی و ئامادەبوونی خاوەن کالا یان نوێنەری بازرگان ، دەبێت کرێی خزمەتگوزاری لێ وەربگیرێت لەکاتی لەناوبردن.

٧- پڕکردنەوەی فۆرمی تایبەت بە پشکنینی ترانزێتی بە مەبەستی تۆمارکردنی سەرجەم زانیارییەکان.

٨- دەست نیشانکردنی گومرگی مەبەست و دیاری کردنی کات و ڕێگای ترانزێتی بۆ گواستنەوەی کالاکان.

٩- ڕێگە پێدانی ئاسایشی ئابووری بۆ کالاکە وەربگیرێت بۆ ئاسانکاری لە بازگەکان.

**و :- ڕووداوە چاوەڕوان نەکراوەکانی ڕێگا:-**

١. ئەگەر هاتوو لە ڕێگادا بارهەڵگرەکە تێکچوو یان ڕووداوی هاتووچۆی بەسەردا هات دەبێت بە زووترین کات نزیکترین گومرگی لێ ئاگادار بکرێتەوە ڕێکاری پێویست بگیردرێتەبەر وەکو گواستنەوەی کالا بۆ بارهەڵگرێکی تر ئەگەر پێویست بوو دووبارە پلۆم کردنەوەی بارهەڵگرەکە لە لایەن نوێنەری گومرگ و ئاماژە پێکردنی لە فۆرمی پشکنینی ترانزێتی.

٢. ئەگەر هاتوو پلۆمەکە شکابوو یان گۆرانکاری بەسەردا هاتبوو ئەوا گومرگ لەگەڵ خاوەن بارەکە پشکنینێکی تر بۆ کەل وپەلەکان دەکەن ئەگەر گۆڕان بەسەر ( کێش و جۆر و ژمارە ) ی کەل وپەلەکان نەهاتبێت ئەوا پەسەند دەکرێتەوە لەلای گومرگ و ڕەوانەی شوێنی مەبەست دەکرێت.

٣. ئەگەر هاتوو گۆڕان بەسەر (کێش و جۆر و ژمارە)ی کەل وپەلەکان هاتبێت ئەوا دەبێت بەپێی یاسای گومرگی سزا بدرێت و دەست بەسەر کالاکەدا بگیرێت تاکو کێشەکە یەکلا دەبێتەوە .

**ز :- ئەرکەکانی گومرگ :-**

١. پشکنینی بارهەڵگرەکە لە ڕووی ژمارەی تابلۆ و جۆرەکەی.

٢. پشکنینی پلۆمەکان لە ڕووی کۆد و سەلامەتی.

٣. پابەند بوون بە ڕێگا و ماوەی گواستنەوەی کالاکان.

٤. گواستنەوەی کالا بۆ کۆگا بە نوێنەری گومرگ.


٥.داخستن (قفل) یان پلۆم کردنی دەرگای کۆگا.


**ح :- سزای سەرپێچی کار:**

ئەگەر هاتوو دەستکاری پلۆمەکان یان هەر بەشێکی بارهەڵگرەکە کرابوو وە ئەم دەستکاری کردنەش بەئیرادەی خاوەن کالاکە بوو دەرئەنجام دەرکەوت کەوا نیازپاکی (حسن النية) تێدا نیە ئەوا بە پێی یاسای گومرگی ژمارە (٢٣) ی ساڵی (١٩٨٤) سزا دەدرێت.

## چەند جۆرێك پلۆمی گومرگی






## چەند جۆرێك کۆنتێنەر









## بەشی دەیەم

## ڕێنمایی ناوچەی ئازاد ( المناطق الحرة - Duty free)

لەگەڵ ڕەچاوکردنی هەموو ئەو مادده و بڕگە یاساییانەی بەشی چوارەم / ناوچەی ئازاد / کە لەیاسای گومرگی ژمارە (٢٣) ی ساڵی (١٩٨٤) ی هەموارکراودا هاتوون پێویستە :-

**یەکەم:** دەکرێت بە بڕیاری وەزیر دوای وەرگرتنی ڕای وەزارەتی بازرگانی ولایەنە تایبەتمەندەکان بازاڕی ئازاد وەناوچەی ئازاد دابمەزرێندرێت بەتەرخان کردنی ناوچەیەك و هەژمارکردنی بەدەرەوەی ناوچەی گومرگی.

**دووەم:** وەبەرهێن (المستثمر) هەموو پێداویستیەکانی دامەزراندنی بازاڕەکە دابین بکات لە پێناو درێژەپێدانی بازاڕەکە و پێویستە تەئمینی بینا و کاڵای بازاڕەکە بکات.

**سێیەم:** هەر کۆمپانیایەك کار بکات لەبازاری ئازاد دەبێت بەپێی مەرجەکانی یاسای گومرگی ژمارە(٢٣)ی ساڵی (١٩٨٤) کاربکات وە لەژێر چاودێری تەواوی دەزگای گومرگدا بێت.

**چوارەم:** فرۆشتنی هەر کاڵا وکەل و پەلێك لە بازاری ئازاد بۆ کەسانی بیانی و عێراقی پێویستە لە ژێر سەرپەرشتی گومرگ دا بێت و لە کاتی هەناردەکردن و گەڕانەوە بۆ ناو وولات ڕەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکرێت:-

١- فرۆشتن بە پارەی ناوخۆ و پارەی بیانی بە(دۆلار و یۆرۆ) دەبێت.

٢- بەخشین لە ڕەسمی گومرگی تەنها بۆ لایەنی وەبەرهێنەرەو ناکرێت ئەو لایەنە واز لەو بەخشینە بهێنێت بۆ لایەنێکی تر.

٣- ڕێگا نادرێت کاڵا بەشێوەی کۆ (جملة) بفرۆشرێت بۆ ناو هەرێم .

٤- کارمەندانی بازاری ئازاد و کارمەندانی تر بۆیان نیە کاڵا لە بازاری ئازاد بکڕن.

**پێنجەم:** هەر کالایەك کە دێتە ناو بازاری ئازاد وە بۆ بازاری ئازادێکی تر دەڕوات بەنوێنەر, تەنها کرێی پشکنینی لێوەردەگیرێت و بازاری ئازاد بۆی هەیە ئەو کاڵایانەش بفرۆشێت کەلە ناوخۆ بەرهەم دەهێنرێت

**شەشەم:** هەموو ئەو کاڵایانەی کە بەپێی یاسای گومرگی ژمارە (٢٣) ی ساڵی (١٩٨٤) و یاسا و ڕێنماییەکانی تر قەدەغەکراون ڕێگا نادرێت بێتە ناو بازاری ئازاد .

**حەوتەم:** ئەو کاڵایانەی کە لە بازاڕی ئازاد دەهێنرێنە دەرەوە بەمەبەستی بەکارهێنان و فرۆشتنی لەبازارەکانی ناوخۆ پێویستە ڕەسمی گومرگی و باجە سەپێنراوەکانی لێوەر بگیرێت بەپێی یاساو ڕێنماییەکان.

**هەشتەم:** پێویستە وەبەرهێن ئەو کاڵایانە لە ناوبات کە بۆ بەکارهێنان ناشێت و لەناو بازارەکەدایە بەمەرجێك لەژێر سەرپەرشتی گومرگ بێت و کۆنووسی تایبەتی بۆ ڕێك بخرێت .

**نۆیەم:** پێویستە وەبەرهێنەر دەستەبەری بانکی (کفالة مصرفية) بەبڕی (١٥,٠٠٠,٠٠٠) پانزە ملیۆن دیناری عێراقی پێشکەش بە گومرگ بکات بەمەبەستی مسۆگەرکردنی جێ بەجێ کردنی یاسا و ڕێنماییە گومرگییەکان.

**دەیەم:** پێویستە وەبەرهێن لیستی تایبەتی هەبێت بۆ کاڵاکان بەو شێوازەی کە گومرگ بۆی دیاری دەکات و بڕیاری لەسەر دەدات.

**یانزەیەم:** بەڕێوەبەرایەتی گومرگی پەیوەندیدار کاری پێویست ئەنجام دەدات بۆ جێ بەجێ کردنی ئەو خاڵانەی کە لەسەرەوە هاتوون و بەپێی دەسەڵاتەکانی و لەکاتی نەبوونی دەسەڵات بۆ هەر خاڵێك بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگ ئاگادار بکاتەوە.

**دوانزەیەم:** بازاری ئازاد پێویستە پابەند بێت بە هەموو ئەو مەرجانەی کە بۆی دیاری کراوە .

## بەشی یانزە
## ڕێنمایی دەرهێنەری گومرگی(الاخراج الكمركي)

به لەبەرچاوگرتنی مادده و بڕگەکانی یاسای گومرگی ژمارە (٢٣)ی ساڵی (١٩٨٤) ی هەموارکراو تایبەت بە (دەرهێنەری گومرگی – الأخراج الكمركي) بەتایبەتیش لە بڕگەی دووەم لە ماددەی (١٧٥)ی یاساکەدا هاتووە کە بە بڕیاری وەزیری دارایی و ئابووری مەرجەکانی پێدانی مۆڵەتی دەرهێنەری گومرگی و ئەرکەکانی وەکیلی دەرهێنەری گومرگی دیاری دەکرێت وەك لە خوارەوەدا هاتووە:-

**یەکەم**: بەڕێوەبەری گشتی گومرگ مۆڵەتی پیشەی بریکاری دەرهێنەری گومرگی (وكيل الاخراج الكمركي) بۆ یەك ساڵ دەدات بۆ هەموو کەسێکی ئاسایی و کۆمپانیا ئەگەر ئەو مەرجانەی تێدابێت کەلەم ڕێنماییەدا هاتووە.

**دووەم**: بەڕێوەبەری گومرگی پەیوەندیدار هەڵدەستێت بەپێدانی مۆڵەتی پیشەی یاریدەدەری بریکاری دەرهێنەری گومرگی ئەگەر ئەو مەرجانەی تێدابێت کەلەم ڕێنماییەدا هاتووە.

**سێیەم**: مەرج و پێویستیەکانی پێدانی مۆڵەتی بریکاری دەرهێنەری گومرگی بۆ کەسی ئاسایی کە داواکاری پێشکەش دەکات:-

أ- عێراقی بێت و دانیشتووی هەرێم بێت.

ب - تەمەنی لە (١٨) ساڵ کەمتر نەبێت.

ج - دەرچووی ئامادەیی یان هاوشێوەی ئامادەیی بێت .

د - ئەستۆ پاکی (براءة ذمة) ی باجی دەرامەت بهێنێت، بۆتازە کردنەوەی مولَەت ، پێویستە هەمان مەرجەکانی تایبەت بە پێدانی مولَەتی کارکردن و ئەستوپاکی گشت باجەکانی تێ دابێت .

هـ - بەڵێن نامە بدات کە پەیوەستە بەدانی هەموو ڕسومات و سزایەك کە دەکەوێتە سەر (مۆکل) بریکاردەر واتە بازرگان یان کۆمپانیا.

و - ڕەزامەندی دەزگای ئاسایشی هەبێت.

ز – خووڕەوشتی بەرز بێت و هیچ پێشینەیەکی خراپی نەبێت .

ح - داواکار ئەبێت داواکەی لە بەڕێوەبەرایەتی گومرگی پەیوەندیدار پێشکەش بکات.

**چوارەم** : مەرجەکانی کارکردنی بریکاری دەرهێنەری گومرگی.

أ-  پێویستە نوسینگەیەکی هەمیشەیی هەبێت لەناو حەرەمی کۆمەڵگا یان حەرەمی گومرگی یان خاڵە سنوریە گومرگیەکان  یان ئەو شارەی کە حەرەمی کۆمەڵگا یان گومرگ لە سنوری یەکە ئیداریەکەی دایە کە چالاکی تێدا ئەنجام دەدات و پێویستە تابلۆیەك هەڵبواسێت کە ناو و پیشەو ژمارەی مۆڵەتەکەی تێدابێت.

ب- پێویستە تەنها پیشەی بریکاری دەرهێنەری گومرگی بکات و  مووچەخۆری دەوڵەت نەبێت، (ئەم مەرجە ئەو بریکارانە ناگرێتەوە کە بەپێیرێنمایی گومرگی ژمارە ( ٢٠١٦/٦) دەست بە کاربوون و بەردەوامن لەکارکردن).

ج- پێویستە بریکاری دەرهێنەری گومرگی خطاب ضمان( بەبڕی (٢,٠٠٠,٠٠٠) دووملیۆن دینار بهێنێت.

د- بریکاری دەرهێنەری گومرگی مۆڵەتی پێ دەدرێت لەبەرامبەر بڕی (٥٠٠,٠٠٠) پێنج سەد هەزاردینار وە یاریدەدەری بریکاری دەرهێنەری گومرگی مۆڵەتی پێ دەدرێت لە بەرامبەر (٢٥٠,٠٠٠) دوو سەدو پەنجا هەزار دینار وەك ڕەسمی دەرهێنانی مۆڵەت و هەموو ساڵێك نوێ دەكرێتەوە بەبێ بەرامبەر.

هـ - بڕی (٧٠٠,٠٠٠) حەوت سەد هەزار دینار وەردەگیرێت بۆ هەرساڵێك لە بڕی كاركردنی بریكاری دەرهێنەری گومرگی وەك ڕەسمی كاركردنی بریكاری دەرهێنەر.

و- بڕی (٣٠٠,٠٠٠) سێ سەد هەزار دینار وەردەگیرێت بۆ هەرساڵێك لە بڕی كاركردنی یاریدەدەری بریكاری دەرهێنەری گومرگی وەك ڕەسمی كاركردنی یاریدەدەری دەرهێنەر.

ی - بریكاری دەرهێنەری گومرگی بۆی هەیە (٣) سێ یاریدەدەر بخاتەكار وە لەوە زیاتر بۆی هەیە داواكاری پێشكەش بكات بۆ بەڕێوەبەری گشتی گومرگ لە ڕێگای بەڕێوەبەری گومرگی پەیوەندیدارەوە بەمەرجێك بیسەلمێنێت كە پێویستی بەو ژمارەیە زیاترە لە یاریدەدەر.

ح - دوای تەواو بوونی مۆڵەتی كاركردن و پیشەی دەرهێنان ، بریكاری دەرهێنەری گومرگی و یاریدەرەكانی باجی تایبەتی پی دەدرێت.

**پێنجەم:** مەرجەكانی پێدانی مۆڵەتی پیشەی یاریدەدەری بریكاری دەرهێنەری گومرگی:

أ - عێراقی و دانیشتووی هەرێم بێت.

ب- دەرچووی ناوەندی بێت و شارەزایی هەبێت لەم بوارەدا (ئەم مەرجە ئەو یاریدەدەرانە ناگرێتەوە كە بەپێبرپێنمایی گومرگی ژمارە ( ٢٠١٦/٦) دەست بە كاربوون و بەردەوامن لەكاركردن.

ج- تەمەنی (١٨) هەژدە ساڵ كەمتر نەبێت.

د- تەنها كاری یاریدەدەری بریكاری دەرهێنەری گومرگی بكات وە مووچەخۆری دەوڵەت نەبێت.

هـ- نابێت لەلای بریكارێك زیاتر كار بكات.

و- یاریدەدەر دەتوانێت بە دواداچوون لەسەر مامەڵە گومرگیەكان بكات لە هۆبەو بەشەكانی گومرگەكان و كارە یاسایەكان راپەڕێنێت , بەمەرجێك ڕێگە پێدراوبێت لە لایەن بریكاری دەرهێنەری گومرگییەوە .

ز - پێویستە یاریدەدەری دەرهێنەری گومرگی (خطاب ضمان) بە بڕی ( ١,٠٠٠,٠٠٠) یەك ملیۆن دینار بهێنێت.

ی- گۆڕینی ناونیشانی یاریدەدەری دەرهێنەری گومرگی بۆ دەرهێنەری گومرگی (وكیل إخراج) بەپێی مەرجەكان و بە ڕەزامەندی بەڕێوەبەری گشتی گومرگ دەبێت.

**شەشەم:**

أ - مەرجەكانی بریكاری دەرهێنەری گومرگی دەسەپێنرێت بەسەر ئەو كۆمپانیایانەی كەكاری دەرهێنەری گومرگی دەكەن كە بەرێوەبەری ڕێگە پێدراو ( مدیر مفوض ) یان هەر كە سێكی تر كە كۆمپانیا بەرێوەدەبات.

ب - نوێنەری وەزارەتەكان یاخود نوینەری كومپانیا گشتی یەكانی دەوڵەت بۆیان هەیە كاری دەرهێنەری گومرگی بكەن لە خاڵە سنورییەكان بۆ دەرهێنانی كاڵا و كەل و پەلەكانی تایبەت بە وەزارەتەكەیان بە مەرجێك سەرپشك (تخویل) كرابێت لە لایەن وەزارەتەكەیان بۆ ئەم مەبەستە، دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی بەرێوەبەرایەتی گشتی گومرگ .

**حەوتەم:** بریکاری دەرهێنەری گومرگی پابەند دەبێت بە:

أ- بەرپرسە لە دروستی سەرەتاو بەڵگە نامەکان کە لە جیاتی بازرگان یان کۆمپانیا پێشکەشی دەکات وە پێویستە بریکارنامە ( الوکالة) بخاتە ڕوو تا لە بەرێوەبەرایەتی گومرگی پەیوەندیدار کاری دەرهێنان بۆ بابەتەکە ئەنجام بدات.

ب- پێویستە تیانووسێکی تایبەتی تۆماری هەبێ و بە مۆری بەرێوەبەرایەتی گومرگی مۆر کرابێت لەو سنوورەی کەکاری تیا دەکات وە هەموو زانیاریەکانی دەرهێنانی گومرگی تیادا تۆمار دەکرێت بە ژمارە و زنجیرە لەگەڵ ئاماژە پێدان بە ژمارەی مەنەفێست ( بیان كمركي ) وە ئەم تیانووسە دەپارێزرێت بۆ ماوەی (٥) پێنج ساڵ بۆ ئەوەی دەزگای چاودێری کاری ووردبینی لەسەربکات.

ج - بریکار پێویستە لە سنووری یەك بەرێوەبەرایەتی کاری دەرهێنانی گومرگی بکات وە بەرێوەبەرایەتی گشتی گومرگ بۆی هەیە مۆڵەت بدات بەکارکردن لە سنووری بەرێوەبەرایەتییەکی تریش بەمەرجێك پاساوی یاسایی هەبێت و هەمان ئەو بڕە پارانە لەو بەرێوەبەرایەتیە دابنێ لە بری خۆی و یاریدەدەرەکانی.

د- بریکار بەبێ ڕەزامەندی بەرێوەبەرایەتی گومرگ بۆی نیە هیچ کەسێك بخاتە کار.

ه- بەڵێن نامەیەکی دەست نووس پێشکەش دەکات کە پابەند دەبێت وە بەرپرسیاردەبێت لەوکارانەی کە یاریدەدەرەکانی دەیکەن وە لەکاتی تازەکردنەوەی ناسنامەی یاریدەدەرەکان هەمان بەڵێن نامە پێشکەش دەکات.

**هەشتەم:** لە کاتی هەبوونی سەرپێچی یان هەر کەم و کوریەک لە نوسینگەو دەرهێنەرو یاریدەدەرەکانی گومرگی پێویستە لە رێگای لیژنەی بەدواداچوون لە بەرێوەبەرایەتی گشتی گومرگ یەکلایی بکرێتەوەو دوای ڕەزامەندی بەرپێوەبەری گشتی سزاکانیش بەم شێوەیەی لای خوارەوە ئاراستەیان دەکرێت :

١- هۆشداری (إنذار).

٢- ڕاگرتنی کاتی لە کارکردن بە مەرجێك لە (٢) دوو ساڵ زیاتر نەبێت .

٣- هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەت بەیەکجاری .

٤- هەر سزایەك کە لە لایەن بەرپێوەبەرایەتیەکان ئاراستەی بریکار یان یاریدەدەری بریکاری دەرهێنەری گومرگی دەکرێت، سەرپێچی کار بۆی هەیە لە ماوەی (١٥) پانزە ڕۆژ دا تانە بگرێت و پێشکەش بە بەرپێوەبەری گشتی گومرگ بکات لە بەرواری ئاگادارکردنەوەی بە سزاکە بڕیاری بەرێوەبەری گشتی گومرگ یەکلاکەرەوە دەبێ و مافی تانە گرتنی نامێنێت.

٥- هەرسزایەك کە لە لایەن بەرپێوەبەری گشتی گومرگ ئاراستەی بریکار یان یاریدەدەری بریکاری دەرهێنەری گومرگی دەکرێت، سەرپێچی کار بۆی هەیە تانە لە بریارەکە بگرێت و لە ماوەی (١٥) پانزە ڕۆژ لە بەرواری ئاگادارکردنەوەی تانەکە پێشکەش بە وەزیری دارایی وئابووری دەکرێت و بڕیاری وەزیر یەکلاکەرەوە دەبێت و مافی تانە گرتنی نامێنێت.

## بەشی دوانزە

### ( خشتەی کانزاو بابەتەکانی تر کە هەناردە دەکرێت )

| ژ | ناوەرۆك | بەها بۆ (١) تەن بە دینار | رێژە |
|---|---|---|---|
| ١ | مس و زەردی قالب و فەل | ٦،٠٠٠،٠٠٠ شەش ملیۆن | ٪١٠ |
| ٢ | فافۆن و قورقوشمی قالب و فەل | ٣،٠٠٠،٠٠٠ سێ ملیۆن | ٪١٠ |
| ٣ | پاتری شکاو | ٢،٠٠٠،٠٠٠ دوو ملیۆن | ٪١٠ |
| ٤ | ستیل سکراب | ١,٧٥٠,٠٠٠ یەك ملیۆن و حەوت سەد و پەنجا هەزار | ٪١٠ |
| ٥ | ئاهین/ حەوجۆش | ٧٥٠،٠٠٠ حەوت سەد و پەنجا هەزار | ٪١٠ |
| ٦ | رادیتەی شکاو | ٢٢٥٠,٠٠٠ دوو ملیۆن و دوو سەد و پەنجا هەزار | ٪١٠ |
| ٧ | کبریت | ٥٠,٠٠٠ پەنجا هەزار | ٪١٠ |
| ٨ | کاغەزو کارتۆنی کۆنە,پاشماوەی کلێنیکس | ٥٠,٠٠٠ پەنجا هەزار | ٪١٠ |
| ٩ | ( پلاستیک، نایلۆن، عالاگە، گونیە) کۆنە | ٥٠,٠٠٠ پەنجا هەزار | ٪١٠ |
| ١٠ | پێستەی خاوی ئاژەڵی هەموو جۆرێك | ٥٠٠,٠٠٠ پێنج سەد هەزار | ٪١٠ |
| ١١ | پێستەی خۆشکراوی تەواو یان نیمچە خۆشکراو کە مۆڵەتی پیشەسازی هەیە | ١,٥٠٠,٠٠٠ یەك ملیۆن و پێنج سەد هەزار | ٪٨ |
| ١٢ | پێستەی خۆشکراوی تەواو یان نیمچە خۆشکراو کە مۆڵەتی پیشەسازی نییە | ١,٥٠٠,٠٠٠ یەك ملیۆن و پێنج سەد هەزار د | ٪١٠ |
| ١٣ | پاشماوەی کورە لە مس و زەرد | ٣,٠٠٠,٠٠٠ سێ ملیۆن | ٪١٠ |
| ١٤ | پاشماوەی کورەی فافۆن قورقوشم | ١,٥٠٠,٠٠٠ یەك ملیۆن و پێنج سەد هەزار | ٪١٠ |
| ١٥ | فلتەری بەکارهاتوو بۆ گێرانەوەی دوکەڵی کورەی کارگەکان | ٥٠٠،٠٠٠ پێنج سەد هەزار | ٪١٠ |
| ١٦ | هەویری پاتری لە شێوەی خۆڵ وقوردا (جگە لە قورقوشم) | ٥٠،٠٠٠ پەنجا هەزار | ٪١٠ |
| ١٧ | پاشماوەی کارگەی ئاسن(خڵتەو خاشاکی ئاسن) | ٦٠,٠٠٠ شەست هەزار | ٪٥ |
| ١٨ | بەردی ئەگزۆزی لەکارکەوتووی ئۆتومبیل | ٦٠٠,٠٠٠ شەش سەد هەزار | ٪٥ |
| ١٩ | خشتی کەرپوچ نەسوز کۆنە(هاردراو و وردکراو) | ١٢٠,٠٠٠ سەد وبیست هەزار | ٪٥ |
| ٢٠ | کەلای پۆلا بۆ ئامێری هارین | ٣٠٠,٠٠٠ سێ سەد هەزار | ٪٥ |
| ٢١ | پاشماوەی پلێتی ( سەرە پارچەی ) ئەلەمنیۆمی کارگەکان | ١٥٠٠,٠٠٠ یەک ملیۆن و پێنجسەد هەزار | ٪٥ |

**تێبینی:** لە کاتی جێبەجێ کردنی خشتەکەی سەرەوە پێویستە رەچاوی ئەم خاڵانە بکرێت:

١- لە کاتی هاوردەکردنی کانزا لە کارکەوتووەکان لە سنوورەکانی هەرێم بە رێژەی (٥٪) ی بەها ڕەسمیان لێوەربگیرێت بەپێی خشتەی کانزاکان وە لە کاتی هەناردەکردن و چونە دەرەوە بڕی (٥٪)ی تری لێ وەربگیرێت بەپێی خشتەی بەشی دووانزە.

٢- ئەگەر ڕەسمی هاووردەکردنی نەدابوو (سەرەتای نەبوو) لە کاتی هەناردەکردن بە رێژەی (١٠٪) ڕەسمیان لێوەربگیرێت بەپێی بەهای خشتەی بەشی دوانزە.

٣- لە کاتی بوونی کێشەی گومرگی بۆ بەرهەمە نەوتیەکان بەهای سووتەمەنیەکە لە وەزارەتی سامانە سروشتیەکان یان بەرێوەبەرایەتیەکانی سەربەو وەزارتە وەربگیرێت وپێویستە کار بەو بەهایە بکرێت بۆ سزادان و یەکلاکردنەوەی کێشەکە .

**رێسای کۆتایی :**

١- لە دوای دەرچوونی ئەم ڕێنماییە کار بەو ڕێنماییانە دەکرێت  کە پێشووتر لە دەرەوەی ڕێنمایی ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠١٦ دەرکراون و لەگەڵ ئەم ڕێنماییە دەگونجێن و دژ نین ، بە پێچەوانەوە کار بە هیچ ڕێنماییەکی تر ناکرێت کە دژ بێت لەگەڵ ئەم ڕێنماییە .

٢- هەر ڕێنمایی و گۆڕانکارییەکی تری بواری گومرگی کە لە داهاتووداو لە دوای ئەم ڕێنماییە تازەیە دەردەچێت  و گشتاندنی پێ دەکرێت پێویستە:

أ.بەرواری کارپێکردنەکەی دیاری کرابێت.

ب.لەسەرەتا بە ئیمێل ڕەوانەی سەرجەم بەڕێوەبەرایەتیە گومرگیەکان بکرێت و دواتریش بە نوسراوی فەرمی ئاراستەیان بکرێت.

ج.لەسەر تۆری ئەنتەرنێت لە پەیجی گومرگ بڵاوبکرێتەوە.

د. لە کاتی گەیشتنی بە بەرێوەبەرایەتیە گومرگیەکان لە تابلۆی هەڵواسین (لوحة الاعلانات) هەڵبواسرێت.

٣- ئەم ڕێنماییە ١٠ ڕۆژ دوای بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی ( وەقایعی کوردستان ) کاری پێ دەکرێت.

**ئاوات جەناب نوری**

**وەزیری دارایی و ئابووری**

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**

**ژمارە : ٦٠٣٨ لە ٢٠٢٠/٩/٢٨**

پاڵپشت بـە مـاددەی (٢٧٠/دووەم ) لـە یاسـای گـومرگی عێراقـی ژمـارە (٢٣)ی سـاڵی ١٩٨٤ و هـاوپێچ نووسراوی بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگ ژمارە (٩٠٢٤) لە ٢٠٢٠/٩/٢ تایبەت بە شێوازو ڕێکاری مامەڵە کردن بۆ کۆنترۆڵ کردنی دیاردەی بە قاچاخ هێنانی مەڕو ماڵات و ئاژەڵ لە سنوورەکان بڕیاردرا بە :

**ڕێنمایی ژمارە (٢١)ی ساڵی ٢٠٢٠**

**تایبەت بە شێواز و ڕێکاری مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو مەڕ وماڵاتەی کە بەشێوەی نا یاسایی هاوردەی هەرێم دەکرێن**

١- دەبێت مەڕ و ماڵات لە سەر سنوورەکان دەستی بەسەردا بگیرێت .

٢- لایـەنی دەسـتگیر کـار دەبێـت دڵنیـایی تـەواوی هـەبێت کـە مـەڕو ماڵاتەکـە هـی هاووڵاتیـان و دێهاتەکانی هە رێمی کوردستان نەبێت

٣- لایــەنی دەسـتگیر کــار دەبێــت بــە کۆنووســی دەســت بەســەرداگرتن و نووســراوی فــەرمی بەرێوەبەرایـەتی گـومرگی پەیوەندیـدار ئاگـادار بکاتـەوە و زانیـاری تـەواو تومـار بکـات لـەسـەر شێوازی گرتن و ژمارە و جۆری مەڕ و ماڵاتەکە و شـوێن و کـاتی دەسـت بـەسـەر داگـرتن و نـاوی خـاوەن و شـوفێر و ژمـارەی ئوتۆمبێـل ( ئەگـەر لـە ئۆتۆمبێـل دا بـوون ) و هـە ر زانیاریـەکی تـر پێویست ناکات .

٤-

أ- ئەگەر خاوەنی مەڕو ماڵاتەکە ئامادەی هەبوو کە فالـەت و تأمینـاتی بـەپێی پێناسـەی گـومرگی و بەپێی خـاڵی (٧/أ)ی ئـەم ڕێنماییـە سـزای لـێ وەربگرێـت و ماڵاتەکـە ئـازاد بکرێـت و بـەلێن نامـە وەربگیرێت کە تا دوای لە پشکنین مامەڵەی پێوە ناکات و لە ژێر (حجرصحی) دابێت .

ب- ئەگەر خاوەنەکەی ئامادەیی نەبوو لە ناو حەرەمی گومرگی یان هە ر شوێنێکی دیاری کراوی تر مەرۆ ماڵاتەکەلە ژێـر چـاودێری گـومرگ دابنـرێن تـا ئـەنجامی لێکۆلینـەوە یـەکلایی دە بێتـەوە و تێچووی بەخێوکردن و مانەوەی ئاژەلەکان دە کەوێتە ئەستۆی خاوەن مەڕ و ماڵات .

٥- کرێی مانەوە بە خێوکردن بۆ یەك سەر مەڕ وماڵات بـۆ مانـەوەی (٢٤) کـاژێر ( ٥٠٠٠) پێـنج هـە زار دینار وەردەگیرێت ئەگەر لەناو حەرەمی گومرگی دانرابوون بڕی پارەکە وەردەگیرێت و دەکرێتـە داهاتی کۆتایی، ئەگەر لە دەرەوەی حەرەمی گومرگ دانرابوون ئەو بـڕە پارەیـە وەردەگیرێـت بـە (أمانات)و دوای یەکلاکردنەوەی کیشەکە دەدرێتە خاوەنی ئەو شوێنەی کـە مـەڕ وماڵاتـەکەی لـێ دانراوە

٦- کیشـە کـانی مـەڕ و مـاڵات هەر جـۆر و بڕێـك بێـت لـە نـاو بـە ڕێوەبەرایەتیـەکانی گـومرگ یەکلابکریتەوە .

-٧

أ- لە حالەتی یە کلابوونەوەی کێشەکە و دڵنیابوون کە بە شێوەی نایاسایی مەڕ و ماڵاتەکە هاوورده کراوون دوای دەرچوونی پشکنین بەپێی پێناسەی گومرگی گومرگ بکرێن و بەپێی ماددەی (١٩٤)/ یە کەم (ب) / بڕگەی (٣) سزا بدرێن .

ب- بەڵێن نامە بەخاوەنی مەڕو ماڵاتە کە پڕ بکرێتەوە کە لە حاڵەتی دووبارە بوونەوەی هاوورده کردنی مەڕ و ماڵات بەشێوەی نایاسایی بەپێی ماددەی (١٩٤) / یەکەم (ج)/ سزا بدرێن .

٨- ئەگەر مەر و ماڵاتەکە لە پشکنینی ڤێتێرنەری دەرنەچوون دەبێت بەپێی ڕێکارە تەندروستیەکان سەر ببڕدرێن و لە ناو ببرێن .

٩- دوای ئەنجامی لێکۆلینە وەکان ئەگەر بەپێی بە لگەنامەکان و شاهیدەکان دەرکەوت مەڕ و ماڵاتەدە ست بەسەر گیراوەکە هی ناوخۆیە ، دەبێت ڕاستەوخۆ ئازاد بکرێن و بڕی تێچووی مانەوە و بە خێوکردن دەکەوێتە سەر بە ڕێوەبەرایەتیە کانی گومرگ .

١٠-ئەم ڕێنماییانە جێبە جێ دەکرێت لە ڕێکەوتی دەرچوونی کاری پێ دەکرێت و لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان)بڵاو دەکرێتەوە ٠

**ئاوات جەناب نوری**
**وەزیری دارایی و ئابووری**

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە : ١٤١٠٥ لە ٢٠٢٠/٩/٢٠**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم ڕێنماییە:

**ڕێنمایی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٠**

**ڕێنمایی هاوردەکردنی ئۆتۆمبێل**

## مەرجە گشتییەکانی هاوردەکردنی ئۆتۆمبیل

**ماددەی (١) :** مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە ئەو مانایانەی کە بەرامبەریان دیاری کراوە:-

١- **هەرێم**:- هەرێمی کوردستانی عێراق.

٢- **وەزارەت**:- وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

٣- **بەرێوەبەرایەتی هاتووچۆ**:- بەرێوەبەرایەتیەکانی هاتووچۆ لە پارێزگاکان.

٤-**بڕوانامەی (COC)** :- مەبەست لێی ئەو بڕوانامەیە کە لە لایەن کۆمپانیای تایبەتمەند بەپێدانی ئەو بڕوانامەیە دەدرێت و تێدا دیاری دەکات کە ئۆتۆمبێل بەپێی ستاندەرەکانی کۆمپانیای دروستکەرە و هەر کەم کورییەکی هەبێت تیایدا دیاری دەکات .

٥-**ئۆتۆمبێلی (سفر) کیلومەتر** :- ئەو ئۆتۆمبێلەیە کە لە (١٠٠) کیلومتر زیاتر نەڕۆیشتووە و بەپێی مەرجەکانی ئەم ڕێنماییە هاوردە کراوە.

٦- **ئۆتۆمبێلی بەکارهاتوو**:- ئەو ئۆتۆمبێلەیە کە لە زیاتر لە (١٠٠) کیلۆمتر ڕۆیشتووە و بەپێی مەرجەکانی ئەم ڕێنماییە هاوردە کراوە.

٧- **ئۆتۆمبێلی هەجین** :- ئەو ئۆتۆمبێلەیە کە بە دوو جۆر سووتەمەنی کار دەکات، بە کارەبا و سووتەمەنی بەنزین یان گاز یان غاز .

٨- **ئۆتۆمبیلی سالفج(salvage)** :- ئەو ئۆتۆمبێلەیە کە لەو وڵاتەی بەکارهاتووە تووشی ڕووداوی هاتووچۆ بووە یان دزراوە، و کۆمپانیای دڵنیایی قەرەبووی خاوەنەکەی کردۆتەوە و دواتر فروشراوەتەوە بۆ هەناردەکردن و هیچ کام لەو کەم و کوڕیانەی کە لە ماددەی ( شەشەم) ئاماژەی پێدراوە تێدا نیە.

**ماددەی (٢) :**

مەبەست لە دەرکردنی ئەم ڕێنماییە ڕێکخستنی هاوردە کردنی ئۆتۆمبێلی سفر کیلۆمتر و ئۆتۆمبێلی بەکارهاتووە بۆ هەرێمی کوردستان بەپێی ئەو ستانداردانەی لەم ڕێنماییە دیاری کراون بەمەبەستی هاوردەکردنی ئۆتۆمبێلی گونجاو وسەلامەت و هەبوونی مەرجەکانی کوالێتی وتوندوتوڵی لەئۆتۆمبێلی هاوردە کراو ، و چالاك کردنی بازرگانی ئۆتۆمبێلە لە هەرێمی کوردستان.

## مەرجە گشتییەکانی هاوردە کردنی ئۆتۆمبێل

**مـادەی (٣) :**ئۆتۆمبێـڵ دەبێـت بە لایەنـی کەم دوو (ئێربـاگ) لای شـوفێر و تەنیشـت شـوفێر و سیستەمی (ABS)ی هەبێت.بڕوانـامەی (COC) لەگەڵدابێت ، و دەکرێـت لە دەروازەی سنووری لە لایەن کۆمپانیاکانی کوالێتی بروانامەی (COC) پێ بدرێت.

١- ئۆتۆمبیلی جۆری پاص لە (١٤) نەفەر بەرەو سەرەوە مەرج نیە (ئێرباگ)ی هەبێت.

٢- ئۆتۆمبیلی کلاسیك دەبێت بە لایەنی کەم (٤٠) ساڵ بەسەر دروست کردنی تێپەربووبێت و دوای تومارکردنی هیچ کڕین و فرۆشتنی پێوە ناکرێت.

٣- هێنانە ژوورەوەی ئۆتۆمبێلی خوار مودێل تەنیا لە دەسەڵاتی وەزیری ناوخۆ و وەزیری دارایی و ئابووری دەبێت و کار بە هیچ نوسراوێك ناکرێت کە بە واژووی وەزیری ناوخۆ نەبێت.

٤- هێنانە ژوورەوەی ئۆتۆمبێلی قەلغان (درع) تەنها لە دەسەڵاتی وەزیری ناوخۆیە.

٥- ئۆتۆمبێلی کارەبا بە ڕسوماتی (٤) پستون تۆمار دەکرێت.

٦- ئۆتۆمبێلی کشتوکاڵی و بنیاسازی (الزراعیة و الإنشائیة) مەرج نیە ئێرباگی هەبێت.

٧- ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە بۆ فەرمانگەکانی حکومەتی هەرێم دەهێندرێنە نـاوەوەی هەرێـم تەنیـا بە ژمارەی میری تۆمار دەکرێن و ناکرێت خاوەندارێتی بگوازرێتەوە جگە لەوانەی کە بەپێی یاسای ژمارە (٣٢) ساڵی ١٩٨٦ دەفرۆشرێت ، یان هەر یاسایەکی تر جیگای ئەو یاسایە بگرێتەوە.

٨- ئۆتۆمبێل دەبێت لە (١٠٠) کیلۆمتر زیاتر نەرۆیشتبێت کاتێك دەگاتە دەروازە سنوورییەکان.

٩- ئۆتۆمبێلی ستێرن لایی ڕاست یان (محور) داخل ناکرێت و تۆمار ناکرێت.

**مادەی (٤) :**

هەڵە لە مەنەفستی ئۆتۆمبێل لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی گومرگی پارێزگاکان ڕاست دەکرێتەوە.

**مادەی (٥) :**

١- هاوردەکردنی ئۆتۆمبێلی دوو مۆدێل (کۆن)تر لە مۆدێلی ساڵ ڕێگەپێدراوە تا (١١/١)ی هەموو ساڵێك.

٢-تۆمـارکردنی ئۆتـۆمبێلی سـاڵی نـوێ لە (٩/١)ی هەمـوو سـاڵێك دەسـت پـێ دەکـات و بەڕێوەبەرایەتیەکانی گومرگ بۆیـان هەیە ئۆتـۆمبێلی مودێـل نـوێ لە ٢٠٢٠/٦/١ گـومرگ بـکەن و لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی هاتووچۆ ئەو ماوەی نێوان داخل کـردن و تۆمـارکردنی ئۆتۆمبێـل لە مـاوەی یاسـایی تێـپەڕی کە (٦٠) ڕۆژە بە بەخشـین ئەژمـار دەکرێـت بە مەرجێـك لە هەمـوو حالەتێـك تۆمارکردنی لە مانگی (٩) تێپەر نەکات بە پێچەوانەوە ئەو ماوەی بەخشینەش بەسزای دواکەوتـن بۆ ئەژمار دەکرێت.

٣- ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر لە چوار تەن زیاتر (١٠) مۆدێل کۆنتر لە مۆدێلی ساڵ داخل دەکرێت.

٤-ئۆتۆمبێلی پاص لە (٢٠) سەرنشین زیاتر (١٠) مۆدێل کۆنتر لە مۆدێلی ساڵ داخل دەکرێت.

٥-ئۆتۆمبێلی ئامێر (انشائیة ، زراعیة) (١٥) مۆدێل کۆنتر لە مۆدێلی ساڵ داخل دەکرێت.

٦-ئۆتۆمبێلی کەرەڤان (موتورهۆم) واتە مەکینە و کەرەڤانەکەی یەك یەکە بێت داخل دەکرێت ، (١٥) مۆدێــل کەمتــر لە مــۆدێلی ســاڵ ڕێگەپێــدراوە و هاوشــێوەی پــاص گــومرگ دەکرێــت و لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی هاتووچۆ بە ژمارەی تایبەت و بەرسوماتی (استیشن) تۆمار دەکرێت بەپێـی ژمارەی پستون.

٧-ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە لە نێوان ماوەی داخل بوونیان لە دەروازەی سنوری و تۆمارکردنیان تووشی ڕووداوی هاتووچۆ دەبن، بە پشتگیری بەڕێوەبەرایەتی هـاتووچۆی تایبەتمەنـد و بەپێـی هێلکـاری شوێنی رووداو (مخطط محل الحـادث) کە لە لایەن ئەفسـەری هـاتووچۆ ئەنجـام دەدرێـت تۆمـار دەکرێن دوای چاککردنەوەیان بە مەرجێك بەپێی مەرجەکانی ئەم بەیانە هاوردەکرا بن.

### مەرجەکانی هاوردەکردنی ئۆتۆمبیلی بەکارهاتوو

**ماددەی (٦) :** ئۆتۆمبێلی بەکارهاتوو دەبێت ئەم کەم کوڕیانەی خوارەوەی نەبێت :

١- ژێرئاو کەوتوو و سووتاو و بڕاوە نەبێت.

٢-شانسی بڕاوە یا لەحیم کراو یان خوار نەبێت .

٣-توکمەی دەرگا یان بانی براوە یان لەحیم نەبێت، یان لێدروا نەبێت بە شێوەیەك کە کاری کردبێت لە شاصی و خواری کردبێت یان ئێرباگی تەقاندبێت.

٤-هەر دوو ئێرباگی شوفێر و تەنیشت شوفێر نەتەقی بێت واتە لە سیستەمی کۆمپانیای دروستکەر کار بکات و تووشی تەقین نەبووبێت و چاککرا بێتەوە.

٥- ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە لە ٢٠٢٠/١/١ داخل کراون و ئێرباگیان تەقیوە بەڵام چاك کراوەتەوە داخل دەکرێن و تۆمار دەکرێن تا ٢٠٢٠/١٢/٣١ و دوای ئەم بەرواره بڕگەی (٤)ی سەرەوە جێبەجێ دەکرێت.

**ماددەی (٧) :**

ئەو ئۆتـۆمبێلانەی کە لە ڕاپـۆرتی (CAR FAX) یـان هەر ڕاپـۆرتێکی تـری هاوشـێوە دەسـتەواژەی (MinorDamage) یان تێدا هاتووە یان (salvage سالفیج) داخل دەکرێن بە مەرجێك دەبێت هیچ کام لەو کەم و کوریانەی ماددەی شەشەمی سەرەوەیانی نەبێت.

**ماددەی (٨) :**

١- ئەو ئۆتـۆمبیلانەی کە هـاوردە دەکـرێن لە وڵاتـانی (ویـلایەتە یەکگرتووەکـانی ئەمریکـا، کەنەدا، مەکسیك) دەبێت راپۆرتی (کار فاکس)یان بۆ بکرێت.

٢- ئەو ئۆتۆمبیلانەی کە لەو وڵاتانەی کە سیستەمی (کار فاکس) پەیڕەو ناکرێت، داوای ڕاپۆرتی ئەو وڵاتە بکرێت کە کاری پێدەکرێت و دواتر لە دەروازە سنوورییەکان پشکنینی کواڵیتی بۆ بکرێت.

٣-بروانامەی COC بۆ ئۆتۆمبێلی بەکارهاتوو دەبێت لەو وڵاتەی کە لێی هاوردە کراوە بۆ هەرێم بۆی بکرێت نەك لە خالە سنورییەکان.

٤- راپۆرتی (CAR FAX) یان هەر راپـۆرتێکی تـر تـایبەت بە ئۆتـۆمبیلی بەکارهـاتوو وەك رێبەرێـك (دلیـل) بەکـار دێـت لە لایەن کۆمپانیاکـانی پشـکنینی کـوالێتی بـۆ پێـدانی بروانـامەی (COC) ، و ئەگەر لە نێـوان ئەو راپۆرتـانە و راپــورتی (COC) ئۆتۆمبیــل جیــاوازی هەبێــت ئەوا پشــت بە بڕوانـامەی (COC) دەبەسـترێت، و دەبێـت راپـورتی کارفـاکس یـان هاوشـێوەکانی هـاوپێچی بەڵگەنامەکانی ئۆتۆمبێلی هاوردەکراو بکرێت.

٥- ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە بۆ کاری پۆلیس و تاکسی و کۆمپانیاکان بەکارهـاتووە رێگایـان پـێ دەدرێـت هاوردە بکرێن بەو مەرجانەی کە لەم رێنماییە دیاری کراوە.

٦- ئۆتۆمبێلی کلاسیك ، زراعی ، انشائیە پێویسـت نـیە لەو وڵاتەی کـە لێـی هـاوردەکراوە بروانـامەی (COC) بۆ بکرێـت، تەنهـا لە دەروازە سـنورییەکان پشـکنین بـۆ دەکرێـت و بروانـامەی (COC) لە لایەن کۆمپانیاکانی کوالێتی لە دەروازەی سنووری پێ دەدرێت .

**ماددەی (٩) :**

١- بەڕێوەبەرایەتییەکـانی هـاتووچۆی پارێزگاکـان پابەنـدن بە تۆمـارکردنی سـەرجەم ئۆتـۆمبیلە هاوردەکراوەکان بەپێی ئەم رێنماییە.

٢- لیـژنە هونەرییەکـانی کە بە فەرمـانی وەزارەتـی نـاوخۆ ژمـارە (١٣٥٩٥) لە ٢٠١٩/٨/٨ پێـك هێنـراون پشـکنینی ئەو ئۆتـۆمبیلانەی کە لە ئەم بەیـانە هـاتووە دەکەن ودەبێـت هەر (٣) مانـگ جارێـك لیژنەکان بگوردرێن.

## ئەحکامە داراییەکان

**ماددەی (١٠) :**

بری (٢٥.٠٠٠) بیست و پێنج هەزار وەردەگیرێت لە کاتی پشکنینی ئۆتۆمبێـل لە بەرێوەبەرایەتیەکـانی هاتووچۆ بە مەبەستی دڵنیابوون لە جێبەجێ کردنی ماددەکانی ئەم رێنماییە و دەخرێتە سەر حسابی پەرەپێدانی هاتووچۆی پارێزگاکان.

**ماددەی (١١) :**

**یەکەم:** ئەگەر کۆمپانیاکانی پشکنینی کواڵێتی پابەند نەبن بەم رێنماییە سـزای پێبـژاردن دەدرێـت بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- بۆ جاری یەکەم بڕی (٥.٠٠٠.٠٠٠) تەنها پێنج ملیۆن دینار بۆ هەر ئۆتۆمبیلێك.

٢-بۆ جاری دووەم بڕی (١٠.٠٠٠.٠٠٠) تەنها دە ملیۆن دینار بۆ هەر ئۆتۆمبیلێك.

٣- بۆ جاری سێیەم بڕی (٣٠.٠٠٠.٠٠٠) تەنها سی ملیۆن دینار بۆ هەر ئۆتۆمبیلێك.

٤-هەر جارێکی دیکە کە دووبارە ببێتەوە (٢٠.٠٠٠.٠٠٠) تەنها بیست ملیۆن دیناری دیکە دەخـرێتە سـەر دوای سزای پێشووتری کە دراوە بۆ هەر ئۆتۆمبیلێك.

٥- ئەو بڕە پارانە دەخرێتە سەر حسـابی وەزارەتـی دارایـی و ئـابووری و بەپێـی پسـوولەی ژمێرکـاری (٣٧/أ) وەردەگیرێت وەك داهاتی کۆتایی سەر گەنجینەی هەرێم تۆمار دەکرێت.

**دووەم:**

١- ئەگەر کۆمپانیاکانی هاوردەکردنی ئۆتۆمبیل بەپێچەوانەی ڕێنماییەکانی ئۆتۆمبێل هاوردە بکەن و بهێننە ناو هەرێمی کوردستان ئەوا پێبژاردنیان پێ دەکرێت بە بڕی (١٠.٠٠٠.٠٠٠) دە ملیۆن دینار بۆ هەر ئۆتۆمبێلێك.

٢- ئەو بڕە پێبژاردانەی بڕگەی (١)ی سەرەوە دەخرێنە سەر حسابی پەرەپێدانی هاتووچۆی پارێزگاکان.

**سێیەم:**

ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە بەپێچەوانەی مەرجەکانی ئەم ڕێنماییە هاوردەکراون لە لایەن بەڕێوەبەرایەتیەکانی هاتووچۆ لە هەرێم دەستی بەسەردا دەگیرێت و دەگەڕێندرێتەوە بۆ ئەو دەروازەی کە لێی هاوردەکراوە لەسەر ئەرکی کۆمپانیا یان لایەنی هاوردەکەر.

**ماددەی (١٢) :**

هەر ئەفسەرێك یان کارمەندێکی هاتووچۆ یان پۆلیس یان فەرمانبەری شارستانی کە تایبەتمەندن بە پشکنین و تۆمارکردنی ئۆتۆمبێل کەمتەرخەمی بنوێنێت یان چاوپووشی بکات لە جێبەجێ کردنی بڕگەکانی ئەم ڕێنماییە ئەوا بەپێی یاسای سزادانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠٠٨ و یاسای بەرزەفتی فەرمانبەرانی دەوڵەت ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١ و یاسا بەرکارەکان لە هەرێم لە لایەن وەزارەتی تایبەتمەندەوە ڕێکاری یاسایی بەرامبەر دەگیرێتەبەر.

## ئەحکامە کوتاییەکان

**ماددەی (١٣) :**

١- ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی دەرچوونی جێبەجێ دەکرێت و ئەو ئۆتۆمبێلانە دەگرێتەوە کە لە دوای ٢٠٢٠/١/١ هاوردەی ناو هەرێم کراون لە ڕێگای دەروازە سنورییەکانی هەرێمی کوردستان

٢- کار بە هیچ ڕێنمایی و بەیانێك و نوسراوێك ناکرێت دوای دەرچوونی ئەم ڕێنماییە.

**ڕێبەر احمد**
**وەزیری ناوخۆ**